# رابوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە ١٤ - ١٩٩٥

تێرۆریزمی نەتەوەی نەخۆش

چارەنووسی کوردەکان

تارمایی سێبەر

ڕۆڵی کۆلۆنیالیکردنی کولتوور لە
دواهێشتنی ئینسانیی نەتەوەیی کوردیدا

شەرمەزارییەکی مەزن بوو بۆ سەرجەمی
مرۆڤایەتی

تورکیا بە تەمای چییە؟

«هەونەیاری» یاخود گەمەی ڕەنگ و
پانتایی

چۆن کوردستان ئاوەدان دەکرێ...

هەواڵنامەی کتێب

# رابـــوون

گۆڤارێکی کولتووریی گشتییە - ژمارە ١٤ - ١٩٩٥

سەرنووسەر: رەفیق سابیر

دەستەی نووسەران

کەمال میراودەلی

هاشم کۆچانی

کاروان عەبدوڵڵا

بەرپرسیاری هونەری: دیلان دەرسیم

ناونیشان:-

RaBûN
Box 25161
750 25 Uppsala
Sweden

ژمارەی پۆستگیرۆ: 9211995-7

ISSN 1102-4372

دەروازە

.... شتێک کە لەکۆنەوە لەکورد زانراوە ئەوەیە زۆر ئامادەن هاوکاری بێگانەی دوژمنی خۆیان، دژی یەکتری بکەن. ئێستاش کورد کەوتوونەتە هەمان تەڵەوە. بەبێ هاوکاری لایەنێکی کوردی تورکیا ئەم هێرشەی نەدەکرد. من کورد بوومایە زۆر لەوە دەترسام سەرۆکەکانم هەردەم بچن بۆ تورکیاو گفتوگۆو تەنسیق بکەن و بەرامبەر بە پەرلەمان و هیچ دەزگایەکی گەل بەرپرسیار نەبن؟ بۆچی ئێوە هێندە باوەڕ بە سەرۆکەکانتان دەدەن؟! ئەگەر گیروگرفتی هاوکاری بێگانەو پێوەندی دەرەوەی لێدەرچێ ئەویتر ئاسانە بۆ چارەسەری کردن. گیروگرفتی سەرەکی داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیلە کە ئێستا تا ڕادەیێکی ئاشکراو بەرچاو داهاتێکی زۆرە. ڕۆژی زیاتر لە 1200 لۆری دەرواو ئابلووقەی ئابووری دەشکێنن و نەوتی عێراق دەبەن. لە هەر لۆرییەک نزیکەی 60 دۆلار وەردەگیرێت. ئەمە مانگی چەند ملیۆنێ دۆلار دەکات. ئەم پارەیە بە هەموو حیساب و یاسایەک مڵکی حکوومەتی کوردستانەو هیچ کام لە حیزبەکان نە پارتی نە یەکێتی هەقیان نییە دەستی بەسەردا بگرن... هەروەها من بە هەردوو حیزبەکەم ڕاگەیاند کە ڕاست نییە مەکتەبی حیزبیان لە ئەنقەرە هەبێ و بەبێ حیساب لەگەڵ کردنی پەرلەمان و بەرپرسیاربوون بەرامبەر پەرلەمان لەگەڵ تورکیا گفتوگۆ بکەن. تورکیا بەلایەوە خراپ نییە حیزبەکان، لە سەر حیسابی پەرلەمان و دەزگا دەستوورییەکانی کورد و ئیدارەی کوردی، بەهێز بکات. ئەو لەو دەزگا دەستوورییانە دەترسێ کە کیانی کورد پێک دێنن.

**لۆرە شیریک ئەیقبیری**

**سەرۆکی گرووپی پەرلەمانی بۆ مافی مرۆڤ . لە پەرلەمانی بەریتانیا**

**[ لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی هەنگاو- ژمارە- 15ی ئەپریلی 1995**

# بابەتەکان


**رفیق سابیر**

☐ تیرۆریزمی نەتەوەی نەخۆش ........ ٥

**گراهام ئی فوللەر . هێمن کردوویە بە کوردی**

☐ چارەنووسی کوردەکان ........ ٢٠

**هاشم کۆچانی**

☐ تارمایی سیڤەر ! ........ ٣٧

**مەتا فایەق قەرەداغی**

☐ رۆڵی کۆلۆنیالیکردنی کولتوور لە دواخستنی ڕینسانسی نەتەوەیی کوردییدا ٤٣

**ستێن یاکۆبسۆن . ئاسۆس عیزەدین کردوویە بە کوردی**

☐ شەرمەزارییەکی مەزن بوو بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی ........ ٥٣

**گۆران قەرەداغی**

☐ وەرگێران ! یان ئەتککردن؟ ........ ٥٧

**کاروان عەبدوڵلا**

☐ گوێ لە پیاوی گەورە دەگرن ........ ٧٤

**مەهاباد کوردی**

☐ تورکیا بە تەمای چییە؟ ........ ٧٩

**هاجی مەمۆ**

☐ خەوشەکانی خەباتی چەکداریی ........ ٨٣

**کاکی خۆم**

☐ چۆن کوردستان ئاوەدان دەکرێتەوە؟ ........ ٨٨

**دانا رەئووف**

☐ «خەونەیاری» یاخود گەمەی ڕەنگ و پانتایی ........ ٩٤

**پیتر ماتسۆن . فایق عەبدولکەریم کردوویە بە کوردی**

☐ ژن لە رۆژئاوای ئەفریقا هێشتا هەر سەردارە ........ ٩٨

☐ پانۆراما ........ ١٠١

سەرەتایێک بۆ خوێندنەوەی تیرۆریزمی تورک

# تیرۆریزمی نەتەوەی نەخۆش

ڕەفیق سابیر

-بۆ ڕێزلێنان لە ئیسماعیل بێشکچی-



تورکەکان، کە لە ناوچەی ئاسیای بچووکەوە هاتن، لە کۆتایی سەدەی سیانزیەمدا دەولەتێکی بچووکیان لە ڕۆژئاوای ئەنادۆل دامەزراند، کە دوای مردنی دامەزرێنەری دەولەتەکە -عوسمانی یەکەم- بە ناوی دەولەتی عوسمانی ناسرا. تورک، کە خەلکێکی شەڕفرۆش و دەستوەشێن بوون، هەر زوو بەهۆی گردبوونەوەی چری دەسەلات و نەریتی شەڕکەرانەیان دەستیان بەسەر بەشێکی فراوانی ئیمپراتۆریی بیزێنتیدا گرت و مەترسییێکی گەورەیان بۆ ئەورووپا دروست کرد. تورکە عوسمانییەکان توانییان لەساتێکی غەفلەتی مێژوودا و بە زەبری شمشێر دەست بەسەر ئیمپراتۆری و خەلافەتی ئیسلامیدا بگرن. ئەوان، کە تەنانەت لە زمانی قورئان و لە فەرموودەکانی پێغەمبەر نەدەگەیشتن، خۆیان کردە هەلگری پەیامی ئیسلام و پارێزەری ئایینی ئیسلام. دواتریش بەناوی ئیسلام و بەسوود وەرگرتن لە توانای ئیمپراتۆریی ئیسلامی درێژەیان بە پیشەو هۆبی (Hobby- هوایە) ی کوشتن و تالان و وێرانکردن دا. بەم

جۆرە تورکە عوسمانییەکان تا ساڵی 1683 گەیشتنە لوتکەی پەلهاویشتن و، توانییان یۆنان و بولگارستان و سێربیاو ڕۆمانیاو مەجەرستان داگیربکەن و تا دەروازەی شاری ڤیەنا بڕۆن(1). هەروا زۆربەی وڵاتانی عەرەب و ئەرمەنستان و بەشێکی فراوانی گورجستان و کوردستانیان خستە ژێردەستی خۆیان و، چەندان نەتەوەی خاوەن شارستانیی و کولتووری گەشەداریان کۆیلەکرد.

بەڵام تورک وەک نەتەوەیێکی دواکەوتووی دوور لە شارستانی نەیتوانی، دوای زیاتر لە 500 ساڵ، هیچ کام لە نەتەوە ژێردەستەکانی خۆی بتوێنێتەوەو بیانکات بەتورک. زمانی تورکی هیچ شاکارێکی ئەوتۆی ئەدەبی و کولتووری پێ نەنووسرابوو تا بتوانێت خۆی بەسەر ئەو نەتەوانەدا بسەپێنێت و پرۆسەی کۆلۆنیالکردنی کولتووری و تواندنەوەی نەتەوەیی لەو وڵاتانەدا ئەنجام بدات. هەروا تا سەدەی نۆزدەیەم، لە دەرباری سوڵتاندا، زمانی عەرەبی بۆکارو باری ڕەسمی و فارسی وەک زمانی شیعر خۆیان سەپاندبوو. لەوەیش سەیرتر تورک، وەک نەتەوەیێکی نامۆ بە شارستانی، نەیتوانی لە شارستانیی کولتووری گەلە ژێردەستەکانی خۆی (گریک، ئەرمەن، گورجی، عەرەب، بولگار، سێرب، ئاسووری، کورد.. تاد) سوودوەربگرێت و، بەهۆیانەوە، شارستانییێکی پێشکەوتوو بۆخۆی دابمەزرێنێت.

کاتێک نەتەوەیێکی دواکەوتووی دوور لە شارستانی نەتەوەیێکی پێشکەوتووی خاوەن شارستانی ژێردەست دەکات ئەوا نەتەوە دواکەوتووە داگیرکەرەکە، وەک مارکس دەڵێت، دەکەوێتە ژێر کارتێکردنی شارستانیی و کولتووری پێشکەوتووی نەتەوە ژێردەستەکەوە. کەچی تورک، وەک نەتەوەیێکی شەرکەرو نامۆ بە شارستانی، ڕەنگە کەمترین سوودی لە شارستانیی و کولتووری ئەو نەتەوانە وەرگرتبێت و، زیاتر سەرقاڵی زەبروزەنگ و تاڵان و ژنزەوتکردن بووبێت. لەوەیش زیاتر تا توانیویەتی شارستانی و ژیانی مادیی و ڕۆحیی ئەو گەلانەی وێرانکردووە.

کاتێک تورکەکان وڵاتێکیان داگیردەکرد، پێش هەموو شتێک، پەلاماری دەستەی خوێندەوارو ڕوناکبیرانی ئەو وڵاتەیان دەدا. قوتابخانەو ناوەندە ڕۆشنبیرییەکانیان دادەخستن، یان وێرانیان دەکردن. سەردەمی کۆیلایەتی تورک (وەک زۆربەی ئەو نەتەوانە خۆیان ناوی دەبەن) تاریکترین و نەزۆکترین سەردەمە لە ژیانی کۆمەڵایەتی وکولتووری ئەو نەتەوانەدا.

بەڵام ئەمە تاکە نیشانەو سیمپتۆم (Symptom- اعراض) ی نەخۆشی تورک و بە شارستانی

نامۆبوونی تورک نییە.

وڵاتە کۆلۆنیالییە کلاسیکییەکان لەگەڵ ئەوەی وڵاتانی کۆلۆنیالکراویان تاڵان کردووەو دەسەڵاتێکی سیایی نامۆیان بەسەردا سەپاندوون، بەڵام دوای خۆیان هەندێ دیاردەی شارستانی و کولتوورییان بۆ وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکان بەجێ هێشتوون. بۆ نموونە زۆربەی ئەو وڵاتانەی ژێردەستی کۆلۆنیالیزمی فەرەنسایی و بەریتانی بوون لەمانەوە سیستمی خوێندن و یاساو تەندروستی و هاتوچۆو زانکۆو دەیان دەزگای ئابووری و بەڕێوەبردنیان بۆ بەجێماو، دوای ڕزگاربوونیان، ئەم سیستم و دەزگایانە، بەکەمێک دەستکاری و ریفۆرمەوە، بوونە بەشێک لە سیستمی دەوڵەتی نەتەوەیی ئەو وڵاتانە. هەروا ڕوناکبیرانی ئەم نەتەوە ژێردەستانە، لەڕێگەی زمان و چاپەمەنییەکانی داگیرکەرانیانەوە بە گەلێک لایەنی شارستانیی و سیاسیی و فەلسەفیی و ئەدەبیی و هونەریی نەتەوە داگیرکەرەکانیان ئاشنا بوون و کولتووری خۆیان پێدەوڵەمەند کرد.

کەچی تورک دوای نزیکەی 500 ساڵ داگیرکردن دوای خۆی، لام وایە، تەنیا دوو- سێ دیاردەی «شارستانی» بۆ زۆربەی گەلە ژێردەستەکانی خۆی جێهێشت: قاوەی تورکی Trkish Coffe کە شێوەێکی قاوەلێنانەو تورک لە عەرەبەوە فێری بوون و بۆ ئەورووپایان برد، دۆڵمە، کە نازانم بە ئەسڵ تورکییە یان ئەویش خواستراوە، لەگەڵ تیرۆری تورک Turkish Terror کە ئەمەیان دێرینترین «شارستانی» تورکە.

تا ئیمڕۆش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا، کە ناوی تورک دەبیستێ، باوەڕناکەم لەم یادگار «شارستانییەی» تورک بەولاوە شتێکی تریان بە بیردا بێت.

## 2

یەکەمین شەڕی جیهان لە سەرێکەوە ئیمپراتۆریی تورکی عوسمانی نەهێشت و زۆربەی نەتەوە ژێردەستەکانی تورک ئازادکران، لە سەرێکی دیکەشەوە سەروەریی و کەرامەتی نەتەوەیی تورکی خستە نێو زەلکاوەوە. وڵاتانی هاوپەیمان، کە لەشەڕەکەدا سەرکەوتن، بەبەر چاوی تورکیای دۆڕاوەوە تەواوی ئیمپراتۆریی عوسمانییان لەنێو خۆیاندا دابەشکردو تەنانەت، لە پەیماننامەی سیڤەردا، ئەو بەشەی باکووری کوردستانیشیان بۆ تورک نەهێشتەوە کە ئەمڕۆ دەستی بەسەردا گرتووە.

بەڵام لەناوچوونی ئیمپراتۆریی عوسمانی و تێکشکانی عەسکەریی و سیاسیی تورک نەیانتوانی گیانی مەزنخوازی و ڕەوتی کۆلۆنیالی تورک بنەبڕبکەن، هەروەک نەیانتوانی هەمان ڕەوت و گیان لەلای ئەڵمانیای هاوپەیمانی تورکیاو دۆڕاو لە هەمان شەڕدا لەناوببەن. ئەنجام:

لە تورکیادا بزاڤی نەتەوەیی پان تۆرانیزم، کە بەرهەمی کولتووری نێگەتیڤی تورک و سایکۆلۆژیای نەتەوەیی نەخۆشی تورک بوو و ماوەیێک پێش شەڕی جیهانی دەرکەوتبوو، تەشەنەی کردو بە دڕندانەترین شێوە خۆی دەرخست. ئەم بزاڤە کەمال ئەتاتورکی هێنایە بەرهەم؛ کە لەساڵی 1920 بەدواوە بوو بە سەرکردەی پان تۆرانیستەکان و، دواتر بزاڤەکەش بە کەمالیزم ناسرا. کەچی کولتووری نێگەتیڤی ئەڵمان و مێژووی کۆلۆنیالیزمی ئەڵمان نازیزم (ناسیۆناڵ- سۆسیالیزم)و، هیتلەری هێنایە بەرهەم؛ کە لە ساڵی 1921دا، دوو ساڵ دوای دامەزراندنی پارتی ناسیۆناڵ سۆسیالیستی کرێکاری ئەڵمانیاNSDAP ، بوو بە ڕابەری(2).

ئەم بەراوردە، ئەگەر بەجۆرێکی ئەبستراکت (مجرد)و دابڕاو لە بارودۆخی مێژوویی و نەتەوەیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیی خۆی تەماشا بکرێت، ڕەنگە بەراوردێکی سەیربێت. بۆیە دەبێت هەردوو دیاردەکە (پان تۆرانیزم- کەمالیزم و نازیزم) لە چوارچێوەی نەتەوەیی و مێژوویی وجوگرافی و دەرەتانی ئابووریی هەرکام لەو وڵاتانەدا سەرنج بدرێن.

پان تۆرانیزم، لە وڵاتێکی وێران و لەناو نەتەوەیێکی دواکەوتوودا سەری هەڵدا بە مەبەستی بەتورککردنی ئیمپراتۆریی عوسمانی و تواندنەوەی ئەو نەتەوانەی کە تا سەرەتای ئەم سەدەیە لە ژێردەستی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا مابوونەوە. بەر لە یەکەمین شەڕی جیهان و، لە کاتی شەڕی بەلکاندا -1912 1931، تورکیا گەلێک لە وڵاتە کۆلۆنیالکراوەکانی خۆی، تەواوی وڵاتانی ئەوروپاو بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی، لەدەست دابوون. لە کاتی یەکەمین شەڕی جیهانیدا بەتایبەتی دوای تێشکانی تورکیا لەو شەڕەدا پان تۆرانیزم، وەک کاردانەوەیێکی ئەو تێشکان و سەرشۆڕی و سوکایەتییە نەتەوەییەی کە تورک بۆ یەکەمین جار لەمێژووی بەلای کەمی 500 ساڵی دوایی خۆیدا بەخۆیەوە دیبوو، ڕەوتێکی توندترو ڕەگەزپەرستانەترو تیرۆریستانەتری بەخۆگرت. بەڵام وزەی ئابووریی و مرۆیی تورک و گیانی تۆڵەستاندنەوەو توانای کاردانەوەی تورک هەر هێندە بڕی کرد کە پان تۆرانیزم لە سنووری تورکیادا خۆی بسەپێنێت و نەتوانێ، وەک نازیزم، سنووری جوگرافیی خۆی ببەزێنێت. چونکە تورک وەک ئەڵمان نەبوو کە لەئاستێکی بەرزی ئابووری و پێشکەوتنی نەتەوەیی وسەربازیدا بێت و بە شان و شەوکەتی نەتەوەیی خۆی

توانیبێتی ئیمپراتۆریێکی مەزن دابمەزرێنێت. تورک لەرێگەی زەوتکردنی خەلافەتی ئیسلامی و بە سوودوەرگرتن لە وزەو توانای ئابووریی و مرۆیی و عەسکەریی نەتەوە غەیرەتورکەکانی نێو ئیمپراتۆریی عوسمانی توانی ببێتە زلهێزێکی جیهانی و پەل بۆ ولاتانی ناوچەکەو رۆژهەلاتی ئەوروپا بهاوێت. بەلام دوای یەکەمین شەڕی جیهانی، کاتێک نەتەوە غەیرەتورکەکانی نێو ئیمپراتۆریی عوسمانی (جگە لە بەشێکی کوردو ئەرمەن) لە تورک دابڕان، تورک خۆی و شمشێرەکەی و توانا ئابوورییەکەی مانەوە. بۆیە کاردانەوەی تۆلەستێنەرانەی تورک و کەمالیزم لە سنووری تورکیادا مایەوە. کەچی ئاگری نازیزم و فاشیزمی ئەلمانی، نزیکەی تەواوی ئەورووپاو بەشێک لە ئاسیاو ئەفریقاشی گرتەوە.

تورکە لاوەکان، یان دەستەی (اتحادو ترقی) کە هەلگری ئایدیۆلۆژیای پان تۆرانیزم بوون، لە سالی 1908 دا دەسەلاتیان گرتەدەست. ئەوان، کە دەیانەویست ئیمپراتۆریی عوسمانی بکەنە ئیمپراتۆریێکی نەتەوەیی- تورکی، نەک ئیسلامی، بەتوندی کەوتنە کۆشش کردن تا:

یەکەم- هەموو گەلە تورک زمانەکان (ئازەر، تورکمانەکانی روسیاو چین و بولگارستان) لە چوارچێوەی دەولەتێکی نەتەوەیی تورکیدا کۆبکەنەوە.

دووەم- نەتەوەکانی نێو ئیمپراتۆری یان بە تورک بکەن، یان لەناویان بەرن. ئەمەیش وەک دوکتۆر بلەچ شێرکۆ دەلێت بنچینەی ئایینی نیشتمانیی تورک پێکدێنێت(3).

پان تۆرانیزم، کە دواتر بە کەمالیزم ناسرا، لەبەر هەندێک هۆکار،کە بەشێکیان لەسەرەوە باسکران، نەیتوانی وەک نازیزم پەل بهاوێ، بەلام هەردوو ئایدیۆلۆژیاو بزاڤەکە -کەمالیزم و نازیزم- لە سنووری جوگرافی دەسەلاتیاندا سامناکترین کارەساتیان نایەوەو، هەردووکیان زۆرترین تاوانیان بەرامبەری مرۆڤایەتی کرد.

تۆرانیستەکان بەر لە یەکەمین شەڕی جیهان زیاتر لە ملیۆنێک کوردیان لەکوردستانەوە بۆ ناوچە تورکنشینەکان ڕاگواست و، تا سالی 1938 لە سنووری جوگرافی دەسەلاتی خۆیاندا، نزیکەی ملیۆن و نیوێک کوردی یاکووریان کوشت(4). هەروا زیاتر لە ملیۆن و نیوێک ئەرمەنیان لەناوبردو نەوەندەشیان ئاوارەکرد. دەولەتی کەمالیستی تورک لە سالی 1922دا سەدان هەزار گریک (یۆنانی) و دەیان هەزار چەرکەس و ئاسووریی لە تورکیادا کوشت. لە ئەنجامی ئەم شەڕی ژێنۆ سایدە تورک وەک تاکە نەتەوەی دەسەلاتدارو دان پێدانراوی ناو تورکیا سەپێندرا. لە سالی 1924را هەموو قوتابخانەو کۆمەلەو رێکخراوو چاپەمەنییە کوردییەکان

قەدەغەکران. ناوی کورد، تەنانەت لە کتێبە مێژووییی و فەرهەنگەکانیشدا، بەیەکجاری سڕێندرایەوەو بۆ سوکایەتی پێکردن نازناوی «تورکی کێوی» بەسەر کورد دابڕا. ئامانجیش ئەوەبوو، وەک میکائێل م. گونتێر دەڵێت، کە [کوردی تورکیا نەک تەنیا لە رووی سیاسییەوە بکەنە تورک (وەک بە یاسا کردبوویان) بەڵکو لەرووی کولتووری و کۆمەلایەتیشەوە، لە رێگەی ئەسیمیلەکردنەوە، بیکەن بە تورک ](5). وەزیری داد (عەدل)ی تورکی Esat Buzkurt لە رۆژی 19-9-1939 دا «*»لە دیدارێکی رۆژنامەنووسیدا گوتی: [تورک تاکە گەورەی وڵاتی خۆیەتی. ئەوەی کە لە نەژادی خاوێنی تورک نەبێت، دەبێت خزمەتکارو کۆیلەبێت](6).

کەچی نازیزم، کەرەگەزی ئاری و بەتایبەتی رەگەزی ئەڵمانی بەبەرزترین رەگەز دادەنا، قینی رەگەزپەرستانەی خۆی ئاراستەی رەگەزی سامی و بەتایبەتی ئاراستەی جولەکە کرد. نازیستەکان بەپێی دابەشکردنێکی بیۆلۆژی- رەگەزی، کە لە حیکایەتێکی بیبێل (ئینجیل) سەبارەت بە سێ کورەکانی نۆواس: سام، حام و جافێت سەرچاوە دەگرێت، جولەکەکانیان وەک ئەوەی سام بە نزمترین و دزێوترین رەگەز دادەنا. نازیستەکان، وەک هێزێکی ئەنتی- سامی، نزیکەی تەواوی بایەخدان وکۆششیان لە ناکۆکی نێوان رەگەزی ئاری و رەگەزی سامیدا کۆببۆوە(7). بۆیە ئەوان، دوای ئەوەی جولەکەیان لە ئەڵمانیادا نەهێشت، کەوتنە کوشتاری جولەکەکانی ئەو وڵاتانەی داگیریان دەکردو، لەماوەی پێنج- شەش ساڵدا زیاتر لە شەش ملیۆن جوولەکەیان کوشت.

بە پێی بۆچوونی نازیستەکان، ئەڵمان سەرداری هەموو گەلانی دنیایە. بۆیە پێیان رەوابوو، کە لەرێگەی دەستدرێژی و شەڕەوە، گەلی سەردار (Herre Folket) بەسەر دنیادا بسەپێن. ئەوەبوو هەموو دنیایان بەرەو شەرێکی گەورە پەلکێش کرد کە بەهۆیەوە دەیان ملیۆن کەس لەناوچوون.

کەمالیزم، وەک نازیزم، بە رەوای دەزانی لە رێگەی هێزبەکارهێنان و تیرۆرەوە بگاتە ئامانجەکانی خۆی. تورکەکان بۆ سەپاندنی مەزنێتی و پیرۆزی رەگەزی تورک، لە روانگەیێکی رەگەزپەرستانەی تورکییەوە، کەوتنە خوێندنەوەو نووسینەوەی مێژوو. ئەوان لە ساڵانی سییەکاندا، لەژێر کارتێکردنی نازیزمی ئەڵمانی و بە مەبەستێکی رووتی ئایدیۆلۆژی، مێژوویێکی خورافی و ساختەیان بۆ خۆیان داتاشی و وەک هەقیقەتێک خستیانەروو.

کەمالیستەکان، وەک ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت، دوو تێزیان دارشت: تێزی تورک لە مێژوودا، تێزی زمان- هەتاو. بە پێی تێزی یەکەم «رەگەزی تورک ئەسڵ و سەرچاوەی هەموو

شارستانییەکانی دنیایە»و، بەپێی تێزی دووەمیش «زمانی تورکی دایکی هەموو زمانەکانە»(8).

بۆ ئەم مەبەستەش هەموو دەزگاکانی میدیا (ڕاگەیاندن)و زانکۆو دەزگا زانستییەکانی تورکیا خرانە کار تا بیسەلمێنن، کە هەموو زمانەکانی سامی و هیندۆ ئەورووپایی تەنیا لقێکن لە زمانی تورکی و، شارستانیی تەواوی مرۆڤایەتیش (چین، هیندوستان، ڕۆم، گریک، میسر، میسۆپۆتامیاو ئێران...) لە ئەسڵدا شارستانیی تورکن. هەروا وەک چۆن نازیستەکان، بۆ سوودوەرگرتن لە ئاین، (مەسیح)یان بە ئاری داناو ئادەمیان کردە ئەڵمان، کەمالیستەکان، بە هەمان مەبەست، ئاینی ئیسلامیان بە ئاینێکی تورکی لە قەڵەم داو، بەم مانایە پێغەمبەرو خولەفای ڕاشدین و قورئان هەموویان تورکی بوون(9).

هەردوو تێزی کەمالیستەکان، سەرەڕای مەبەستی ئایدیۆلۆژییان، کاردانەوەیێکی سایکۆلۆژیش بوون لەبەرامبەر هەست بە دواکەوتوویی شارستانی و کولتووری و، لە بەرامبەر تێشکانی تورک لە یەکەمین شەڕی جیهان و،ئەو ناوو ناتۆرانەی کە ئەورووپاییەکان بەسەر تورکیاندا بڕیبوو، کەبە پیاوە نەخۆشەکەی ئەورووپاو بەربەریست..تاد ناویان دەبردن. ئەم دوو تێزەی کەمالیستەکان، وەک بێشکچی دەڵێت پووت و بێ مانابوون و بەبێ دەوڵەتێکی بەهێز، نەدەکرا بەسەر لایەنە ڕۆشنبیری و زانستییەکانی تورکیادا بسەپێندرێن.

بەڵام کەمالیزم، کە وەک نازیزم تۆتالیتێری و فاشی بوو، بەزەبری هێزو دەسەلات ئەم تێزانەی سەپاند. هەروا بەو پێیەی خودی ئەتاتورک، کە وەک پێغەمبەر سەیردەکرا، داهێنەری ئەم تێزانە بوو، بۆیە وەک هەقیقەتێک وەردەگیران و تا ئەمڕۆش، مەگەر کەسێکی بوێرو ڕاستگۆی وەک بێشکچی، کەس بۆی نییە ئەم تێزانە بەدرۆبخاتەوە.

کەمالیزم لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا سەریهەڵدا بۆیە دەیەویست بەرزی ڕەگەزی تورک و سەرداری و مەزنی تورک، لە پێشدا، لە بەرامبەر ڕەگەزە نەتەوەییەکانی نێو سنووری دەسەلاتیدا بسەلمێنێت. ئەم ئامانجە ڕەگەزپەرستییەش دەبوو لە ڕێگەی زەبروزەنگ و لەناوبردن و تواندنەوەی ئەو نەتەوانەوە بێتە دی. بەڵام نازیزمی ئەڵمانی، کە لە وڵاتێکی یەکنەتەوەییدا دەرکەوت، ئەم گیروگرفتە نێوخۆییەی نەبوو، بەڵکو دەیەویست بەرزی ڕەگەزی ئەڵمان و ڕەگەزی ئاری و مەزنی نەتەوەی ئەڵمان بەسەر ڕەگەزی سامی و نەتەوەکانی فەرەنسایی، ئینگلیز، سلاڤی و دنیادا بسەپێنێت.

نازیزمی ئەڵمانی لەبەر ئەوەی سنووری ئەڵمانیای بەزاندو پەلاماری وڵاتانی ڕۆژئاواو سۆڤیەتی دا بە گەلەکۆمەکییەکی جیهانی لەناوبراو نەتەوەی ئەڵمان بە چەندان شێوە، لەوانە لەتکردنی ئەڵمانیا [ئەڵمانیای فیدراڵ، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بەرلینی ڕۆژئاوا] سزادرا.

بەڵام کەمالیزم دیاردەیەکی ناوچەیی بوو، لەوەیش زیاتر لە وڵاتێکی ئەورووپاییدا نەبوو (تەنیا بەشێکی شاری ئەستەمبووڵ، کە لەسەدا پێنجی خاکی تورکیا نابێت، دەکەوێتە ئەورووپاوە)و هەڕەشەی لە ئەورووپاو بەرژەوەندی زلهێزەکان نەدەکرد تا بە گەلەکۆمەکییەکی جیهانی لەناو ببرێت. بۆیە توانی بمێنێتەوەو تا ئەمڕۆش،لەسنووری جوگرافی خۆیدا، درێژە بە تاوانەکانی بدات و زۆرترین کۆمەکی سۆڤیەت و وڵاتانی سەرمایەداریش بۆخۆی دابین بکات.

دەوڵەتی سۆڤیەت پێیوابوو کە کێشەی ئەتاتورک لەگەڵ بەریتانیادا، کە لەسەر ویلایەتی موسڵ (باشووری کوردستان) بوو، کێشەیەکی دژی ئیمپریالیستییە بۆیە کۆمەکێکی زۆری ئابووریی و سیاسیی و عەسکەریی بە تورکیا کرد. تەنانەت نوێنەری حکومەتی ئەتاتورک لە کۆنگرەی یەکەمی گەلانی ڕۆژهەڵات، کە لە ئەیلولی 1920دا لە باکۆ بەسترا، بەشداری کرد(10). هەروا دەوڵەتی سۆڤیەت لە ساڵانی 1921- 1922دا دەیەویست دەست بەسەر بەشێکی ئەرمەنستاندا بگرێت و بیخاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت. بۆیە لە کوشتاری ئەرمەن و کوردو تاوانی تۆرانییەکان بەدەنگ نەهات و دژی ڕاپەڕینەکەی شێخ سەعیدی پیران ڕاوەستاو بە بزاڤێکی کۆنەپەرستانەی دانا(11).

وڵاتانی سەرمایەداریش، بەو مەبەستەی دەوڵەتی تورکیای کەمالی دەستەمۆ بکەن و وەک چەپەرێک لە ڕووی مەترسی سۆڤیەتدا ڕاییگرن، کەوتنە هاریکاری و کۆمەکی تورکیا. ئەوەبوو وڵاتانی هاوپەیمان، بۆ ڕازیکردنی تورکیا، پەیماننامەی سیڤەری ساڵی 1920 یان هەڵوەشاندەوەو، لە پەیماننامەی لۆزانی 1923دا چاویان لە مەسەلەی گەلی کوردستان پۆشی و چارەنووسی کوردیان بە تیرۆرو بەربەریزمی تورک سپارد؛ کە بەم کارەیان نەک هەر کۆمەکی گەورەیان بە تورکیا کرد، بەڵکو جڵەویشیان بۆ کەمالیستەکان شلکرد تا درێژە بە کوشتاری کوردو ئەرمەن بدەن و ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم، کە نکوڵی لە بوونی هەر ڕەگەزێکی دیکەی ناو تورکیا دەکات، بە زەبری تیرۆری دەوڵەت بسەپێنن.

ئەڵمانیای نازی تێکشکاو گەلی ئەڵمان و جیهان لە دۆزەخی نازیزم دەربازبوون. ئەمساڵ گەلانی جیهان بە شانازییەوە یادی پەنجا ساڵەی ئەم سەرکەوتنە دەکەنەوە. هەروا تاوانی

تازیستەکان بەرامبەر بە جولەکە وەک شەڕی جینۆ سایدو گەورەترین تاونی سەردەم ناودەبەن.
بەلام کەمالیزم، کە تا ئەمرۆ ئایین و ئایدیۆلۆژیای دەولەتی تورکە، هێشتا وەک پەلەیێکی شەرمەزاری بە ڕووی مرۆڤایەتییەوە ماوەتەوەو هێشتا لە باکووری کوردستاندا درێژە بە شەڕی جینۆ ساید دەدات.

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت ئەگەر بلێم پان کەمالیزم تا ئەمڕۆش بەشێکی فراوانی هۆشیاریی کۆمەلایەتیی هەر مرۆڤێکی تورکی داگیر کردووەو، کۆمەلی تورکی وەک کۆمەلێکی شێواوو نەخۆش و نامۆ بە دیموکراتی و شارستانی هێشتۆتەوە.

## 3

تیرۆریزمی تورک، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە دەیان ولاتی ئاسیاو ئەورووپاو ئەفریقادا تەراتێنی دەکردو بە پێی (عەدالەتی تورک) بەسەر هەموو نەتەوە ژێردەستەکانی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا دابەش دەکرا، دوای یەکەمین شەڕی جیهان سنوورەکەی بەتەواوی تەسک کرایەوەو تەنیا لە بەشێکی کوردستان و بەشێکی ئەرمەنستاندا کەلەکە بوو، ئەم دوو گەلە کەوتنە بەر لێشاوی تیرۆرێکی چڕو بەربلاو. لەوەیش زیاتر پان تۆرانیستەکان تیرۆری کلاسیکیی عوسمانییان پێشخست و دیاردەیێکی نوێیان لێ زیادکرد: حاشاکردن لە بوونی نەتەوەکانی ژێردەستیان و هەولدان بۆ تواندنەوەو بەتورک کردنیان بەزەبری تیرۆری دەولەت.

ئەو دڕندایەتییەی تورک بەرامبەر بە ئەرمەن و کورد نواندی شتێکی کەمونە بوو لە مێژوودا: کوشتن و سەربڕینی سەدان هەزار ژن و پیرو مندال.. بەزیندوویی سوتاندن و خنکاندن و زیندەبەچال کردنی سەدان هەزاری تر.. سکهەلدرینی دەیان هەزار ژنی دووگیان [بلەچ شێرکۆ باسدەکات کە جەندەرمەی تورک کاتێک ژنەکوردێکی سکپڕیان دەبینی، پێش ئەوەی سکی هەلبدڕن، گرەویان دەکرد کە ئاخۆ مندالی نێو سکی ژنەکە کورە یان کچ]!!

ئەم دڕندایەتییە دەگمەنەی تورک کۆمەلێک هۆکاری هەبوو کە من، سەرەڕای سروشتی ئایدیۆلۆژی کەمالیزم، کە هەندێ لایەنی باسکران، دوو هۆکاری تر بە سەرەکی دەزانم:

یەکەم– مێژووی کۆلۆنیالی تورک:

پرۆسەی کۆیلەکردنی گەلانی ترو داگیرکردنی ولاتانی تر، کە تەنیا بە تیرۆرو زەبرو زەنگ دەچنە سەر، کەسایەتیی وسایکۆلۆژیای نەتەوەیی گەلە داگیرکەرەکە دەشێوێنن و گیانی خۆبەزلزانین و شۆڤێنیستی لەلا دروستدەکەن وکولتوورێکی نێگەتیڤی بەسەردا دەسەپێنن، کە

دەشێ وردە وردە بیکەنە گەلێکی جەللاد. بە کورتی: پرۆسەی داگیرکردن و کۆلۆنیالکردن ئەگەر بەرهەمی نەتەوەیەکی نەخۆش نەبن، ئەوا نەتەوەی داگیرکەرو کۆلۆنیالیست دەکەنە نەتەوەیەکی نەخۆش و، کولتوورو سەرجەمی ژیانە ڕۆحییەکەی دەشێوێنن.

دووەم- تەنگبوونەوەی پانتایی (مەساحەی) تیرۆری کەڵەکەبووی تورک:

تیرۆری تورک بە درێژایی سەدان ساڵ بۆ ئەوە دەهێندرایە بەرهەم کە بەشی دەیان نەتەوەی ژێردەستی تورک بکات. ئەم تیرۆرە زۆرو زەبەندە، کەوەک هێزێکی مادی لێهاتبوو، لە پڕ ڕێگەی ئەوەی لێگیرا کە بۆ هەموو ئەو وڵاتانە بڕوات و هەر هەمووی، وەک کاڵایەکی بەبەرهەم هێندراو، لە بەشێکی کوردستان و بەشێکی ئەرمەنستادا کەڵەکە بوو. دەبوو ئەو هەموو کاڵا- تیرۆرە بەبەرهەم هێندراوە کەڵەکەبووە، لە ناو کوردو ئەرمەندا، سەرفکرێت. واتا دەبوو ئەم دوو گەلە بەرگەی تیرۆرێک بگرن کە سەدان ساڵ بوو بۆ دەیان نەتەوە دەهێنرایەوە بەرهەم. دەکرێ گورو تین و کاریگەرێتی ئەم تیرۆرە بە ڕووبارێک بچوێنین کە چەند پانتایی و ڕۆگەکەی تەنگتر ببێتەوە هێندە تەوژم و کاریگەری و هێزی ڕاماڵینی زیاترو بەهێزتر دەبێت.

بەم جۆرە تەنگبوونەوەی پانتایی جوگرافیی تیرۆری تورک و گردبوونەوەی لە کوردستان و ئەرمەنستاندا، بوونە هۆی ئەوەی کە توندی و کاریگەریی ئەم تیرۆرە دەقات زیاتر بن.

ئەوا حەفتا ساڵە دەوڵەتی تورک تیرۆرو درندایەتی خۆی لە بەرامبەر گەلی باکووری کوردستاندا خستۆتە کارو، لە بەرگ و فۆرمی جۆربەجۆردا بە بەرهەمیان دێنێتەوە. حەفتا ساڵە کەسایەتی و کەرامەتی ئینسانیی و نەتەوەیی مرۆڤی کورد لە تورکیادا تێک دەشکێندرێن. مرۆڤی کورد لە بەرامبەری تیرۆرو بەربەریزمی تورکدا نە خاوەنی وڵات و زمان و مێژوو و کولتوورو کەرامەت و کەسایەتیی نەتەوەیی خۆی و، نە خاوەنی ماڵ و سامان و زارۆکی خۆیەتی. بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەوڵەتی تیرۆریستی تورک، بەپێی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم، حاشا لە بوونی گەلی کورد دەکەن و بە هەموو شێوەیێک هەوڵی تواندنەوەو لەناوبردنی فیزیکیی و ڕۆحیی کورد دەدەن. تۆ بڵێی تاوانی تۆرانیستەکان بەرامبەر بە کوردو ئەرمەن نەگاتە ئاستی تاوانی نازیستەکان بەرامبەر بە جولەکە؟

## 4

نەتەوەی تورک لە پرۆسەی سەدان ساڵەی کۆیلەکردنی گەلانی تردا، بەتایبەتی لە پرۆسەی ئەم حەفتا ساڵەی داگیرکردنی باکووری کوردستاندا، ئازادی خۆی لەدەستداوە. ئەم پرۆسێسە

سایکۆلۆژیایێکی نەخۆشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دروستکردووەو کولتووری نێگەتیڤ و شەڕخوازانەی تورکی زیاترو زیاتر بەسەر کۆمەڵی تورکیادا سەپاندووە، کە دەرفەتی ئەوە نادەن تورکیای خۆ بەئەورووپایی زان ڕەوتی دیموکراتی و شارستانی بگرێت، هەرچەندە لە ساڵانی پەنجاوە لە تورکیادا زەمینەی بابەتیی سەرهەڵدانی پرۆسەی دیموکراتی ڕەخساوە.

تا ئێستا کۆمەڵی تورکیا، وەک کۆمەڵێکی نادیموکرات و شێواوو نەخۆش، کە بە زەبروزەنگ بەڕێوەدەچێت، دەرفەتی دروستبوونی ئەو هێزانەی نەداوە کە باوەڕ بە ئازادی و مافی نەتەوەکانی تری تورکیا بهێنن. «سەبارەت بە نکۆڵی کردن لە مافی کەمەنەتەوەییەکان پارتە چەپ و ڕاستەکانی تورکیا وەکو یەکن» (12).

ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم و سایکۆلۆژیای نەتەوەیی مەزنخوازانەی تورک بەڕادەیێک هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی گەلی تورکیان داگیرکردووە، کە لە بەرامبەر مەسەلەی گەلی کوردستاندا، هێزە چەپ و ڕاستەکان، لیبراڵ و فاشیستەکان، عیلمانی و ئاینییەکان هاوبیرو هاوسەنگەرن. هەموو ئەم جۆرە هێزانە، لەگەڵ جیاوازیی ئایدیۆلۆژیاو ڕێبازیاندا، پێیان وایە کە بەهەر نرخێک بێت دەبێت یەکپارچەیی خاکی تورکیا بپارێزرێت؛ واتا دەبێ گەلی کوردستان لە ناو تورکیاداو لە ژێردەستی تورکدا بمێنێتەوە. ڕەنگە جیاوازیی هەندێ لەو هێزانە لەگەڵ دەوڵەتی تورک لەوەدا بێت کە ئەوان لە شێوەو مێتۆدی لەناوبردن و بەتورککردنی کورد، نەک لە خودی لەناوبردن و بە تورککردنەکە، ڕازی نین و ڕەخنە لە دەوڵەت دەگرن.

باوەڕناکەم ئەم دیاردەیە، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی تورکیادا، شتێکی سەیر بێت. چونکە کۆمەڵی نەخۆشی تورک هێزە بەناو دیموکرات و مارکسی و سۆسیال دیموکراتەکانی خۆی وەک هێزی شێواوو نەخۆش هێناونەتە بەرهەم. پێدەچێ سەرهەڵدانی دیاردەی ساغ لە کۆمەڵێکی نەخۆشدا کارێکی ئاسان نەبێت و پێویستی بە زەمەن و گۆڕانکاری هەبێت.

## 5

ئەمڕۆ تورکیا لە تەنگوچەڵەمە (قەیران)ێکی بەربڵاوی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی و سیاسیدا دەژیت. بەڕای من ئەم تەنگوچەڵەمەیە، لە ئەنجامی دوو ناکۆکیی بابەتی (ئۆبجێکتیڤ)ەوە سەریان هەڵداوە:

یەکەم– ناکۆکیی نێوان ستروکتووری ئابووری و پێداویستییەکانی بەرەوپێشچوونی پەیوەندیی

بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و نێوان سەرخانی ئایدیۆلۆژیی- سیاسیی تورکیا. لایەنی یەکەمیان (ستروکتووری ئابووری و..) دەخوازێت تورکیا زەمینەی زیاتری بۆ پێشکەوتنی سەرمایەداری و بازاڕی ئازاد، کە ئازادی سیاسی گەرەکە،و بۆ تێکەڵبوونی تەواوی ئابووری لەگەڵ ئەورووپادا تێدا پرەخسێندرێت. کەچی لایەنی دووەمیان (سەرخانی ئایدیۆلۆژی- سیاسی) دەیەوێت تورکیا لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاو کولتووری ڕەگەزپەرستی و تیرۆریستی کەمالیزمدا بهێڵێتەوە.

لە سالانی شەستەکان-هەشتاکاندا کاتێ ئەم ناکۆکییە بابەتییە تیژ دەبوو بەزەبری کودێتای عەسکەری و تیرۆری دەوڵەت خەفەدەکرا. هەر کاتێک پێداویستییەکانی بازاڕی ئازادو گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری سەرەتای پرۆسەی ئازادیی سیاسی و هەندێ ریفۆرمی دیموکراتانەیان دەخستەڕوو سەرخانی ئایدیۆلۆژی- سیاسیی تورکیا، یان بە واتایکی تر هێزە دەسەلاتدارە کەمالیستەکان، ئەم پرۆسەیان پەلامار دەداو بە زەبری کودێتای عەسکەری و تیرۆر تێکیان دەشکاند. مارتێن ڤان برۆا نیسن پێیوایە کە «کودەتا نیزامییەکانی سالانی 1960، 1971، 1980هەوڵی زیندووکردنەوەی بۆچوونی خالیسی کەمالیستی بوون و بەروبوویان هەوڵ و کۆششی تازەبوو بۆ بە زۆرەملی تواندنەوەی کوردەکان» (13). چونکە پرۆسەی ئازادی و ریفۆرمە دیموکراتەکان تیرۆری کەمالیستەکانی لە سەر کۆمەڵی تورک و بەتایبەتی لەسەر گەلی باکووری کوردستان کەم دەکردەوە. لەو سەردەمانەدا چالاکیی جۆراوجۆری کولتووری و سیاسی لەباکووری کوردستاندا دەستیان پێدەکردو گەشەیان بەهەست و هۆشیاریی نەتەوەیی کورد دەداو، ئەفسانەی نەبوونی کورد، کە کۆڵەکەی تۆرانیزمە، دەردەکەوت.

بەلام ئیمڕۆ زەحمەتە تورکیا بتوانێت ئەم ناکۆکییە بابەتییە بە مێتۆدی جاران، واتا کودێتای عەسکەری، خەفەبکات. بەتایبەتی کە بارودۆخی ئەمڕۆی جیهان و باری سەختی ئابووری تورکیاو تێکەڵبوونی تورکیا لەگەڵ ئەورووپاو بەرەوپێشچوونی پەیوەندی ئابووریی سەرمایەداری لە تورکیادا، دەرفەتی ئەم جۆرە چارەسەرە عەسکەرییە نادەن.

دووەم- ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی تورکیاو نێوان گەلی باکووری کوردستان، کە بەرهەمی داگیرکردن و کۆلۆنیالکردنی باکووری کوردستانە.

دەوڵەتی تورک، لەڕێگەی ئەم ناکوکییەوە، دەیەوێت ناکۆکی یەکەم (واتا ناکۆکی نێو خودی کۆمەڵی تورک) داپۆشێت و نەتەوەی تورک، کە هێشتا بە ئەفیونی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم گێژبووە، بەڕادەیێک بە شەڕی گەلی کوردستان و مەترسی لەتبوونی تورکیاوە سەرقاڵ بکات کە

کێشەی خۆی لەگەڵ دەوڵەت بۆ دیموکراتی و ئازادی لەبیر بچێتەوە. ئەم شەڕەی دەوڵەتی تورکیا بەسەر گەلی باکووری کوردستاندا سەپاندوویەتی ڕەنگە دوا ڕێگەیێک بێت کە دەوڵەتی تورکیا دەیەوێت بەهۆیەوە ناکۆکی و تەنگوچەڵەمە ناوخۆییەکانی خۆی داپۆشێت.

بەڵام سەختی و ئاڵۆزی ناکۆکی دووەم و گەشەکردنی خەباتی گەلی باکووری کوردستان، بە رابەرایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان، تەنگوچەڵەمە ئابووریی و سیاسییەکانی تورکیایان ئاڵۆزترو قووڵترکردۆتەوەو سەرخانی ئایدیۆلۆژیی- سیاسیی تورکیایان بە تەواوی لەرزاندۆتەوە.

ئێستا کەمالیزم، کە ئایین و ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتی تورک و کۆڵەکەی تیرۆریزمی تورکە، وەک هەر دیاردەیێکی نەخۆش توشی بنبەست هاتووەو بەرەو نەمان دەچێت. گەلی تورک ئەگەرچی دەیان ساڵە خۆیشی بە ئاگری ئەم ئایدیۆلۆژیا تیرۆریستییەوە دەسوتێت، بەڵام پێدەچێت بەرادەیێک بەم ئایدیۆلۆژیایە گێژکرابێت کە نەتوانێت لە کاتی ئێستادا، بەتایبەتی کە کێشەی گەلی کوردستان بە توندی خۆی سەپاندووە، بەبێ ئەو ئایدیۆلۆژیاو کولتوورە هەڵبکات. بۆیە، لە کاتی ئێستادا، ئاسان نییە تورک بتوانێت بەدەستی خۆی زنجیری کەمالیزم لەگەردنی خۆی داماڵێت.

پێدەچێ، ئەمڕۆ، مەسەلەی بەزاندن و هەرەس پێهێنانی ئەم ئایدیۆلۆژیایە، کە گەورەترین دوژمنی گەلی کوردو کۆسپی سەرڕێی گەشەکردنی دیموکراتییە لە تورکیا، ڕوو بەڕووی گەلی باکووری کوردستان و هەندێ خەڵکی دیموکراتخوازی تورک بوو‌بێتەوە.

ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم، دوای حەفتا ساڵ نکۆڵی کردن لەبوونی کورد، ئێستا لەژێر زەبری خەباتی گەلی باکووری کوردستاندا هەوەڵین درزی تێکەوتووە. دەوڵەتی کەمالیستی تورک ناچارکراوە لە یەکێک لە ئایەتە پیرۆزەکانی کەمالیزم، کە حاشاکردنە لەبوونی کورد، دەستهەڵگرێت. ئەمەش سەرەتای تێشکان و هەرەسی کەمالیزمە. ڕەنگە ئەو تیرۆرە بەربڵاوەی ئێستا دەوڵەتی تورک لە کوردستاندا بەڕێوەی دەبات دوا پەلەقاژەی سەرەمەرگی ئەم ئایدیۆلۆژیایە بێت.

گەلی باکووری کوردستان دوای حەفتا ساڵ ستەم و تیرۆری تورک ئەمڕۆ بۆ ناسنامەی نەتەوەیی خۆی و بۆ ئازادی و ڕزگاری خەبات دەکات. بیری ڕزگابوون لە داگیرکەری تورک، بەهۆی خەباتی ڕزگاریخوازانەی پ ک ک، چۆتە نێو دڵ و ویژدانی ملیۆنان کوردەوە. پرۆسەی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی باکووری کوردستان، تا ئەو ڕادەیە کەسایەتی و کەرامەتی شەخسی

و نەتەوەیی بۆ گەلی باکوور گەڕاندۆتەوە، کە بۆ یەکەم جار دوای نیو سەدە، لەڕووی تیرۆری دەوڵەتی تورکدا سەرهەڵبڕێت و بۆ ستاندنەوەی خاک و ئاوو ئاسمانی خۆی خەبات بکات. هەر بەرهەم و سەرکەوتنێکی ئەم خەباتە، ئەگەر بچووکیش بێت، کەسایەتی و باوەڕبەخۆبوونی مرۆڤی کورد بەهێزتر دەکات و ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم لە هەرەسهێنان نزیکتر دەکاتەوە. بۆیە، بە ڕای من، پشتگرتنی ئەم خەباتە ڕزگاریخوازییە ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی و نیشتمانییە. بە هەمان ئەندازەش لاوازکردنی ئەم خەباتە، بە هەر ناوو بەهانەیەکەوە بێت، کۆمەک بە درێژەدانی کۆیلایەتی گەلی کوردو تێکشکاندنی زیاتری کەسایەتی و کەرامەتی نەتەوەیی گەلی کوردستان و، کۆمەک بە تیرۆریزمی دەوڵەتی تورک و بەردەوامبوونی ئایدیۆلۆژیای کەمالیزم دەکات.

کاتێک گەلی باکووری کوردستان کێشەی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا یەکلادەکاتەوەو بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی دەگات، کێشەی دووەمی نێو تورکیا -کێشەی نێوان دیکتاتۆری و دیموکراتی، نێوان بەربەریزم و شارستانی- توندتر خۆی دەردەخات و دەرفەتێکی نوێی گەشەکردنی دیموکراتی لە کۆمەڵگای تورکیادا دەڕەخسێت. چونکە دەیان ساڵە دەوڵەتی تیرۆریستی تورک بە بەهانەی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیاو شەڕی جوداخوازییەوە تیرۆرو حوکمی عەسکەری و فاشیزم، لە بەرگ و فۆرمی جۆربەجۆردا، بەرهەمدێنێتەوە.

پرۆسەی داگیرکردنی کوردستان پێویستیی بەردەوامی بە تیرۆرو ئیستیبداد هەیە، چونکە دیموکراتی و ئازادی و دابینکردنی مافی مرۆڤ دیاردەی کۆلۆنیالیزم و داگیرکردن دەسڕنەوە. ڕزگاربوونی گەلی کوردستان گەورەترین بەهانەی بەرهەمهێنانەوەی تیرۆرو دیکتاتۆری لە دەوڵەتی تیرۆریستی تورک دەستێنێتەوە. بۆیە بزاڤی ڕزگاریخوازی نیشتمانیی باکووری کوردستان، لە پرۆسەی ڕزگارکردنی گەلی کوردستاندا، نەک تەنیا بە هەرەسهێنانی کەمالیزم، کە سەرچاوەی تیرۆرو زەبروزەنگە، کۆمەک دەکات بەڵکو هاریکاری پێشکەوتنی دیموکراتی و گەشەکردنی شارستانی لە کۆمەڵگای نەخۆشی تورکیادا دەکات، ئەمەیش وەک چۆن بە قازانجی گەلی کوردستان و گەلانی تورکیایە، بە هەمان شێوە بە قازانجی ئاشتی و ئاسایشی ناوچەکەو جیهانیشە(14)

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

1-نەتەوەی بولگار لە کاتی ڕێنێسانسدا، ئەکادیمیای زانستەکانی بولگارستان، سۆفیا، 1980 (بەزمانی بولگاری). هەروا بڕوانە: Stora FOCUC, 13, Stockholm, 1989, sid. 321- 23-.

2-Stora FOCUS, 9, sid. 267- "سەرچاوەی پێشوو

3- الدكتور بلەج شێركۆ، القضیە الكردیە، 1930 ص57

4- لە ساڵانی 1925- 1938 سێ ڕاپەڕینی چەكداری لە باكووری كوردستان هەڵگیرسان: ڕاپەڕینی ساڵی 1925 بە ڕابەری شێخ سەعیدی پیران، ڕاپەڕینی خۆیبوون، 1930، بە سەرۆكایەتی جەنەراڵ ئیحسان نووری پاشا لە ئارارات. ڕاپەڕینی ساڵی 1938 لە دەرسیم.

5- Michael M. Gunter, The Kurds in Turkey, A political Dilemma, Westview Press, USA, 1990, P.43

* هەندێ سەرچاوە 19- 9- 1930 یان نووسیوە.

6- Alar Kuutmann, Om Kurder, Statens invandraverk /SH, Linköping, 1983, sid.23

7-Sven-Erik Liedman, Från Platon till Kommunismens fall, Bonnier Alba 1993,Sid.222

8- مجلە دراسات كردیە، العدد 7-3 السنە الثالثە 1992، پاریس، ص31

9- هەمان سەرچاوە، ل 35، 45

10- جەمال نەبەز، بیری نەتەوەیی كوردی نە بیری قەومیەتی ڕۆژهەڵاتی و نە بیری ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاواییە سوید 1984 ل89-90

11- د. كەمال مەزهەر ئەحمەد، دەربارەی سروشتی ڕاپەڕینە گەورەكەی ساڵی 1925 لە كوردستانی توركیادا، گۆڤاری ڕۆژی كوردستان، ژمارە دووی ساڵی 1970. (ئەم باسە دواتر، لە ساڵی 1985دا، لە كتێبێكدا بەناوی چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی كورد بڵاوكراوەتەوە).

12- Hannes Reichman- Alexander Foggensteiner, Den kurdiska knuten. Översättning: Anna Helleskog, Tryckeriförlaget, Täby- Sverige 1989,Sid.149

13- مارتین ڤان برواینسن، ژینۆسید لە كوردستان، وەرگێڕ: حەسەنی قازی، ڕابوون ژمارە دوازدەی ساڵی1994، ل 46

14- ڕەفیق سابیر، بەرەو مێژوو، سوید 1991 -هەروا بڕوانە: دووەمین تەفرەتی كۆلۆنیالكردنی كوردستان، ڕابوون، ژمارە نۆی ساڵی 1994

# چارەنووسی کوردەکان

نووسینی: گراهام ئی فوللەر

وەرگێرانی: هێمن کۆیی

## وتەیێک

لەدوای جەنگی کەنداوەوە گەلێک وتارو لێکۆڵینەوە دەربارەی مەسەلەی کورد بە گشتی و کوردستانی عێراق بە تایبەتی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە جیهانییەکاندا بلاوکراونەتەوە. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە هەندێک لەو وتارانە لە ڕۆژنامەی بەناوبانگ و لەلایەن مرۆڤی ناسراوو پسپۆڕی سیاسییەوە بلاوکراونەتەوە. ئەو کارە خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیێنێت کە ئەو تاقیکردنەوە سیاسییەی کە هەرێمی کوردستانی عێراقی پێدا دەڕوات لە ئاستی جیهانیدا بایەخی وێدەدرێت و بە چاوێکی تایبەتی تەماشای دەکرێت. بۆیە زۆر گرنگە کە خوێنەری کورد ئاگای لە هەندێک لەو وتارو لێکۆڵینەوانە بێت و بزانێت لە دەرەوەی وڵات مەسەلەی کورد چۆن هەڵدەسەنگێندرێت و سیاسییە جیهانییەکان پێشبینییان چییە بۆی. چونکە زۆر جار ئەو مرۆڤانەی لەدەرەوە تەماشای مەسەلەکان دەکەن گشتێتی و یەک پارچەیی مەسەلەکە دەبینن و، زۆر لایەنی دیکەیان لا ئاشکراترە لەوانەی لەبەر وردەکاری شتە گەورەکانیان لەلا ونە. دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە هەرچەندە ئەم وتارانە بەناوی بێ لایەنییەوە دەنووسرێن بەلام، بە شێوەیێکی گشتی، هەندێک لایەنی سیاسەتی هێزە جیهانییەکان بەرامبەر بە مەسەلەی کورد نیشان دەدەن.

لە سەرەتای سالی 1993دا ئەم وتارەم بەرچاو کەوت و هەر ئەو کاتە بەشێکیم کردە کوردی. بەلام بەداخەوە گەلێک هۆی تایبەتی وایکرد کە ئەم وتارە، دوو سال پاش بلاوبوونەوەی بەزمانی ئینگلیزی، ئەمڕۆ بکەوێتە سەر لاپەڕەکانی گۆڤارێکی کوردی.

لەو کاتەوەی کە ئەو وتارە نووسراوە چەند ڕووداوێکی گرنگ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ڕووی داوە: شەڕی ناوخۆ، هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان، شەڕوەستان و دیسانەوە شەڕی ناوخۆ. ڕەنگە ئەگەر گراهام فوللەر بۆی بکرێت هەندێک بەشی وتارەکەی بگۆڕێت بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم بارو دۆخەی کوردستاندا بگونجێت.

نووسەری ئەم وتارە Graham E. Fuller پسپۆڕێکی سیاسییە لەRAND که بنکەیکی لێکۆڵینەوەیەو کار بۆ هێزی ئاسمانی ئەمریکی دەکات، هەروا نووسەری کتێبی (تەڵەی دیموکراتی: مەترسی جیهانی پاش شەڕی سارد)ە. فوللەر بە شێوەیکی سادە و بەڕوونی ئەو لایەنانەی مەسەلەی کورد دەخاتە پێش چاو کە ڕەنگە لای زۆربەمان ئاشکرابێت. بەڵام گرنگی ئەم وتارە لە سێ خاڵ دایە: یەکەم- لایەنە جیاوازەکانی مەسەلەی کورد بە یەکەوە دەبەستێتەوەو وێنەیکی گشتی مەسەلەکە دەخاتەڕوو. دووەم- کاریگەری مەسەلە جیهانییەکان لەسەر مەسەلەی کورد هەڵدەسەنگێنێت. سێیەم- چەند نهێنییکی بچووکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکی بەرامبەر بە مەسەلەی کورد دەدرکێنێت.

ئەم وتارە لە ژمارە دووی ساڵی 1993ی گۆڤاری Foreign Affairs ( مەسەلە بیانییەکان) بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە، کە ساڵی پێنج ژمارەی لێ چاپدەکرێت، لەلایەن مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئەمریکا بڵاودەکرێتەوە.

لەکاتی وەرگێڕانی ئەم وتارەدا هەوڵم داوە مەبەستی نووسەر بکەمە کوردی و خۆم لە داتاشینی وشە لاداوە.

وەرگێڕ
1995/5/1

* * *

## کوردستان: ئاواتی بەرزو بەڵێنی درۆ

مەسەلەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی دی ناتوانرێت دوابخرێت چونکە ئەمڕۆ، بۆیەکەم جارمەسەلەی کورد، جێگایەکی بەرزی لەسەر خشتەی کاری Agenda سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا گرتووە. بۆ یەکەم جار لە مێژووی نوێدا کۆنترۆلی مەسەلەی کورد لە ژێر دەستی لایەنە ناوچەییەکان دەرچووەو سیاسەتی کوردی تاودانێکی سەربەخۆی وەرگرتووە. کوردەکان، کە چوارەمین گەورەترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستن، ئێستا لە دەرگای مافی نەتەوایەتی و سەربەخۆییدەدەن و کاریگەرییکی گەورەویان دەبێت لەسەر ئەو دەوڵەتانەی تیایاندا دەژین. ئەم تاودانە سیاسییەی کورد ژمارەیکی زۆر بابەتی پاش شەڕی ساردی هێناوەتە پێشەوە کە گرنگییکی زۆریان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە. بۆ نموونە:

یەخەگیری لەگەڵ بزووتنەوەی جیابوونەوەی نەتەوەکان، مافی مرۆڤ، چۆنیەتی رەفتارکردن لەگەڵ کەمە نەتەوایەتییەکاندا، دیموکراسی، سەربەخۆیی کولتووری، فیدرالی و ئیحتیمالی درووستبوونی دەوڵەتێکی نوێ لە دەوڵەتە کۆنەکانەوە، رۆژهەڵاتی ناوەراست، زۆر رێی تێدەچێت، کە هەرگیز وەکو خۆی لێ نەیەتەوە.

کوردەکان لەسەر لاپەرەی مێژووی ئەم پەنجا ساڵەی دوایی سڕابوونەوەو بۆماوەیکی زۆر داخوازی نەتەوەییان، لە پێشدا لەلایەن هێزە ئیمپریالیستە ئەوروپییەکانەوەو پاشان لەلایەن دەوڵەتە نوێیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە، سەرکوت کرابوو. هەموو هێزە چەکدارەکانی کورد بە بەردەوامی وەک داردەستێکی هێزە دەرەکییەکان بەکارهێنراون بۆ لاوازکردنی رژێمە ناوچەییەکان.بەریتانییەکان، لە بیستەکاندا، کۆمەکی بزووتنەوەکەی کوردستانی تورکیایان کرد. ئەمەریکی و ئیسرائیلییەکان، لە حافتاکاندا، یارمەتی کوردەکانیان دا لەدژی رژێمی بەعسی عێراق.سوورییەکان جارجار یارمەتی کوردەکانیان داوە لەدژی عێراق و تورکیا. ئێران، هەم لەسەردەمی شا و هەم لەسەردمی خومەینیدا، کوردەکانی عێراقیان بۆ مەرامی سیاسیی خۆیان دژی عێراق بەکاردەهێنا. عێراقیش.لەلای خۆیەوە، بەشێوەیکی پیلان بۆ کێشراو، یارمەتی کوردەکانی دەدا لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران. نزیکەی هەموو جارێکیش، کاتێ کوردەکان چی دی لەخزمەتی راستەوخۆی مەرامی سیاسیی هێزە دەرەکییەکاندا نەدەبوون، پشتیان تێدەکراو بەجێ دەهێڵران.

لە مێژووی نوێدا بیری ولاتێکی کوردی سەربەخۆ تەنیا یەک جار بەجیدی وەرگیراوە. کوردەکان میللەتێکی کۆنی رۆژهەڵاتی ناوەراستن کە بە درێژایی چەند سەدەیێک لەنێوان ئیمپراتۆریی فارسی و ئیمپراتۆریی عوسمانی تورکیدا دابەش کرابوون. تەنیا لەکاتی رووخانی ئیمپراتۆریی عوسمانیداو لە سایەی تەقەلای ئینتەرناسیۆنالی بۆ مافی چارەی خۆنووسین لە کۆنفرانسی ئاشتی ڤێرسایدا کوردەکان لەسەر دەفتەری کاری ئینتەرناسیۆنالیدا جێگەیان بۆکرایەوە. لە ساڵی 1920دا کوردەکان بەپێی پەیمانی سیڤەر، کە بەرەسمی پاشماوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەشکرد، بەڵێنی ولاتێکی سەربەخۆیان پێدرا. مستەفا کەمال ئەتاتورک ئەم پەیمانەی کرد بەنامەیکی مردوو کاتێک، بە پاڵپشتی هێزێکی تورکی، دژی پەیمانەکە وەستایەوەو لە سەرەتای بیستەکاندا هەوڵی

درووستکردنی دەوڵەتێکی تورکی نوێی دا. لەو کاتەوە کوردەکان هیوایان بە کۆمەکی ئینتەرناسیۆنالی بڕی و، ئەم جارەیان خۆیان بەدابەشکراوی بە سەر، لەباتی دوو، سێ دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیادا بینییەوەو، هەندێکیشیان لە سووریا و سۆڤیەت مانەوە. هەرچەندە ئەمڕۆ کوردەکان ژمارەیان لە بیست ملیۆن زیاترەو لە دانیشتووانی نەرویج و سویدو فینلەنداپێکەوە زۆرترن، کەچی مەفهومی هەبوونی هیچ جۆرە وڵاتێکی کوردی لەئاستی جیهانیدا قبووڵ نەکراوە.

## بەرەو دەوڵەتبوون

وەک نەتەوەیێکی گەورە، کوردەکان لەمێژە بەئاگان لە کوردبوونی خۆیان و لە جیاوازییان لە عەرەب و تورک و فارسی دراوسێیان. بەڵام داخوازییەمیللی وکولتوورییەکانیان بەبەردەوامی، لەلایەن سیستەمی ئەو سێ دەوڵەتە تازەیەی کە تێیاندا دەژین، پێشێل کراون.

بۆچی کوردەکان سەرەڕای کولتووروو خاسییەتی میللی جیاوازی خۆیان خراونەتە دەرەوەی سیستەمی وڵاتی خۆهەبوونەوە؟ یەکەم چونکە ئەو کارە گونجاو نەبووە، سیستەمی ئینتەرناسیۆنالی هەرگیز بەشبوونی دەوڵەتان و ئەو شەڕو ئاژاوەیەی لێی درووست دەبێت (وەک ئەوەی لە یۆگۆسلاڤیا ڕوودەدات) پێ باش نییە. بەڵام بەشێکی گیروگرفتەکە لە سیفەت و کولتووروو کۆمەڵگای کوردەکان خۆیاندایە. هەرچەندە کوردەکان، لەچاو میللەتەکانی دەوروبەریان، هەستێکی بەهێزیان بۆ پێناسەی خۆیان هەیە بەڵام یەکگرتنی میللی لە ناویاندا هەتا ئێستاش کەم گەشەی کردووە.

کوردەکان میللەتێکی یەکگرتوو نین. سیستەمی بەهێزی تاکە خێڵ و تاکە هۆزی و سەر بەگروپ بوون هەمیشە ڕۆڵێکی گەورەی لە کۆمەڵی کوردیدا بینیوەو بەبەردەوامی بۆتە هۆی پێکدادانی هۆزەکان کاتێک لە بەرژەوەندی گروپێکدا بوبێت. لە مێژوویاندا هەرگیز کوردەکان بۆ مەسەلەیێکی هاوبەش یەکیان نەگرتووە. تەنانەت لە ڕاپەڕینی میللیشدا لە یەکێک لە دەوڵەتەکاندا، خێڵ و هۆزو لایەنە کوردییەکانی یەکێک لەدەوڵەتەکانی دیکە بە قسەو فەرمانی دەوڵەتی یەکەم دژی یەکدی جەنگاون. (دوو گرووپە سیاسییەکەی کوردستانی عێراق زۆر جار لەگەڵ یەکتری شەڕیان کردووەو تەنانەت لەکاتی ڕاپەڕینی

میللیشدا یەکێکیان هێرشی کردە سەر جەنگاوەرەکانی (پێشمەرگەکانی) گەورەترین هێزی کوردی ئێرانی دوای شۆڕشی ئیسلامی. بە فەرمانی تورکیا، هێزە کوردییەکانی عێراق ئەمڕۆ لە شەڕی چەکداریدان لەگەڵ هێزە سەرەکییە پارتیزانییە کوردییەکەی تورکیا).

کوردەکان تەنانەت بە یەک زمانیش قسە ناکەن. سێ دیالێکتی سەرەکی هەیە کە لە وشەو فۆنەتیک وڕێزماندا جیاوازن و هەندێک کەس بەراوردیان دەکات بە جیاوازی نێوان ئەڵمانی و ئینگلیزی یان ئیتالی وفەڕەنسی. مرۆڤ دەتوانێت ئەم سێ دیالێکتە بەزمانی جیاواز لە قەڵەم بدات. بەڵام دیالێکتەکان لە هێندێک جێگادا تێکەڵ دەبن و یەکتر دەگرنەوە. سەرەرای ئەوەش، هەرچەندە دیالێکتی ڕەسمی هاوبەش نییە، بەگشتی کوردەکان گەر پێویست بکات دەتوانن لە دیالێکتی یەکدی بگەن.

کوردەکان لە رابردوودا ئەو یەکگرتنە میللییەیان نەبووە کە ببێتە پاڵنەرێکی سەرکەوتوو و چالاک بەرەو جۆرێک لە سەربەخۆیی. هەتا ئێستاش زۆربەی هێزو لایەنە کوردییەکان تەنیا دوای ئۆتۆنۆمی کەوتوون وتەنیاش بۆ ئەو کوردانەی کە لە سنووری یەکێک لەدەوڵەتەکاندا دەژین.

کۆمەڵێک شت بوونەتە هۆی لاوازی هەستی بە دەوڵەتبوونی کوردی. دابەشبوونی کوردەکان بۆ زێتر لە هەزار ساڵ بەسەر دەوڵەتی جیاوازدا توانای درووستبوونی بیرو بۆچوونێکی یەکگرتووی لەناویاندا لەگۆ خستووە. کوردەکان لەو هەلە بێ بەش کراون کە لەناو کولتوورو ستراکتوورێکی سیاسیدا گەشە بکەن و ناچارکراون کە لەناو سێ سیستمی دەوڵەتی و کولتووری جیاوازدا گەشەبکەن.

سیاسەتی حکومەتیش بەرامبەر بە کوردەکان شێوەی جیاوازی وەرگرتووە. لەو سێ دەوڵەتەی کە کوردەکان کەمە نەتەوایەتییەکی گەورەیان پێکهێناوەتورکیا، لەچاو دەوڵەتەکانی دیکە، لە هەموویان زیاتر دیموکرات بووە، بەرزترین پلەی ئازادی چاپ و رادەربرین دەربارەی بابەتی جیاواز (جگە لە مەسەلەی کورد) هەبووە. لە راستیدا تورکیا چەوسێنەرەوەترین سیاسەتی کولتووری بەرامبەر بە کوردەکان پیادە کردووەو هەتا ئەم دواییەش نکۆڵی لە بوونی کوردەکان دەکرد وەک نەتەوەیێکی جیا لە تورکیا. کەچی کورد لە تورکیادا زۆر جار دەگەنە پلەی بەرزی دەوڵەتی بەو مەرجەی کە نکۆڵی لە رەچەڵەکی

خۆیان بکەن و خۆیان وەک تورک لێبکەن. تورگوت ئۆزالی سەرکۆمار بە رەچەڵەک کوردەو، حیکمەت چەتینی وەزیری دەرەوەش کوردە. بە ملیۆن لە کوردەکان لە کۆمەڵگەی تورکیدا تواونەتەوە.

بە پێچەوانەشەوە، لە عێراقدا بوونی کوردو زمان و کولتووری جیاوازیان بە شێوەیکی گشتی دانی پیدانرابوو کەچی بە سەدان و هەزاران کورد دەمردن لە ئەنجامی هێرشی درندانەی ئەو پارتی بەعسەی کە بەدرێژایی ئەم بیست- سی ساڵەی دوایی هەوڵی داوە بچووکترین پلەی هەستی جیابوونەوەو دژایەتی کردنی سیاسەتەکەی سەرکوت بکات. لە عێراقدا کوردەکان بەزۆر لەکاری سیاسی دوورخراونەتەوە. لە ئێراندا کوردەکان ڕێگای هەندیک سەربەخۆیی کولتووریان پێدراوە، بەڵام ئەوانیش بەشێوەیکی گشتی لە کاری سیاسی دوورخراونەتەوە، هەموو هەوڵو تەقەلایکیان بۆ ئۆتۆنۆمی بە هێزی سوپا سەرکوت کراوە. لەو سێ دەوڵەتە ژیانی کوردەکان لە عێراق لەهەموویان خراپتر بووەو لە تورکیا لەهەموویان باشتربووە. بەڵام بەشێوەیکی گشتی لە هیچیاندا بەدڵی کوردەکان نەبووە.

کۆسپێکی دیکە لە ڕێگای یەکێتیی میللی کورددا دابڕاویی جیوگرافی ناوچە کوردییەکانە لە هەر سێ دەوڵەتەکاندا. زۆربەی کوردەکان لەو ناوچانەدا دەژین کە دوورن لە پایتەخت و بنکەی چالاکی سیاسییەوە. ئەم ناوچە کوردییانە (بەتایبەتی لەتورکیاو ئێراندا)، لەچاو ناوچەکانی دیکەی وڵاتدا، لە یارمەتی ماددی بێ بەش کراون و پشتگوێ خراون و بە دواکەوتوویی ماونەتەوە. سروشتی شاخاوی بەشی زۆری کوردستان زیاتر کوردەکانی جیاکردۆتەوەو لەیکی دابڕیون. لەم دابڕانەدا کوردەکان، زیاتر لە نەتەوەکانی دەوروبەریان، شێوەی ژیانی خێڵەکییان هێشتۆتەوە. هێشتنەوەی کۆمەڵگای خێڵەکی ڕێگای لە گەشەی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و شێوەی نوێی سیاسەت گرتووە. تەنیا لەتورکیادا، کە سیاسەتی ڕیفۆرم-ئیسلاح-ی ئەتاتورک لە بیستەکان و سییەکاندا دەسەڵاتی سەرۆکە خێڵەکی و ئایینیەکانی نەهێشت، کۆمەڵگەی کورد بەشێوەیکی دیار قۆناغی خێڵەکی و سەربەهۆزبوونی بڕی و بزووتنەوەی کورد لە تورکیادا شێوازێکی دیاریکراوی چەپڕەوی گرتەخۆی.

بەڵام لەداهاتوودا-بەپێی کات- گەشەی سیاسیی کورد ڕەنگە شێوازێکی جیاواز وەربگرێت. ئێستا هێزی گەورە هەوڵ دەدەن بۆ گۆڕینی بارودۆخی سیاسیی کورد،

لەلایکەوە ئیستا هەندێ لە پێبەندەکانی گەشەی مەسەلەی کورد تا ڕادەیک لابراون، چونکە نەمانی شەڕی سارد وایکردووە کە گیروگرفتە میللی و ناوچەییەکان بەپیی گرنگییان ڕەفتاریان لەگەڵ بکرێت. لەلایکی دیکەشەوە لەگەڵ لاوازبوونی کۆمۆنیزمدا سیاسەتی ئینتەرناسیۆنالی بەرەو بیری کۆمەڵگای ئازاد دەڕوات و پشتگیری سیستەمی سیاسیی فرەپارت دەکات و لایەنی مافی میللی ومافی چارەی خۆنووسینی ئەم خەڵکانە دەگرێت کە لە ژێر حوکمی تاکڕەویدان و زیاتر بایەخ بە دیاردەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ دەدات. ئەم سیستەمە نوێیە بارودۆخێکی لەباری بۆ کوردەکان هێناوەتە کایەوە کە تییدا مەسەلەکەی خۆیان دەرببڕن. هەروا هەژان و لەقینی سیاسەتی ناوچەیش خۆی لەخۆیدا هەلیکی دیکەی بۆکوردەکان ڕەخساندووە. جەنگی عێراق و ئێران و جەنگی کەنداو یەکگرتنی هێزەکانی جیهان دژی سەدام حوسێن و گۆڕانکارییەکانی نێوخۆی تورکیا چەند ڕاستییکی بنەڕەتی وایان بۆ کوردەکان درووست کردووە کە بە ئاسانی ناتوانرێت پێچەوانە بکرینەوەو پشتگوێ بخرێن. بە پێچەوانەی جارانەوە کە دابڕاو لە ڕای جیهانی لە ناوچەکانی خۆیاندا دەژیان، ئەمڕۆ کوردەکان بۆ ولاتانی دیکە سەفەر دەکەن و لەدەرەوەی ولات دەخوێنن و کوردی دیکەی بەشەکانی دیکە دەبینن و بیروڕایان لەگەڵ دەگۆڕنەوەو هەستیکی پتەوتر لە جاران دەربارەی نەژادی خۆیان پەیدادەکەن. لە کۆنفرانسی پاریس(1989)و کۆنفرانسی ستۆکهۆلم (1991) کوردەکان لەگەڵ یەکدی کۆبوونەوەو سەرنجی ڕای جیهانیان بۆخۆیان، وەک خەلک، ڕاکیشا. ئیستاش بەرامبەر چەند ڕاستییەکی زەق بووینەتەوە. کوردەکان چیتر ناتوانن لە یەکەی ولاتی عێراقدا بمێننەوە. کوردەکان هەرگیز چوونە ناو عێراقی عەرەبییان قبوول نەکردووەو تاقیکردنەوەی تالیشیان لە عێراقدا بینیوە. (سنووری عێراق لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاوە بەسەر ناوچەی میزۆپۆتامیای کۆندا سەپێندرا. لەبەر گرنگی نەوتی ناوچەی کەرکووک بۆ بەریتانییەکان، کوردەکانیش بەبێ ڕەزامەندی خۆیان خرانە نێو ئەو سنوورەوە). تەنانەت لە سەرەتاکانی حوکمی پاشایەتی لە عێراقدا مافی کوردەکان، کە لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە وەک مەرجێک دانرابوو، زۆر کەم لەبەرچاو دەگیرا. لە کاتی حوکمی پارتی بەعسدا، لە ساڵی 1968دا، سیاسەتی عێراق ڕوخساریکی دزێوی بەخۆیەوە گرت و کوشتن و بڕینی کوردەکان، لە ئەنجامی بچوکترین دژایەتی کردنی سیاسەتی پارتی بەعس گەلێک زیادی کرد. هەڵبەتە پارتی بەعس بەم

کارانە نیازی لاوازکردنی عێراقی نەبوو، بەلام سیاسەتی چەوت و کوشتن و برینی بێ وێنەیان، لە هەموو حکومەتەکانی دیکەی عێراق زیاتر، کوردەکانی بەدوور خستەوەو بە بێگانەی لە قەلەم دان. لەگەل شەری کەنداو لەدژی سەدام حوسێن گەورەترین هەل بۆ کوردەکان هەلکەوتووە بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان بەلایەنی کەمەوە لە ئۆتۆنۆمیدا.

ئیمرۆ ئەو هێزە هاوپەیمانییە جیهانییەی، کە هەولی لابردنی سەدام حوسێن دەدەن، بارودۆخێکی بێ وێنەیان لە مێژووی کورددادرووست کردووە بەوەی کە بەناچاری ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی کوردیان درووست کردووەو دەیپارێزن. هەلبژاردنی ئازاد لە کوردستاندا، لە بەهاری 1992دا، پەرلەمانێکی بەکاری درووست کردو ئەو مافە یاساییەشی دا بەو دەزگا بەرێوەبەرێتییە نوێیە کوردییە کە رژێمی بەغدا لە ناوچەکەدا نییەتی.

جەنگاوەرە چەکدارەکانی هەردوو هێزە سەرەکییە کوردییەکە، یەکێتی ی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی جەلال تالەبانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، بوون بە یەک. تالەبانی و بارزانی رۆلێکی سەرەکیش دەبینن لە بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی لەدەرەوەی ولات و توانیویانە هەم داخوازی هەم نارەزاییەکانیشیان بۆ سەرۆکەکانی ئۆپۆزیسیۆنی شیعەو سونی عێراق بخەنە روو.

سەرۆکە کوردەکانی عێراق بە بەردەوامی سەرۆکی ولاتانی دیکە دەبینن، وەک وەزیری دەرەوەی ئەمریکاو سەرۆکی ئەوروپایی جۆربەجۆرو سەرکۆمارو سەرۆک وەزیرانی تورکیا (ئەم دووانەی دوایی ئەنجامی بادانەوەی سیاسەتی تورکیایە). لە کۆتایی سالی 1992دا ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی تائێستا یەککرتووترین کۆنگرەی خۆیان لەسەر خاکی کورد بەست و هەر ئەوکاتە بە یەک دەنگ خۆیان بە هەرێمێکی سەربەخۆی عێراقێکی لە داهاتوودا فیدرالی ناساند. ئەم کارە هەرچەندە لەبەرچاوگیرا بەلام لەلایەن زوربەی ئۆپۆزیسیۆنەوە قبوول نەکرا. تورکیا بەناچاری لەگەل کاربەدەستەکانی سەرسنوور پەیمانێکی کارکردنی بەست بۆ دابینکردنی ئاسایشی سنوورو رێگرتن لە پارتیزانی گروپە کوردییەکانی تورکیا لە چوونە ناو تورکیا. ژیان و گوزەرانی کوردەکانی عێراق بووە بە مەسەلەیەکی ئینتەرناسیۆنالی و ئاسان نییە بۆ ئەمریکاو هیچ دەولەتێکی دیکە کە دەستیان لێ بەردەن و بە تەنیا بەجێیان بهێلن کاتێک کە مەرامی روخاندنی سەدام بەجێ گەیەندرا. لەبەر

هەموو ئەم هۆیانە ئێستا کوردەکان بەرەو بەدەستهێنانی حەتمی ئۆتۆنۆمییەکی وا دەچن کە نەدەتوانرا لەژێر سایەی سیستمی ڕابردووی عێراقدا بەدەست بهێندرێت. بێ گومان کوردەکان هەولیش دەدەن کە گەرەنتی بەردەوامبوونی ئەم ئۆتۆنۆمییە لە شێوەیکی فیدرالیدا وەربگرن.

## گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

دەست تێکەلاوکردنی ڕۆژئاوا بۆ لابردنی سەدام حوسێن لەلایەن گەلی عەرەبەوە بە هەنگاوی کاولکردنی عێراق دەدرێتە قەلەم. بەلام جێگای تەوسە کە ڕەنگە هەر ئەم کارەش ئێستا تاکە ڕێگا بێت بۆ ڕزگارکردنی عێراق، چونکە مانەوەی سەدام لە سەر حوکم تەوژم بە جیابوونەوەی داهاتووی کوردەکان دەدات لە عێراق. شەڕی سەدام لەدژی کوێت و جینۆساید بەرامبەر بە کورد زۆر لەسەر دەولەتی عێراق کەوتووەو زیاتر لە هەر شتێکی دیکە بۆتە هۆی ڕووخاندنی ئەو سیستەمە باوەی کە لەعێراقدا پێنجی داکوتابوو و پیادە دەکرا.

یەکێکی دی لەو ڕووداوە ناوچەییانەی کە کار دەکاتە سەر کوردەکان بریتییە لەو گۆڕانکارییە سیاسییە تایبەتییەی کە لەم دە سالەی دواییدا لە تورکیادا ڕوویداوە. ئابووری تورکیا ڕووەو جیهان ئازاد کراوەو پیادەکردنی دیموکراتی زێتر ڕەگی داکوتیوە. لە ئەنجامی درووست بوونی ئازادی سیاسی لە ناوچەکانی بەلکان و قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاستدا (کە هەموویان بە دەیان سال بوو سنووریان لەگەل تورکیادا داخرابوو) سیاسەتی دەرەوەی تورکیا کاری تێکراو ڕەوتێکی دیکەی بە خۆیەوە گرت و، لەو جیهانە تورکییە ئازادکراوە تازەیەدا بەرژەوەندی جیۆپۆلیتیکی تورکیا بەربلاوتر بوو.

لە ماوەی ئەم دوو سالەی دواییدا(1991و 1992-وەرگێڕ) ئۆزالی سەرۆک کۆماری تورکیا دەرگای بۆ لێدوان نەک تەنیا لەبوونی کورد لە تورکیا، کە زۆر دەمێک بوو نکۆلی لێدەکرا، بەلکو بۆ لێدوان دەربارەی چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەل داخوازییە سیاسییەکانی کوردیش کردەوە. ئەو یاسایەی کە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە شوێنی گشتیدا قەدەغە دەکرد لە مانگی ئاپریلی 1991دا لابرا. ئەندامە کوردەکانی پەرلەمان، کە ئامانجی ئاشکرایان ئۆتۆنۆمییە، پارتێکی سیاسییان پێکهێناوە ( هەرچەندە ئەم کارە گێرمەو

کێشەی قانوونی لەگەڵ دابوو) و گفتوگۆی پەرلەمانی و لێدوانی سیاسیی ئازاد باسی مەسەلەی کوردیش دەگرێتەوە.ئۆزاڵ و حکومەتی تورکی بە بەردەوامی و ئاشکرا لەگەڵ سەرۆکی کوردەکانی عێراق کۆدەبنەوە. لە ڕاستیدا تاڵەبانی پێشنیاری کردبوو کە ئەگەر کوردەکانی عێراق نەتوانن لە عێراقێکی نادیموکراتیدا بژین، یەکگرتن لەگەڵ تورکیای دیموکراتدا تاکە بەدیلی جیدییە بۆیان.

دیموکراتکردنی سیاسەت و کۆڕەوی کوردە ئاوارەکان لە عێراقەوە بۆ چادرگاکانی تورکیا، دوای شەڕی کەنداو، و ئەو پاڵەپەستۆیەی کە لە ئەنجامی دروستکردنی ناوچەیێکی ئازاد بۆ کوردەکان لە باکووری عێراق پەیدا بووە بە شێوەیێکی توند واقیعی لە بەردەم تورکیادا گۆڕیوەو ئەنقەرەی خستۆتە مەوقیفێکی سەختەوە. لە لایێکەوە، سەرەڕای تەواوبوونی شەڕی ساردو کەمبوونەوەی ڕۆڵی ناتۆ لەناوچەکەدا، تورکیا دەیەوێت هاوکاری خۆی لەگەڵ ڕۆژئاوادا درێژە پێبدات. تورکیا دەشیەوێت کە سەدام و دەستدرێژییەکانی و پارتەکەی Expansionist party کۆتاییان بێت و هەوڵەکانیشی بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بوەستێندرێت. هەروەها تورکیا بەتەنگ چارەنووسی نزیکەی یەک ملیۆن تورکمانی باکووری عێراقەوە دێت و هەوڵی پاراستنی خۆشگوزەرانییان دەدات. لە ڕاستیدا تورکیا نایەوێت هیچ ناوچەیێکی ئۆتۆنۆمی کوردی لە باکووری عێراقدا دروست ببێت، چونکە ئەوە کاردەکاتە سەر کوردەکانی تورکیاش. بەڵام ناوچەیێکی وا ئێستا هەیەو تورکیا دەبێ ئەو واقیعە لەبەر چاو بگرێت و پەیوەندی تازەی لەگەڵدا ببەستێت. بارو دۆخی دوای شەڕی کەنداو هەرگیز ناتوانرێت وەک جارانی لێبکرێتەوە.

لەم قۆناغەدا، تورکیا ئەمڕۆ ڕووبەڕووی گیروگرفتی کوردەکانی خۆی بۆتەوە. شەڕی کەنداو ڕەنگە بەشێوەیێکی کتوپڕ مەسەلەی کوردی هێنابێتە پێشەوە، بەڵام واش نەبوایە لە کۆتاییدا ناڕەزایی بەردەوامی کوردەکان و هەستی میللی و ئارەزووی جیابوونەوەیان نەدەکرا هەتا هەتایە لە عێراق و ئێران و تورکیادا کپ بکرایە. بە پێچەوانەی عێراقەوە جیابوونەوەی کوردەکان لە تورکیا ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوی نییە. تورکیا ناچار دەبێت کە، بە لایەنی کەمەوە، جۆرە سیستەمێکی فیدرالی دروست بکات کە ئازادییێکی کولتووری بەربلاو بە کوردەکان بدات. لەم دەیان ساڵەی دواییدا بیرێکی ئاوا لە تورکیادا بە خەیاڵی کەسدا نەدەهات و، بەپێی یاسا بە خیانەت لەقەڵەم دەدرا، چونکە سوپای تورکی دەیەوێت

بیرو بۆچوونی ئەتاتورک بپارێزێ و بهێڵێتەوە. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە حکومەتی تورکی، لە بەشە خوارووی رۆژهەڵاتە کوردییەکەیدا لە شەڕێکی سەختەوە ئالاوە بۆ سەرکوت کردنی ئەو بزووتنەوە مەبدەئییەجیاخوازەی کورد لە تورکیادا، کە رێبەرەکەی پارتی کرێکارانی کوردستانە (پ. ک. ک).

جیاواز لە رێکخراوە کوردییەکانی دیکەی ئێران و عێراق، کە بەشەرمەوە تەنیا ئۆتۆنۆمی بە کارێکی واقیعی دەبینن،پ. ک. ک بەئاشکرا ئامانجی جیابوونەوەو سەربەخۆیی هەلگرتووە. پ. ک. ک تەنیا رێکخراوی گەورەشە کە بیرێکی کوردی سەرتاسەری هەیەو هەوڵی دروسکردنی کوردستانێکی گەورەی یەکگرتوو دەدات. بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە پ. ک. ک رێکخراوێکی ئایدیۆلۆژییەو تێروانینی سۆسیالیستی مارکسیی هەیە. جیاواز لە عێراق و ئێران، چونکە سەرۆکایەتییکی ناوچەیی وخێڵەکی لە تورکیادا نییە، پ. ک. ک ئەو ئازادییەی هەبووە کە شێوەکارێکی سەربەخۆی هەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەش زۆر لە رۆشنبیرانی کوردی ولاتە جیاوازەکان پ. ک. ک بە رێکخراوێکی نوێی کوردی دەبینن، کە پشتی بە ئایدیۆلۆژیا بەستووە نەک بیری خێڵەکی.

بەلام پ. ک. ک سیاسەتێکی بێ شەڕکانەی پارتیزانیی بە زەبروزەنگ لە خوارووی رۆژهەلاتی تورکیادا پیادە دەکات. سەرۆکی پ. ک. ک عەبدولا ئێوجەلان (تۆلەستێن)، کە لەدەرەوەی ولات کاردەکات و داوای شۆڕشێکی کۆمەلایەتی لە سەرتاسەری رۆژهەلاتی نێوەراستدا دەکات، مرۆڤێکی زۆرزان و عەقایدییە. وەک دەزانرێت پ. ک. ک ڤێت کۆنگ Viet Cong ئاسا ناحەزانی خۆی لەناو دەبات و دێهاتییەکان ناچار دەکات کە خۆیان لە نێوان لەشکری تورکی وپ. ک.ک دا ساخ بکەنەوە. بەلام سەرەرای سیاسەتی توندو بیری توندرەوی و تاکە سەرۆکی، ئەمرۆ پ. ک. ک تاکە رێکخراوی جدییە کە بۆتە دەنگی کوردەکانی تورکیاو نوێنەریانە. زیادبوونی زەبروزەنگ لە ناوچە کوردییەکانی تورکیاداو مامەلەی درندانەی لەشکری تورکی بەرامبەر بە خەلکی ناوچەکە خەلکی بەرەو بارو دۆخێکی راپەرین ئاسا پال پێوەناوە.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە چاوەروان دەکرا جێگای ترۆسکە درووستبوونی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییە نکۆلی لێنەکراوەی باکووری عێراق گەورەترین زیانی بە پ. ک. ک گەیاندووە. لە مانگی ئۆکتۆبەری 1992دا بارزانی وتالەبانی پشتگیری ئەو هێرشە سەربازییە

گەورەیەی تورکیایان کرد کە کردیە سەر ئەم ناوچە کوردییەو گەورەترین زیانی ماددی ومەعنەوی بە پ. ک. ک گەیاند. ئەو کارە وای لە کاربەدەستانی کوردی عێراق کرد کە لایەرەیکی سیاسی گرنگ بۆ تورکیا بکەنەوەو سوپای تورکی قبوول بکەن.وێدەچێت تورکیا هەستی بەوە کردبێت کە بەرێوەبەرایەتییەکی کوردی ئۆتۆنۆمی هاوکار cooperative هەرچەندە جێگای مەترسیش بێت باشترە لەو بەرەلایی وناریکوپیکییەی کە ببووە کاراکتێری سەرۆکایەتی ئەم سی سالەی دوایی بەغدا لە ناوچەکەدا. ئەنقەرە تا ئەو رادەیە رۆیشتووە کە بلێت ئامادەیە کوردەکانی عێراق لە سەدام بپارێزێت.

بەلام گیروگرفتی تورکیا لەگەل کوردەکانی خۆی هەر ماوە. زەبروزەنگ چیدی ناکرێت تاکە وەلامی ئەنقەرە بێت بۆ داخوازییە سیاسییەکانی کوردەکان (کە هەموویان جیاخواز نین). ئەو داخوازییانە دەبێت بە هەمان شێوەی سیاسی و دیموکراتی و فرە پارتی مامەلەیان لەگەل بکرێت کە ئێستا لە هەندێک لایەنی دیکەی سیاسەتی تورکیدا پیادە دەکرێت. ئەم بۆچوونە لیبرالە لە لایەن لەشکری تورکی و دەزگای ئاسایشی تورکییەوە -پۆلیسی نهێنی تورکی- کە سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بە کوردو سیاسەتی ناوخۆ دادەرێژن، دژایەتی دەکرێت. تەنیا سیاسەتێکی مامناوەندی تورکی، بەلام باوەرپێکراو، بەرامبەر بە کوردەکان دەتوانێت لە داهاتوودا مەیلی ئەو کوردانە بەلای خۆیدا راکێشێ کە ئەمرۆ لایەنگری (پ. ک. ک) ی بە زەبروزەنگ و رادیکالن. بە داخەوە حکومەت و کۆمەلگای تورکی هێشتا نەگەیشتوونەتە ئەو قۆناغەی کە واقیعی کورد قبوول بکەن. بەلام لەترسی ئەوەی کە بەرامبەر بەئەلتەرناتیفێکی تالتر نەبنەوە رەنگە بەزوویی ئەو واقیعە قبوول بکەن.

بەردەوامبوونی تورکیا لەسەر چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد بە چەک زیانێکی گەورە بە شوێنی تورکیا دەگەیێنێت لە رۆژئاوا. هەرچەندە لەچاو ولاتانی دیکەی ناوچەکەدا مافی مرۆڤ لە تورکیادا زیاتر رێزی لێ دەگیرێت، بەلام ئەگەر تورکیا بیەوێت جێگای خۆی لە بازاری هاوبەشی ئەوروپادا EU بکاتەوە ئەوا دەبێت رێزگرتنی مافی مرۆڤ لە تورکیادا بگاتە هەمان ئاستی رێزگرتنی مافی مرۆڤ لە ئەوروپادا.

لیبرالەکانی تورکیا دەزانن کە تورکیا دەتوانێت قازانجێکی گەورە لەم واقیعە تازەیە بکات. زۆربەی زۆری کوردەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە تورکیادا دەژین و نزیکەی نیوەی کوردەکانی تورکیاش لە باشووری رۆژهەلاتی تورکیا (واتە کوردستانی تورکیا -وەرگێر-)

ناژین، بەڵکو بەشارە گەورەکانی تورکیادا بڵاوبوونەتەوە، هەر جۆرە کوردستانێک، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، درووست ببێت تورکیا لە هەموو وڵاتێکی دیکە زیاتر کاریگەری لەسەری دەبێت. کاتێک ئەو چالاکییە سەربازییانە کەم ببنەوەو یاسای مەدەنی جێگایان بگرێتەوەو ئیحتیمالی جۆرە ئۆتۆنۆمییەک هەبێت ڕەنگە کوردێکی زۆر ئامادەنەبن بە یەکجاری دەستبەرداری ئەو قازانجانە بن کە لە ئەنجامی ژیان لەناو تورکیای ئاوەداندا بەدەستی دەهێنن. بۆیە بەرژەوەندی تورکیا لەوەدایە کە بەزوویی سیاسەتێکی لیبراڵ بەرامبەر گیروگرفتی کورد پیادە بکات.

لە لایەنی جیۆپۆلیتیکییەوە، گەشەسەندنی مەسەلەی کورد هێندێک لە گیروگرفتەکانی دیکەی ناوچەکە، بە تایبەتی لەگەڵ ئێراندا، قووڵتر دەکاتەوە. ئێران دەمێکە ترسی لە ئایدیۆلۆژیای پان تورانیزمی کۆماری ئازەربایجان هەیە، کەڕەنگە ئازربایجانی ئێران بتەنێتەوە. ئێران دەبینێ کە تورکیا دەچێتە قۆناغێکی تازەی دەسەڵات زیادکردنی جیۆپۆلیتیکییەوە لە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاس و باکووری عێراقداو خەریکە گەمارۆی ئێران بدات. ئەگەر تورکیا دەسەڵاتی خۆی لە باکووری عێراق زیاد بکات و کار بکاتە سەر پاشەڕۆژی کوردەکان بە گشتی، ناوچە کوردییەکەی ئێرانیش دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە ئێران، زۆر ڕێی تێدەچێت، کە سیاسەتی دژ بە تورک بخاتە پرۆگرامی خۆیەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورکیا، کە ئەمڕۆ بەرامبەر بە ڕۆڵ و دەسەڵاتی ئێران لە ناوچەکە وەستاوە. شەڕی چەکداری نێوانی ئەم دووانە (تورکیاو ئێران- وەرگێڕ) بە دوور نازانن‌درێت.

## ئەزمەی ئایدیۆلۆژی لە جیهانی عەرەبدا

گەشەکردنی مەسەلەی کورد کاردەکاتە سەر جیهانی عەرەب و دەتوانێت زیانێکی گەورەی پێ بگەیەنێت، چونکە داخوازی کوردەکان، لە ڕاستیدا دژی پان عەرەبیزمە. پان عەرەبیزم، کە سنووری دەوڵەت دەبڕێت و یەکێتی جیهانی عەرەب دەردەبڕێت، لە زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکاندا بە بیرێکی تا ڕادەیێکی زۆر پیرۆز دادەندرێت. یەکێتی عەرەبیش، هەموو کاتێ، وەک ئایدیۆلۆژیایەکی سەرسەخت دژی ئیمپریالیزم خۆی نواندووەو بۆتە ئەو هێزەی کە بەرەنگاری مەترسی ئیمپریالیزم دەبێتەوە.

بەلام ئەمڕۆ جیهانی عەرەب بە قۆناغێکی تازەی ئەزمە (کریزا)ی ئایدیۆلۆژیدا دەڕوات وبە ئایدیۆلۆژیاینکی جێگری لیبرالی دژایەتی دەکرێت. ئەم ئایدیۆلۆژیا ساوا تازەیە گیروگرفتەکان ئالۆزتر دەکات، چونکە خالی لاوازی جیهانی عەرەب دەردەخات و ئەو ئەزمانەش دەخاتەڕوو کە بەرهەمی میکانیزمی ئەو دەسەلاتەیە کە بیری عەرەبی لەسەر وەستاوە. ئەو بیرە تازەیە پێی وایە کە تەنیا ئایدیۆلۆژیایکی لیبرال- دیموکراتی ریفۆرمیست دەتوانێت بەسەر ئەو ستروکتوری دەسەلاتەی پان عەرەبیزمدا سەربکەوێت کە عەرەبی بەرەو رەشترین قۆناخ بردووەو، بۆتە هۆی درووستبوونی کاولکارترین جۆری موجازەفاتی سەربازی.

لایەنگرانی بیری پان عەرەبیزم رەنگە سەدام بە رەق دابنێن، بەلام هەر ئەویش کۆلەکەی خۆشویستراوی هێزی عەرەبە. بۆیە یەکپارچەیی عێراق، کە هێزێکی عەرەبی پێویستە دژی مەترسی رۆژئاوا، دەبێت بە هەر شێوەیک بێت بپارێزرێت. هەر لەسەر ئەم ئەساسەشە کە هەندێک کەس پێیان وایە رۆژئاوا نیازی وێرانکردنی عێراقی هەیە، چونکە تاکە دەولەتە کە بتوانێت دژی بەرژەوەندی رۆژئاوا بوەستێتەوە. ئەوانەی خاوەنی ئەم بیروڕایانەن یەکێتی عێراقیان بەلاوە گرنگەو، تەنانەت هەر هەنگاوێکیش بەرەو ئۆتۆنۆمی بۆ کوردەکان بە سەرەتای پارچە پارچەکردنی دەسەلاتی عێراقی عەرەبی دەدەنە قەلەم ودژایەتی دەکەن. زۆر عەرەب پێیان وایە کە تورکیا کوردەکان بۆ فراوانکردنی دەسەلاتی خۆی بەرامبەر بە عەرەبەکان بەکار دێنێت بۆ پیادەکردنی قۆناخێکی خەتەری عوسمانی تازە (New-Ottmanism). لەم روانگەیەوە ئایدیۆلۆژیایکی لەم جۆرە نەک تەنیا بۆ عێراق بەلکو بۆ یەکێتی و سەربەرزی هەموو جیهانی عەرەب جێگای مەترسییە. عێراقێکی دیموکراتیش دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی شیعەکان، کە لە سەدا پەنجاوپێنج تا سەدا شێستی دانیشتوانن و باوەڕیان بە بیری پان عەرەبیزم، کە زۆربەی لایەنگرەکانی سوننین، نییە.

عەرەبەکان زۆر لەژێر دەسەلاتی بێگانەدا چەوساونەتەوە: لە پێشدا کۆلۆنیالیزمی عوسمانی و رۆژئاوا، پاشان دەست تێکەلاوکردنی رۆژئاوا. ئیسرائیل، کە بەبەشێک لە رۆژئاوا دانراوە، زۆر جار دەسەلاتی سوپایی عەرەبی شکاندووە. رۆژئاوا هەموو کاتێک هەولی کۆنترۆل کردنی نرخی نەوتی ناوچەکەی داوە. عەرەبەکان سەربەخۆیی خۆیان لەوەدا لەدەست دەدەن کە سەرەڕای ئەوەی خاوەنی کەرەسەیکی ستراتیژی وەکو نەوتن،

کەچی ناتوانن بەو شێوەیەی دەیانەوێت بەکاری بهێنن. ئابووری ناوچەکە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی بازاڕی بەهێزی ڕۆژئاواو دەزگا ئابوورییە ڕیفۆرمیستە جیهانییەکانەوە.

زۆر لە عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بە گومانەوە تەماشای ڕیفۆرمی دیموکراتی و مافی کەمە نەتەوەییەکان دەکەن و بە کەرەسەی تازەی ڕۆژئاوای دادەنێن بۆ کەم کردنەوەی هێزی سەربەخۆیی عەرەب. هەر بۆیەش ئەم وتارە لەلایەن زۆر کەسەوە بە تێکدەرو هێرش دژی سیستەمی دەوڵەتی عەرەبی لەقەڵەم دەدرێت. بەڵام ئاشکراش نییە جیهانی عەرەبی پێشنیاری چییەو چۆن لەگەڵ گیروگرفتەکانی کۆمەڵگەی فرەئایینی و فرەنەتەوەییدا ڕەفتار دەکات. ئێستا ئەو گیروگرفتە هەر وەک خۆی ماوە چونکە دیموکراتی بە دڵنیاییەوە دەسەڵاتێکی زۆرتر بەو گرووپە ئایینی و میللیانە دەدات کە دەچەوسێندرێنەوە. ئەم کارەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و لەلایەن دەستەی حوکمڕانە کۆنەکانەوە قبووڵ ناکرێت. دیموکراتی کۆمەڵێک کریزای چاوەڕوانکراو، لە جیهانی عەرەبدا دەخاتە ڕوو، لەوانە:

1- حوکمی کەمە ئاینییەکان لە عێراق و سوریاو بەحرەین.

2- پێشێلکردنی مافی سیاسیی ئەو کەمەنەتەوانەی کە ،لە کوێت و عەرەبستانی سعودی و سودان، بە هاونیشتمانی پلە دوو لەقەڵەم دەدرێن.

3- مەسیحییەکانی میسر.

4- بەربەرەکانی باکووری ئەفریقا.

لە ئەنجامی کاریگەری ئەم قۆناغە تازەیەی مافی چارەی خۆنووسین لەسەر گۆڕەپانی جیهانی و لەگەڵ کەمتر قبووڵکردنی نەبوونی دیموکراتی لە لەیەن هێزە جیهانییەکانەوەو ڕازی نەبوونیان بە چەوسانەوەی سیاسی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، ئەم کریزانەی سەرەوە زۆر بە خێرایی گەشە دەکەن.

## کوردەکان لە دووریانێکدا

چارەنووسی کوردەکان گرنگییکی تایبەتی بۆ ناوچەکە هەیە. ئەگەر کوردەکان لەهەر شوێنێک دەوڵەت درووست بکەن، ناوچەکە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا دێت و سنووری جیۆپۆلیتیکی عێراق و ئێران و تورکیا هاوسەنگی هێزی جارانی ناوچەکە دەگۆڕدرێت. بەڵام ئەگەر هیچ دەوڵەتێکی کوردیش درووست نەبێت هەر هێندە کاریگەر دەبێت. چونکە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبێت پەنا بۆ زەبروزەنگ بەرێت بۆ سەرکوتکردنی ئەو کەمەنەتەوانەی لە سنووری ئەو دەوڵەتانە ناڕازین. کارێکی واش لەسەر حسابی سیستەمی دیموکراتی و پاراستنی مافی مرۆڤ دەکرێت. ئەم کارە زۆر گران لەسەر ناوچەکەو لەسەر جیهان دەکەوێت، چونکە چەند ڕژێمێکی لەقی دەستکردو نەفەسکورتی بە زەبروزەنگ دروست دەکات کە دەبنە کەرەستەیێکی خاوی شەڕو ئاژاوەو دووبەرەکی و دەست تێوەردانی دەرەکی. ئەلتەرناتیڤ —بەدیل—ی ئەم کارە ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵی دیموکرات دروست ببێت کە تیایدا بۆ نموونە کوردەکان مافە میللییەکانیان بەدەست بهێنن. کارێکی وا سیمای گۆڕینی سیفەتی سیاسەتی ناوچەکە هەڵدەگرێت.

ئایا سیاسەتمەدارانی ئەمریکا چۆن لەگەڵ مەسەلەیێکی ئاوا پڕ لە بەرژەوەندی جیا جیا بجوڵێنەوە؟ یەکەم دەبێت ئەوە قبووڵ بکەن کە ئەو گۆڕانکارییە بنەڕەتییەی، کە لەمێژە کپ کراوەو زۆریش پێویستە، دەبێت ڕوویدات ئەگەر بشبێتە هۆی ناجێگیری و پەشێوی. لەڕاستیدا وا باشترە کە کوردەکان بتوانن مافە میللی و کولتوورییەکانیان بەدەست بهێنن بەبێ ئەوەی ناچار بین سێ وڵات دابەش بکەن بۆئەوەی وڵاتی خۆیان دابمەزرێنن. بەڵام ئەگەر ئەو دەوڵەتانەی کە ئەم مەسەلەیە دەیان گرێتەوە نەتوانن ئەو گۆڕانکارییەسیاسی کولتوورییە پێویستانە ئەنجام بدەن ئەوا بەدڵنیایی سنوورەکانیان دەگۆڕدرێت. هەوڵ و تەقەلای ئەمریکا زۆر بە بەرهەمتر دەبێت ئەگەر لەگەڵ دەوڵەتەکانی دیکەو نەتەوە یەکگرتووەکاندا چارەسەرێک بۆ گیروگرفتی جیابوونەوەی میللی بدۆزنەوە. لیژنەی جیهانی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی میللەتان دەتوانێت لە داهاتوودا چەند کارێک بکات: چاودێریکردنی جیهانی، گەرەنتی جیهانی بۆ مافی مرۆڤ و مافی تاک، گەمارۆدان، ئۆتۆنۆمی کولتووری، بەناوچەکردنی سیاسەت، فیدراڵی و کۆنفیدراڵی. واشنتۆن دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی (وا باشە لەگەڵ لایەنی دیکەدا) بەکاربهێنێت بۆ ئەوەی وا لەو دەوڵەتانە بکات کە گیروگرفتیان هەیە کە بەزوویی و بە شێوەیێکی دروسکارانە ڕەفتار لەگەڵ ئەو گیروگرفتە میللی و ناوچەییانەیان بکەن کە مەترسی تەقینەوەیان لێدەکرێت.

بێ گومان ئەمریکاییەکان، بێجگە لە سووکە دڵنیاییک لە پاراستنی مافی مرۆڤ لەجیهاندا، بەرژەوەندی دیکەیان لە دەرەوە هەیە. بەڵام پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە گیروگرفتی گەورەتری وەک دیکتاتۆری و دەستدرێژی و پشێوی ناوخۆوە بەستراوەتەوە.

ئالۆزییەکە لەوەدایە کە ئایا ئەمریکا چۆن گرنگی گوێ پێدان بە مافی مرۆڤ بەرامبەر بە بەرژەوەندی پەیوەندییەکانی دیکەی هەڵدەسەنگێنێت. ناتوانرێت یاسایێکی دیاریکراو بۆ ئەم کارە دابندرێت جگە لەوەی کە مافی مرۆڤ و وردە وردە هەنگاونان بەرەو دیموکراتی دەبێت، لە سیاسەتی ئەمریکادا، بایەخی زۆری پێبدرێت. ئەو هەنگاوانەی کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە دەنرێن پەیوەندییان بە بارودۆخ وبەو دەوڵەتەوە هەیە کە مەسەلەکە دەیگرێتەوە. ئەو دەوڵەتانەی کە بەشێوەیێکی دڕندانە مافی مرۆڤ پێشێل دەکەن، وەک عێراق و سێربیا، شایەنی ئەوەن کە مامەڵەی توندیان لەگەڵ بکرێت. ئاست و ڕادەی تەقینەوەی چەوسانەوەکە فاکتۆرێکی دیکەی چۆنیەتی ڕەفتارکردنە. بڕیاردان و هەڵبژاردن ئاسان نییە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لە سەری سەرەوەی خشتەی کاری جیهانی سەردەمی پاش شەڕی سارددا جێگای خۆی کردۆتەوە.

لەم ڕووەوە، لە سیستەمی تازەی جیهاندا، مەسەلەی کورد گیروگرفتێکی سەرەکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. ئەگەر دەوڵەتەکانی ناوچەکە دەیانەوێت گۆڕینی گەورە لە سنووری دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەبینن ئەوا کارەکەیان بۆ ئامادەکراوە. کوردەکان لەم دووڕیانەدا وەستاون و چی دی چاوەڕێ ناکەن.

# تارمایی سیڤەر!

هاشم کۆچانی

ئایا پاش دووەمین شەڕی جیهان و کۆتایی پەنجاکان قۆناخی دامەزراندنی دەوڵەتی نیشتمانی تەواوبوو؟

تا ئەوکاتە زۆربەی گەلان بەو مافە سرووشتییەی خۆیان گەیشتن. بەڵام ستەمێکی گەورە لە ژمارەیێکی تریان کراو ئەم ڕێگایەیان بەڕوودا داخرا. لە چوارچێوەی دەوڵەتە دەستکردو سنوورە ساختەکانیشدا چەندان نیشتمان و نەتەوەی تر بە بندەستی مانەوە. ئەوان نەک هەر ڕێگای سەربەخۆییان لێگیرا، بەڵکو ئەو بوارەشیان بۆ نەمایەوە کە بتوانن بەجیا هەڵکەوتوویی کولتووریی خۆیان بپارێزن و، لە ناو ئەو دەوڵەتانەدا، ناسنامەو قەوارەی سیاسیی خۆیان دابین بکەن. بە پێچەوانەوە ڕەگەزپەرستیی نەتەوە باڵادەستەکان و ستەمی چەواشەکارانەی ئایدیۆلۆژیا دەیانویست ئەو نیشتمان و گەلانە وەک سەهۆڵی ناو ئاو بتوێننەوە. ئەی ئاکام چی ڕوویدا؟

هەڵوەشاندنەوەی گەورەترین ئیمپراتۆری هاوچەرخ (یەکێتی سۆڤیەت)، کە ڕووبەرەکەی شەش یەکی دنیا بوو، قۆناخێکی تری پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی نیشتمانی دەستپێکردەوە. ئەم کارەش دەوڵەتانی فرەنیشتمانی لە بناخەوە لەقاند. پێمرایە، لەم دەورانە تازەیەشدا، سێ هۆکاری سەرەکی هەن کە ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە سەرکەوتن یاخود ژێرکەوتنی پرۆسەی پێکەوەنانی قەوارەی سیاسی بۆ گەلانی بێدەوڵەت، لە خاکی خۆیاندا، دەنوێنن:

یەکەم: باری زاتی و خۆساخکردنەوەو سووربوونی ئەو گەلەی کە دەوڵەت دەخوازێ

دووەم: پەیوەندی و بەرژەوەندی زلهێزان لەو ناوچەیەی کە ئەم پرۆسەیەی تێدا بەڕێوە دەچێت.

سێیەم: شارستانی ،یان بەربەریزم کامیان دەسەڵاتی بەسەر کولتووری ئەو نەتەوە سەردەستانەدا هەیە، کە دەوڵەتەکانیان مۆرکی کۆلۆنیالیستانەیان دەرهەق بە گەلانی تر هەیە.

کێشەی گەلانی بێدەوڵەت کێشەیێکی جیهانییەو زۆربەی کیشوەرو ناوچەکانی دنیای گرتۆتەوە و، ڕووبەڕووی کۆمەڵگای نێودەوڵەتان بۆتەوە. ئەمڕۆ لە چەندان زانکۆو ئامۆژگای تایبەت بە لێکۆڵینەوە ستراتیژییەکان قسەو باسی لەسەر دەکرێت و دیدو تێبینی ستراتیژیی سەبارەت ڕادەگەیێندرێت.

یەکێک لەو دیدو بۆچوونانە ئەوەیە، ئەگەر دەستکاریکردنی سنوورەکان لە تەواوی دنیادا کارێکی سانا نییە و ڕەنگە ببێتە هۆی شیرازە تێکچوون و گرژی باری نێودەوڵەتان، ئەوا دەبێ چوارچێوەی دەوڵەتانی فرەنیشتمان بە جۆرێکی لێبکرێت کە شوێنی ئازادی سیاسی و کەرامەتی

نەتەوایەتی و کولتووری گەلانی بندەستی تێدا ببێتەوە. هەر گەلێک لەسەر خاکی نیشتمانی خۆی سەروەری سیاسی و سەربەخۆیی کولتووری و خۆبەڕێوەبردنی هەبێت و، لە ڕووی ئابووریشەوە پەیوەندییێکی فیدرالی و هاودەوڵەتی لەگەڵ گەلە سەردەستەکەدا هەبێت. واتا لە دەوڵەتانی فرەنیشتماندا (ئینتیما)بە نیشتمان و(ئینتیما)بۆ دەوڵەت تێکەڵ بەیەکتری نەکرێن.

بۆ نوونە: باشووری کوردستان نیشتمانی گەلی کوردو نەتەوەکانی تری کوردستانە (نەک عێراق). عێراقیش (نەک باشووری کوردستان) نیشتمانی گەلی عەرەبی عێراقە. لەم بارەشدا دەبێ ناوێکی نوێ بۆ دەوڵەتە فیدرالییەکە بدۆزرێتەوە، کە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی و بەرژەوەندیی ئابووری هەردوو نیشتمانەکەو، بۆ نوێنەرایەتیکردنی هەردوولا لە دەرەوە بگونجێت.

کارکردن بۆ بەرنامەیێکی لەم چەشنە بۆ باشووری کوردستان، هەروا بۆ پارچەکانی تری کوردستانیش، ڕێگایێکی لەبارە بۆ ئێستاو لەسەر ئاستی جیهان قبوولکراوە.

بەڵام کێ بەم کارە ڕابێت؟ ئەم جۆرە کارە پرۆژەی سیاسی و ڕۆشنبیری گەرەکە کە ئێمە نیمانە.

## زەینکوێریی

لە باشووری وڵاتدا پرۆسەیێکی گەورەی نیشتمانی لەئارادایەو دەکرێ بەو ڕەوتەدا، کە باسکرا، ببرێت و بچەسپێندرێت و داهاتووی کورد لە دۆڕان بپارێزرێت.

کەچی حوکمڕانەکان دروست پێچەوانەی ئەو بارە سیاسییەی باشوور ڕەفتار دەکەن و هەر ئەو مێژووە گێژو چەواشەیە وەبەرهەم دێننەوە، کە سەدان ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، میرو سەرۆک هۆزەکان بۆیان بەجێهێشتووین. ئەوەتا پرۆسەکەیان خستۆتە گیانەڵاو دواهەناسەکانی بە مەرگ دەسپێرن و؛ ئەگەر تۆزە هیوایێک مابێتەوە، هەر ئەوەندەیە کە هێشتا بە وەفاتنامەی ڕەسمی بە گۆڕستانی مێژوو نەسپێردراوە.

ئەم دوو دەزگا حوکمڕانەی باشوور تەوەهێن دوای تەوەهێن بە خەباتی گەلەکەمان لە باکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان دەکەن و، هێندە زەینکوێرن، کە تورکیا لە تەپکەی ناون و دەیەوێت بیانکات بە (سوارەی حەمیدییە). بەڵام ئەم جارەیان نەک بۆ داکۆکی کردن لە "خەلافەتی ئیسلام"، بەڵکو ڕاستەوخۆ دژی کوردو بۆ پاراستنی تورکیا. زاکیرەی سیاسەتمەدارە حوکمڕانەکانی باشوور وەک قالبە سابوونێکی لێهاتووە بەدەستی خوێناوی ژەنەڕاڵەکانی تورکیاو مەندیل بەسەرانی ویلایەتی فەقێوە.

لەڕووی مافی مرۆڤیشەوە، ئەوەی ئەم حوکمڕانانە دەرهەق بە گەلەکەمان کردوویانە

بەربەرییەتێکی خۆمالیی‌یەوە، بەر لەوان هیچ میرو هێزێکی سیاسی کورد پەیڕەوی نەکردووە. بلێی ستەم لە باپیرانمان نەکەین گەر بلێین، شەڕی ئەم دەزگا حیزبییانە فۆتۆکۆپییێکی – لە ڕووی تەکنیکییەوە– مۆدێرنی شەڕی دواکەوتوویی و خێلەکی ئەوان بێت؟

چونکە خیتابی ئەوان (خیتابی هۆز) لە ئاشتی وشەڕدا گوێی لە ڕەعیەتەکانی خۆی گرتووە. پلەو پایەی مەجلیسی هۆزو ڕدێنسپیان، لای سەرۆک هۆزو میری ناوچە، زۆر بەحورمەتتر بووە تا پلەو پایەی پەرلەمان و ڕای گشتی خەلک لای سەرکردەکانی باشوور.

خیتابی کەڕو لالی ئەمان گوێ لەکەس ناگرێت. نەبە کتێب سوتاندنی نووسەران، نە بڕیاری خۆسوتاندنی (49) ڕووناکبیر، نە خۆپێشاندانی سەدهەزار کەسی هەولێر، نە کۆششی ڕوناکبیران و هێزە سیاسییەکانی سەرانسەری کوردستان و ، نە کۆششی دۆستانی گەلەکەمان.

ئێستاش، دوای سالێکی شەڕو ئەو زیانە زەبەندە کۆمەلایەتییەی دەدرێ بە کۆلی گەلەکەماندا، ئەوەتا (بارکردنی) مالی سەرکردەی هەردوو هێزە چەکدارەکە لە سەلاحەدین و هەولێر بۆتە یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی شەڕراگرتن.

دیارە سایکۆلۆژیەتی کۆیلایەتی بەرادەیێک کاری تێکردووین، کە هەر کاتێک بەربەرییەتی بێگانە بەسەر سەرمانەوە هەلنەواسرابێت، خێرا بەربەریەتێکی ناوخۆیی –کە پێدەچێت لە ناخماندا هەبێت– وەبەرهەم دێنین و، دەبێتە نەریت و هەلسوکەوتی هەستپێکراو. چ گالتەجارییێکە، کە شەڕو ئاشتی و چارەنووس لە ولاتێکدا بە بارکردنی مالی ئەم سەرکردەو ئەویتر تێکەل بکرێت.

ناکۆکی سیاسی و غەیرە سیاسی لەناو بزوتنەوەیێکی هاونامانجدا نابێ لە مێزی عەقل دووربخرێتەوە. هەر ڕاکردنێک لە گفتوگۆ و پەنابردن بۆ شەڕهەلگیرساندن دواکەوتوویی لایەنە ناکۆکەکان دەردەخات.

## مارشێکی ناساز

لای ئێمە هێشتا ڕۆشنبیری نەیتوانیوە وەک پرۆژەو دەزگاو دەسەلات سەرهەلبدات. هەر بۆیە لە وەرچەرخانە سامناکەکاندا دەبینین بەشێک لە ڕوناکبیران دەبنە پاشکۆیێکی توتییانەی بارە سیاسییە نانەتەوەیی و دژە عیلمانییەکە. ئەوانیش داکۆکی لە هۆشیاریی بەر لە دروستبوونی نەتەوە دەکەن. مرۆڤ ناتوانێ عەقلی ئەم جۆرە ڕۆشنبیرانەو عەقلی تفەنگ بەدەستێکی مەیدانی شەڕی ترسنۆکانەی کوردکوژی لێک جیابکاتەوە.

دەبێ ڕوناکبیر شایەت بێ بەسەر دەسەلاتی سیاسییەوە، نەک بیێتە شایەت بۆی، دزێوی سیاسەتمەداران ڕیسوا بکات و، بڕوبیانوو بۆ تاوانەکانیان نەهێنێتەوە.عەقلی پرسیارکارانە و ڕەخنەگرانە بلاوبکاتەوە، نەک عەقلی شانتەکاندن و بەهانەهێنەرەوە. ڕوناکبیری کورد دەبێ عەقلی سیاسیی کورد ناچاربکات گوێ لە ڕەخنەبگرێت.

کاتێک سەرکردە سیاسییەکان، بۆ شاردنەوەی هۆکاری ڕاستەقینەی شەڕ، بابەتی تیۆری و زانستی سەقەت دەکەن و دەیکەن بەگالۆک، وەک ئەوەی گوایا بەم شەڕە پەیوەندی و نفوزی خێلایەتی پاکتاو دەکەن، دەبێ ڕوناکبیری کورد بەدرۆیان بخاتەوە. مەگەر مێژوو نموونەێکمان پێشاندەدات کە پەیوەندی خێلایەتی و دواکەوتوویی کۆمەلایەتی بە تفەنگ لەناوچووبن، تا لە کوردستاندا ئەم کارە بکرێت؟

ئایا شەڕی ناوخۆ، یان بلاوبوونەوەو کەلەکەبوونی خوێندەواری و پیشەسازی و مۆدێرنکردنی کشتوکال... کارتێکردن و نفوزی خێلایەتی لەناودەبەن؟

ئەم مارشە ناسازە وەک ئەوە دێتە بەرگوێ، کە بۆ خۆدزینەوە لە بنیاتنان و گۆڕانکاری لە کۆمەلدا، داوای شۆڕشی چەکداری بکرێت بۆ ڕزگاربوونی ئافرەت و یەکسانبوونی لەگەل پیاودا!

ڕوناکبیر دەبێ بەگژ هۆشیاریی بازاڕییانەی سیاسییەکاندا بچێت، کاتێک کە هەست بەشکستی میرنشینی حیزبەکانیان دەکەن، زۆر بێ منەتانە سوکایەتی بە هاونەتەوەیی و هاوزمانی گەلەکەمان دەکەن و، بە عەقلی (سێ ڕسکانێ) یانەوە نیشانە لە فرەزاراوەیی زمانەکەمان دەگرن و، گەمەی سۆران و بادینان دادەهێنن، کە تەنانەت دەولەتی داگیرکەری عێراق کاتێ سەرەک هۆزو دەرەبەگ و سیاسییە دۆڕاوەکانی خڕدەکردەوە هێزی چەکداریی لێ دروستدەکردن، نەیدەوێرا باسی سۆرانی و بادینییان لەگەلدا بکات، نەوەک هەستی نەتەوەییان بریندار بێت و لێی هەلگەڕێنەوە.

خیتابی ڕوناکبیران دەبێت جەخت لەسەر ئەوە بکات، کە کۆمەلگای مۆزایکیی کوردستان، کە بەچەند زاراوەێکی زمانی کوردی دەپەیڤن و، هەبوونی چەندان هەرێم و ناوچە و ژمارەیەک ئاین و ئاینزا و، چەند نەتەوەێکی غەیرەکوردی وەک ئاشوور تورکمان و ئەرمەن لە کوردستاندا، ئەمانە هەموو هێزوتوناو فرەکولتووری و فرەڕەنگی شاخ نشین و گەرمێن نشینمان پێدەبەخشن.

خیتابی سیایی و ڕۆشنبیریی کاتێک دەتوانێت دیموکرات و کوردستانی بێت، کە لەناو خودو، لە نێوان خودو خودێکی تردا، شارستانی و دیموکرات بێت.

(Agçtan maşa olmaz kurten paşa olmaz) *

هاتنی لەشکری تورکیا بۆ باشووری کوردستان یەک مانای هەیە؛ ئەویش ئەوەیە کورد نابێت قەوارەی سیاسیی هەبێت. تانک و زرێپۆشەکانیان، کلاوی ئاسنینی سەربان، گەشتەکانی وەزیری دەرەوەیان، زەردەخەنەی پڕ لە ترسی تانسۆ چیلەر لە تارمایی پەیمانی سیڤەر، هەموو دەڵێن، کە لە هیچ بستە زەوییەکی رۆژهەڵاتدا، کورد نابێت قەوارەی خۆی هەبێت.

تورکیا دەیەوێت تەنگ بە پێشمەرگەکانی پ ک ک هەڵچنێت و فشار بخاتە سەر یەکێک لە رێگاکانی هاتووچۆیان، بەڵام ئەوان چەندان رێگای تریان هەیە. تورکەکان باش دەزانن پ ک ک نەک هەر لەشارو گوندەکانی باکووردایە، بەڵکو رۆژانە لە ئەستەمبووڵ و ئەنقەرەو ئەزمیردا بە چاویاندا دەچێت. خاشەبرکردنی پ ک ک و گوایا تیرۆریستان لە زاخۆو سەرسەنگ و دەرکارعەجەمدا، بیانوویەکی تورکییەو (تۆزی) تونە لە چاوی رای گشتی دەکەن ئەوان بۆ فاتیحاخوێندنی پرۆسەکەی باشوور هاتوون.

ئەوان لە کورد زیاتر خۆیان بە خاوەنی باشوور دەزانن،(قەرزێکەو بەزۆر لێیان وەرگیراوە، قەرز کۆن دەبێت بەڵام نافەوتێت). ئەم هاتنەی ئەوان پیلانی نێو عەمبارەو ئەمڕۆ دەیخەنە روو. پیلانی گێڕانەوەی (ویلایەتی موسل)ە. تورک باشووری کوردستان بە گیرفانێکی پڕ لە زێڕی پاڵتۆ شیتاڵ شیتالکراوەکەی ئیمپراتۆریی عوسمانی دەزانێت. قەت هەلیش وەک ئەمڕۆ لەبار نەبووە. ئەمانی پەیوەندی سیاسیی باشوور بە دەوڵەتی عێراقەوە وەک سالانی 1920-1926 دێتە پێش چاو، بە یەک جیاوازییەوە ئەویش شەڕی ناوخۆیە. پێشدەچێ ئەمریکا ئاگای لە ئورگیناڵ و کۆدی ئەم پیلانە هەبێت.

پیلانەکەش بەوە تەواونابێت لەشکری تورکیا بێنێتەوە یان بگەڕێتەوە.ئەوان بشگەڕێنەوە (بزمارەکەی مەلای مەشهوور) بە جێدێڵن، تا هەر کاتێ بیانەوێ بگەڕێنەوەو بڵێن هاتووین پاڵتۆ بە بزمارەکەماندا هەڵواسین. شەڕی حوکمڕانانی باشوور، بۆتە سەیوانێک لە سایەیدا داگیرکەران بە جیاجیا و پێکەوە دەتوانن پیلانەکانیان دژی گەلەکەمان لە باشوور و تەواوی کوردستان ئەنجام بدەن. دەشتوانن باشووری کوردستان بکەنە مەیدانی (فرەدەسەڵاتیی) بۆ خۆیان و، بەرژەوەندییە تاکۆک و کەڵەکبووەکانی نێوانیان لە کوردستاندا یەکلا بکەنەوە.

حوکمڕانانی تورکیا ئەگەر نەتوانن مەسەلەی ویلایەتی موسڵ بخەنەوە مەیدانی ئاڵوێر، ئەوە

* (لە دار ماشە نابێ لە کوردان پاشا نابێ) لە کۆنەوە ئەم قسەیە لە ناو تورکدا باو و بلاوە.

بەو مانایە نییە کە دەستبەرداری ئەو خەونە دەبن. ئەوکاتە ڕەنگە بالکۆنێک لە سنووردا داگیربکەن، بۆ کۆنترۆڵکردنی باشووری کوردستان، یان لەگەڵ عێراقدا ڕێک بکەون و پیلانێکی دوو قۆڵی بەسەر گەلەکەماندا بسەپێنن.

هەرچۆنێک بێت و هەرکام لەو ئەگەرانەیان بۆ بچێتەسەر، پێویستە ئێمە وەک ئەتەوەو وەک بزووتنەوە بڵێین تورکیا بۆ دەرەوەو برۆ سنووری جوگرافی خۆت کۆنترۆڵ بکەو، ئێمە سنوور بۆ ئاسایشی وڵاتی خۆمان دەپارێزین و، پاسی سنووری خەڵک بە ئێمە ناکرێت.

لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر ئەوە بکرێت، کە کەس بۆی نییە بەبێ ڕەزامەندی گەلەکەمان هیچ مەقەستکارییێک لە خاکی باشووری کوردستاندا بکات. بەرامبەر بەم پیلانەی ئێستا و هەر چ پیلان و ئەگەرێکی ئایندە پێویستە داوای زیندووکردنەوەی پەیمانی سیڤەرو سازدانی ڕیفراندۆم لە باشوورو باکوردا بکرێت.

کاتێک لەشکری بێگانە پێی ناوەتە خاکی وڵاتێکەوە، گەلی ئەو وڵاتە بەچەک بێت یان بەدەستی بەتاڵ ڕوو بەڕووی داگیرکەران بوونەتەوە. کەچی ئەمڕۆ، لە سایەی شەڕی ناوخۆدا، گەلەکەمان بە ڕادەیێکی ئەوتۆ بێ ئیرادەکراوە، لەگەڵ ئەوەی زیاتر لە نیو ملیۆن چەکدار لە باشووردا هەیە، کەچی تەنانەت هەڕەشەیێکیش لەم کەلەگاییەی تورکیا نەکرا. بەڵام ئەو سەدان هەزار چەکدارە، لە تەواوی کوردستاندا، لەوپەڕی ئامادەبوون و هاتوچۆدان بۆ شەڕی کوردکوژی و لەگۆڕنانی ئازادی. ئێستا لە کۆتایی سەدەی بیستەم داین و بەرەو سەدەی بیست و یەکەم دەڕۆین. ئێمە لە بنیاتنانی قەوارەی نەتەوەییدا یەک سەدە لە گەلانی دەوروبەرمان دواکەوتووین. نەتەوەکەمان لە دووڕیانێکی خەتەرناکدایە: ملنان بەرەو هەڵدێرو تێکشکان، یاخود سووربوون بە ڕێگای سەربەخۆیی و پێکهێنانی قەوارەی نیشتمانی.

گەر بمانەوێ مێژوویێکی نەزۆک و ئایندەیێکی دارزاو بۆ گەلەکەمان نەنووسینەوە ئەوا دەبێ:

یەکەم: لە باشووردا پرۆسەکە لە گیانەڵا ڕزگابکرێت.

دووەم: پشتیوانی و هاریکاریی خەبات و مقاوەمەتی گەلەکەمان لە باکوور بکرێت.

پێویستە خەبات و لێکۆڵینەوەو کارکردنی هێزە سیاسییەکان و ڕوناکبیرانی گەلەکەمان لەو دوو خاڵەدا کۆببنەوە، بەرەو ستراتیژێکی نیشتمانی کە بتوانێت گەلەکەمان لە باکوورو باشوور لە تێشکان بپارێزێت و، خەبات لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بەهێز بکات و پێشبینی ئەو گۆڕانانە بکات کە ڕەنگە لە ئێراندا ڕووبدەن.

1995-5-1

# ڕۆڵی کۆلۆنیالکردنی کولتووری لە دواخستنی ڕێنسانسی نەتەوەیی کورددا

عەتا فایەق قەرەداغی

کولتوور ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە ڕێنسانسی نەتەوەییداو یەکەمین هۆکاری دروستبوونی هەست و هۆشیاری نەتەوەییە. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش پرسیارکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی دروستدەبێت، هەر خودی کولتووریش دەبێتە ڕێگاخۆشکەر بۆ بنیادنانی پرۆژەی ڕۆشنبیری کە ئەنجام بەرەو دروستکردن و بەرهەمهێنانی بیری نەتەوەیی ڕێگا خۆشدەکات.

کولتووری نەتەوەیی،واتە: زمان و مێژوو وئایین و خووڕەوشت و هەست و هۆشیاری و کۆنەست... هۆکاری هەرە سەرەکین بۆدروستکردنی خود، ئەوەش چ خودی تاک بێت یان نەتەوە. بە مانایکی دی دروستکردنی کەسایەتی کوردی دابڕاو لە کولتووری نەتەوەیی کوردی کارێکی نەشیاوە. بەپێچەوانەشەوە هەر دابڕان و دوورکەوتنەوەیێک لە کولتووری نەتەوەیی مانای جیابوونەوە لە بەرهەمی فیکری و عەقڵی و هەست و نەستی نەتەوە، واتا جیابوونەوە لە مێژوو، ئەمیش دەبێتە هۆی پچڕاندنی ڕەگ و ڕیشەی مرۆڤ چ وەک تاک ، چ وەک نەتەوە لە ڕابردوو. جیابوونەوەش لە ڕابردوو مرۆڤ دەکاتە ئەفریدەبوونێکی نامۆ کە بە ئاسانی ونبێت. کاتێ هەر نەتەوەیێک دوچاری کۆلۆنیالیکردنی کولتووری دێت مانای ئەوەیە کە زەمینەی ونبوونی بۆ ئامادەکراوە.

کورد دەمێکە ڕووبەڕووی کارەساتی دابڕان لەکولتووری خۆی هاتووە،ئەمەش ڕێگەی بۆ ونبوونی خۆشکردووەو لەهەمان کاتدا بۆتە هۆی دواخستن ولەبارچوونی ڕێنسانسی فیکری و ڕۆشنبیری کوردی. جیاکردنەوەی مرۆڤ لە ڕابردووی خۆی(کە بەگوێرەی کورد گومان دەکەین هەرگیز ڕابردوویکی گەشی بووبێت) مانای بڕینی ڕەگ و ڕیشەی هەر یادەوەرییەک بە مێژوویەکەیەوە کە لەباری نەستەوە زەمینەی ونبوون ئامادە دەکات، بەواتا باری هەست بەنامۆیی و جیابوونەوە دەبێتە حاڵەتێکی دیارو ئاشکرا، ئەوەش دواجار هەستی خۆبەکەمزانین و بێتوانایی لە کۆنەستی نەتەوەدا دروستدەکات، وەکو ئەو حاڵەتەی کە ئێستا بەئاشکرا هەستی خۆبەکەم زانین لەبەرامبەر هەر کەسایەتییکی غەیری کوردا چ

وەک تاک، یان وەک نەتەوە بەدی دەکرێت، چونکە مرۆڤی کورد هەست بەئامادەبوونی خۆی ناکات چ لە ئێستاداو چ لە ڕابردوو. کاتێ سەرنجدەدات پانتاییەکی پڕ لەهەرەس زیاتر شتێک نابینێت کە مایەی شانازی پێوەکردن بێت و بەوپێیەش ببێتە ڕۆحی بزوێنەرو دروستکەری هەستی ژیانەوەو بنیادنەرەوەی کەسییەتی تێکشکاوی. دیارە حاڵەتێکی لەوجۆرەش زیاتر کوردی کردۆتە نەفریدەبوویەکی قەدەری و ئیرادەی لێسەندوتەوە، ئەنجام وای لێهاتووە کە زیاتر پشت بەدەرەوەی خۆی ببەستێت،ئەویش یان پشتبەستن بووە بە هێزی غەیبانی و قەدەری دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤ، یان بە هێزی دەرەکی و هەردەم خۆی لە حاڵەتی پاشکۆییدا بمێنێتەوە. ئەمەش بریتییە لە شکستی ئیرادەو خۆسپاردن بە قەدەر، کە ئەمەش وەک بەشێکی پەیوەست بە ژیانی کۆنەستی کۆمەڵایەتییەوە شکستییەکی ترسناکەو نیشانەی بۆشییەکی گەورەیە لەنێوان حاڵەتی مەعنەوی مرۆڤی کوردو مێژوو و کولتووریدا، کە لاوازی و بێناسنامەیی ئەو مێژوو وکولتوورە خوڵقێنەری ئەو بارە ترسناکەن.

ئەم بارەی پانتایی مێژووی وسۆسیۆلۆژییەی کورد ناتوانێ ببێتە دروستکەری پرسیار، یان زەمینەی پرسیار لە خودی خۆیی و لە دەرەوەی خۆی ئامادە بکات، بە پێچەوانەوە وەڵامی ئامادە جێگای هەموو پرسیارێک دەگرێتەوە. یەقین و دڵنیایی هەموو گومانێک دەخنکێنێت. خنکاندنی گومان لە بنەڕەتدا زەمینە بۆ خنکاندنی هەموو پرسیارێک خۆشدەکات. لە کاتێکدا خودی ئامادە و خاوەن کەینوونە توانای پرسیارکردنی هەیە، لە کاتێکدا ئێمە وەک نەتەوە خاوەنی کەینوونە نەبین و بگرە فڕێدرابین بۆ دەرەوەی مێژوویێک، کە لەیادچوونەوە کردبێتی بە ڕابردوو، داخۆ دەکرێت هەروا بە ئاسانی پرسیاری زیندووی لە ناسنامەو ماهیەتی نەتەوەیی تێدا دروست ببێت؟.

بێ گومان بەشێکی زۆری پرۆسەی کۆلۆنیالکردنی کوردستان، هەر لەکۆنەوە تا ئێستا، لە ژێر کاریگەری هۆکاری ئامادەبوونی دەرەوەی کوردستان و نائامادەبوونی خودی کورددا بووە، ئەمەش کە شێوازێکی دەسەڵاتی بەخۆی داوە هەموو بوارەکانی گرتۆتەوە. کاتێ کوردستان لەڕووی دەسەڵاتی سیاسی،ئابووری، ئایینی، کولتووری... وەک بۆشاییەک بووە ئەوا دەسەڵاتی دەرەوە توانیویەتی کۆنترۆڵی ئەم بۆشاییە بکات و خودی لاوازی کورد بە کولتوورو ئایین و زمان و داب و نەریتەوە تێک بشکێنێ و، کورد فڕێبداتە

پەراوێزی مێژووەوە. پێشتر، لە زنجیرە وتارێکدا، دەربارەی ڕۆڵی کۆلۆنیالکردنی کولتووری لە تێشکاندنی ئایینی زەردەشتییەوە تا ناوەراستی سەدەی نۆزدەیەم دواین. ئێستایش هەوڵ دەدەم ڕووناکییەک بخەمە سەرکاریگەری پرۆسەی کۆلۆنیالکردن، کە تا ئێستا کورد لە ژێر کاریگەرییە نێگەتیڤەکانیدا دەناڵێنێ(1).

* * *

لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمداو، لەگەڵ زیاتر برەوسەندنی هەست وهۆشیاری نەتەوەیی تورک و دروستبوونی گیانی توندڕەوانەی تورکایەتی و ئەنجامیش دروستبوونی کەمالیزم، زمان و کولتووری کورد زیاتر تێکشکێنراو هەوڵی سڕانەوەی دراو ئەنجام ناوی کورد،وەک نەتەوە،لە فەرهەنگی سیاسیی تورکیدا قەدەغەکرا. هەموو هەوڵ و تەقەلای تورکە عوسمانییەکان بۆ ئەوە بوو کە بەربەستی گەشەکردنی هەست و هۆشیاری نەتەوەیی کورد بکەن و، ناسنامەی نەتەوەیی بەتەواوی بسڕنەوە.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەپێی بەندە چواردە خاڵییەکەی ویلسنی سەرۆکی ئەمریکا، کە لەساڵی 1918دا دەربارەی ئاشتی دەری کرد، دەبوو دان بەبوونی گەلە ناتورکەکانی نێو ئیمپراتۆری عوسمانیدا بنرایە.لەم بارەیەوە هاتووە: پێویستە بواری سەربەخۆیی بە گەلە ناتورکەکان بدرێ بێ ئەوەی دەستێوەردان لە کارو بارياندا بکرێت(2). هەر دوای ئەوە پەیماننامەی سیڤەر لە 1920-8-10داو بەندەکانی(62، 63، 64) ئاسۆی هەلێکی گەورەی بۆ کورد کردەوەو بەشداربوونی وەفدی کوردی بە سەرۆکایەتی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا ڕوونێکی گەشی ئەو پەیمانە بوو. هەروا سەلماندی کە، سەرباری مێژووی دووروودرێژی کۆلۆنیالکردنی کوردستان،هێشتا ماهیەتی کورد زیندووەو دەرەوەش ناتوانن چاو لەو ڕاستییە بنووقێنن، بەلام کارەساتی کۆلۆنیالکردنی کولتووری هەر لە دێر زەمانەوە هەستی خۆبەکەمگری و بێتوانایی و خۆسپاردن بە کەسانی تری لەلای کورد درووستکردبوو،بە ئەندازەیێک کە توانای هیچ بڕیارێکی چارەنووس سازانەی نەبێت و، بگرە لە ڕووی ڕووداوەکانیشدا هیچ ئامادەبوونێکی ئەوتۆی نەبێت. چونکە کۆلۆنیالکردنی کولتووری دەمێک بوو کوردی فڕێدابووە دەرەوەی مێژوو.هەر بۆیەش نەیتوانی سوود لەبەندەکانی پەیمانی سیڤەر وەربگرێت وئەوەش بووە هۆی گۆڕینی هەڵوێستی دەرەوە،بەتایبەتی ڕۆژئاوا،بەرامبەر دۆزی کورد.

پەیماننامەی لۆزانی سالی 1923 وەلامدانەوەیێک بوو بۆ ئەو خالانەی لەپەیمانی سیڤەردا بڕیاریان لەسەردراو توانای بەئاکام گەیاندنیان نەبوو. هەر بۆیە پەیماننامەی بەدفەڕی لۆزان جارێکی دی تورکیای کردەوە خاوەن ماف لە پاراستنی کوردستاندا. لێرەوە مەسەلەی کورد بە ئاراستەی بەرەو ناوەوە فشارێکی گەورەی خرایەسەرو کرایەوە بە مەسەلەی ناوخۆی تورکیا. دیارە ئەو بڕیارە نائامادەبوونی ئێمەی سەلماند.ئەمەش نەک هەر ناسنامەی ڕۆشنبیریی ئێمە دەخاتە بەردەمی گومانەوە، بەلکو خودی کەسێتی نەتەوەییشمان ڕوو بەڕووی گومانی هەرەس دەکاتەوە. لەپشت ئەم حالەتەشەوە نەبوونی پرۆژەی فیکریی دەردەکەوێت، کە ئەویش لەسەر بنەمای کولتوورێکی سەربەخۆ بنیاددەنرێت.

هەر ڕاستەوخۆ،بەدوای پەیمانی لۆزاندا، (دەزگاکانی دەولەتی تورکی لە کورد پاککرانەوەو وشەی کوردو کوردستان لە فەرهەنگی تورکدا قەدەغەکران. نەخشەی پێشووی عوسمانییەکان، کە کوردستانی لەسەر نەخشکرابوو گۆڕدران و کوردستان کرا بە ناوچەکانی رۆژهەلات و خوارووی رۆژهەلات، کوردیش بە تورکی چیایی ناونران)(3).

لێرەوە بەتەواوی گیانی توندڕەوی ناسیۆنالیزمی تورک بەرامبەر بەکورد دەردەکەوێت. بەلام تا ئەو کاتەش بزووتنەوەی ڕزگایخوازی کورد، بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید زیاتر پشتگیری تورک دەکات و دژی ئینگلیز دەوەستێ، چونکە تورکەکان مسولمان و ئینگلیزیش غەیرەدین بوون. واتا جارێکی دی کولتووری ئایینی وایکردووە کە، سەرباری ئەوەی تورک ناوی کوردیش قەدەغەدەکەن کەچی هێشتا خودی کورد، وەک بزاڤە ڕزگایخوازیەکەی، پالپشتی بکات، ئەمەش بەلگەی لاوازی کولتووری و هەستی نەتەوەییە کە لەئەنجامی کۆلۆنیالکردنی کولتوورییەوە هاتووە.

دیارە ئەنجامی نائامادەیی کورد دابەشبوونی بوو بەسەر چوار بەشدا، کە ئەوەش ترسناکترین پرۆژەیە لەمێژووی کوردا. لەلایەکی دیکەوە ئەم دابەشکردنە تەنیا دابەشکردنێکی سیاسی نەبوو، بەلکو دابەشکردنی کولتووری کوردیش بوو. سەرباری ئەوەی کوردستان پێشتر بەقۆناغی جیاجیا بووە مەیدانی ئیمپراتۆرەکانی ئیسلام، بەلام ئەم جارەیان کوردستان لەڕووی بڕیارو دەستووریشەوە کرایە بەشێکی ئەو دەولەتانە. ئێستا کولتووری کورد کرایە چواربەش و بەچوار ئاراستەی جیاواز لە ناوەندیی لاوازی

کرایەوەوکرایە پاشکۆی کولتووری ئەو چوار دەوڵەتەی کە بەسەریدا دابەش کرا. ئەم قۆناغەش تاڕادەیەک هاوشانە لەگەڵ دروستبوونی هۆشیاری نەتەوەیی کورد، ئەویش بەکاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکانی لەجۆری شۆڕشەکانی بۆرژوازی ئەورووپی، گەیشتنی ئیمپریالیزمی ئەورووپی -بەزاراوەی ئەوسا- بۆ ناوچەکەو دروستبوونی کامپی کۆمۆنیزم و بانگێشەی ئەو کامپە بۆ دۆستایەتی گەلان و گەیشتنیان بە مافە رەواکانیان.

بەلام بابزانین،لەم قۆناغەدا، بنەمای تەماهی کردنەوە لەگەڵ فاکتەری تێکشکێنەری کەسایەتی نەتەوەیی ئێمەو بەو پێیەش فاکتەری کۆلۆنیالیکەری کولتووریماندا چەندێ هاوشانە؟ داخۆ گەڕانەوە بۆ بارودۆخی خۆمان لە چ ئاستێکدایە؟.

دابەشکردنی سیاسییانەی کوردستان و بەستنی بە چوار دەوڵەتی جیاوازەوە، کولتووری کوردیشی بەو چوار ئاراستەیە جولاندووە، کەئەنجام بۆتە هۆی دابەشکردنی مرۆڤی کورد لەڕووی دەروونیشەوەو، بەتایبەتی لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا وەهای کردووە کوردی هەر یەکێ لەو بەشانە هێندەی هۆگری کولتووری نەتەوەی سەردەستی ئەو وڵاتە بێت کەپێیەوە بەستراوە هێندە هۆگری کولتووری بەشەکانی تری کوردستان نەبێت. واتا دابەشکردن وەک پرۆسەیەکی پیلان ئامێزی دەوڵەتانی خاوەن بڕیار جەستەی کوردی بەشێوەیێک دابەشکردووە کە خەسلەتی نەتەوەیی شێواوەو، رەنگە ڕایەکی باش نەبێت کە بڵێم کوردی وەک چەند نەتەوەیێکی جیاواز لێکردووە. ئەوەندەی کوردی بەشی عێراق پەیوەستی کولتووری عەرەبین، ئەوەندەی کوردی بەشی ئێران پەیوەستی کولتووری فارسین و کوردی بەشی تورکیا پەیوەستی کولتووری تورکین هیچ کامیان هێندە پەیوەستی کولتووری بەشەکانی تری کوردستان نین. دیارە هۆکاری ئابووری ئیداریش، لەم ڕووەوە، دەوری کاریگەری خۆیان هەیەو ناکرێت پشتگوێ بخرێن.

ئاشکرایە سەرچاوەی کولتووری ئێمە لەو فاکتەرانەوە هاتووە کە کولتووری خۆمانیان تێکشکاندووەو خۆیان بوونەتە جێگرەوەی. باشترین نموونەش دینی ئیسلامە، کە چۆن فیکری ئاینی زەردەشتی هەرەس پێهێناو،لەوێشەوە کولتووری ئیسلامی وعەرەبی توانییان کولتووری کورد داگیربکەن ولەهەمان کاتدا ئەو باوەڕەش لەکۆنەستی مرۆڤی کوردا بخوڵقێنن کە کولتووری ئیسلام موڵکی خۆیەتی ووەک عەرەب ونەتەوەکانی تر تێیدا بەشدارە. دوای دابەشکردنی کوردستانیش، کە قۆناغی دروستبوونی هۆشیاری نەتەوەیی

له سەرهەڵداندا بوو، دەکرا بزاڤی کولتووری و سەرەتای ڕینسانسی کولتووری، کە بنەمای ڕینسانسی نەتەوەییە،دەرکەوتایە. بەڵام سەرجەم ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا دابەشکرا هەوڵی بەربەستکردنی هۆشیاری نەتەوەیی کوردیان دەداو، بۆ ئەو مەبەستەش نەیان دەویست ڕەگەزی یەکەمی کولتوور کە زمانە گەشەبکات ونووسینی کوردی پەرەبگریت. لەوەش زیاتر ئەم دەوڵەتانە، جگە لە عێراق، بەهیچ جۆرێک دەرفەتی نووسین وخوێندنی کوردییان نەداوە.

دوای دابەشکردنی دووەمی کوردستان پرۆسەی کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردی نەک هەر بەردەوام بووە بەڵکو زیاتر برەوی ستاندووە. چونکە پێشتر، لەبەر لاوازی هەستی نەتەوەیی لای داگیرکەرانی کوردستان، تەنیا لەڕێگای پرۆسەی ئیداری و پەیامی ئایینییەوە ئەوە جێبەجێ دەکراو، زمانی کوردی فرێ دەدرایە دەرەوەی کاری بەڕێوەبردن و خوێندن. پەیامەکانی ئایینیش بەزمانی عەرەبی بوون، لەگەڵ ڕۆڵی دیاری زمانی فارسی و تورکی لە سەردەمی فەرمانڕەوایی هەر یەکەیاندا.

لەم قۆناغەدا، کەسەردەمی دەرکەوتنی هۆشیاری نەتەوەیی بووە لەناوچەکەدا، داگیرکەرانی کوردستان فشارێکی زیاتریان خستۆتە سەر کورد بۆ ئەوەی بەنەزانی و نەخوێندەواری بمێنێتەوەو نەگاتە ئەو ئاستەی پرسیار لەبوونی نەتەوەیی خۆی و ناسنامەی نەتەوەیی خۆی بکات. لەڕاستیدا کورد وەک هەست و هۆشیاریش -الحس والوعی- کۆلۆنیالکراوەو، ئەم پلانەش بە دوو ڕێگا بەئەنجام گەیەندراوە:

یەکەم- فیکری ناسیۆنالیستی هەر یەکە لەو نەتەوە سەردەستانە(عەرەب، تورک، فارس)، کە هۆکارەکانی پێشتری وەک پەیامی ئایینی و حوکمرانی لە کوردستان و تەماهی مرۆڤی کوردیش لەگەڵ ئەو هەل ومەرجەدا، ڕێگاخۆشکەر بوون بۆ زیاتر چەسپاندنی ڕێبازی تووندڕەوانەو دەمارگیریی ئەو نەتەوانە بەرامبەر بە کوردو، سەپاندنی زمان و کولتوورو بگرە عەقڵ و فیکری خۆشیان لە کوردستاندا بەمەبەستی سڕینەوەی ماهییەتی کوردایەتی و دروستکردنی گیانی خۆبەستنەوە لای مرۆڤی کورد بەونەتەوانەوە.

دووەم- بەفاکتەربوونی کولتووری کۆمۆنیزم بۆ زیاتر تێکشکاندن و کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردی. ئەمەش، کەزیاتر لە ساڵانی چل و دوای درووستبوونی حزبە شیوعییەکانی ئەو وڵاتانەوە بەدەرکەوت، بە دوو ڕێگا دەگەیشتە ئەنجام: یەکەمیان

ڕاستەوخۆو سەپاندن و پیادەکردنی ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم بوو بەسەر زەمینەو واقیعی کۆمەلایەتی ئیمەدا، واتا خواستنی پرسیارەکانی واقیعێکی ترو هەوڵدانی پیادەکردنیان لە کوردستاندا بێ لەبەرچاوگرتنی باری مێژوویی و کۆمەلایەتی و سیاسی وسایکۆلۆژی و ئاینی و ئەخلاقی. ئەمەش لەباری یەکەمدا خەساندنی ئەو هەستە نەتەوەییە ساوایەی ئەنجام دا کە تازە لە ڕێگای دروستبووندا بوو. واتا ئەو دەسەلاتەی کولتووری کۆمۆنیزم لەبەر بەهێزبوونی بنەماکانی دەرکەوتنی لە زەمینەیەکی شارستانیدا لەگەل خۆی هێنایە زەمینەی دواکەوتووی ئیمەوە توانی ڕۆحی کوردایەتی شکست پێبهێنێ و ڕۆحی شیوعی بوون برەو پێبدات. باشترین بەلگەش بۆ پاساوداتی ئەم ڕایە ئەوەیە کە لەدوای دروستبوونی حزبی شیوعی عێراق هەتا سالانی شەستەکان زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد لەڕیزی ئەو حزبەدابوون یان هەواداریان بوون. حزبی شیوعیش لەبەرنامەکەی خۆیدا شتێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەبوو هەتا ئەو کاتەی لە دەسکاری بەرنامەکەیدا، لە سالی 1953دا خودی بەهادین نووری مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردی خستە بەرنامەکەی حزبەکەوە.

وەک گوتمان هەستی نەتەوەیی لەسەر بنەمای کولتووری نەتەوەیی دروست دەبێت. دەبوایە ئەم ڕاستییە بۆ کوردیش لەبەرچاو بگیرێت. بەلام کۆمۆنیستەکان کولتووری نەتەوایەتی ڕەتدەکەنەوەو بەپارێزگاری لە دواکەوتوویی لەقەلەم دەدەن. لەلایکی تریشەوە کولتووری کۆمۆنیزم بووە یاریدەدەر بۆ زیاتر جێگیرکردن و چەسپاندنی پرۆسەی کۆلۆنیالکردنی کولتوورو هەست وهۆشیاری ئیمە لەلایەن کولتووری عەرەب و تورک وفارسەوە. ئەمەش بە چەند ڕێگایک، لەوانە جێگیرکردنی پێکەوەژیانی نەتەوەکان و دروستکردنی ولاتێکی "دیموکراسی" بۆ نەتەوەی کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیالکراو لەسەر ئاستی براگەورەو برابچووک کە ئەوەش سیستەمی گەلی ژمارە یەک و گەلی ژمارە دووی دروست دەکرد. بەوپێیەش زمانی ڕەسمی و بەڕێوەبردن زمانی گەلی یەکەم دەبوو، یاساو دەستوورو پێڕەوو شەریعەتی دەولەت بەزمانی یەکەم جێبەجێ دەکران. لە هیچ کام لەو ولاتانەی کوردستانیان پێوەلکێندراوە گەلی کورد ژمارە یەک نەبوو، بۆیە زمانەکەشی نەدەبووە زمانی ڕەسمی و بەڕێوەبردن، بەلکو زمانی دەرەوەی دەولەت بوو. ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ سڕینەوەو لەناوبردنی زمانی کوردی، کە بەو پێیە تێکشکاندن و

لەناوبردنی کولتووریشی لەگەڵ خۆی دەهێنا.

ئەگەر دروشمی دوور لە پیادەکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلان لە کولتووری مارکسیزمەوە گەیشتبێتە بەرنامەی کۆمۆنیستەکانی عێراق وئێران و تورکیاو سوریاو، ئەوەش وەک تروسکەیێک بۆ بنیادنانی پرۆژەی دروستکردنەوەی کەسێتی نەتەوەیی کورد خۆی نواندبێ، ئەوا خۆی لەخۆیدا سەرەتایەکی بەخۆنامۆ بووە چونکە لەسەر بنەمای گەڕانەوە بۆ یادوەری خۆمان (کولتووری تێکشکاوی کوردی) بەدی نەهاتووە، لەو بارەشدا تروسکەی ئەو پرۆژەیە لەدەرەوەی جوگرافیای نەتەوەیی ئێمەدا بووەو پێمان نامۆ بووە. بەواتا پرسیارێک نەبووە لەقووڵایی مێژوو و جوگرافیای خۆماندا لەدایکبووبێت. هەر بەم پێیەش ئەگەر کولتووری کۆمۆنیزم لەڕوویەکەوە تروسکەی بەرەو ڕزگارکردنی نەتەوەی ئێمەی لەگەڵ خۆی هێنابێت و لەدوورەوە چاوەڕوانی ئەوەی لێکرابێت ئەوا لەبواری پراکتیکدا، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، وەک لەسەرەوە باسمان کرد، هەمان دەوری فاکتەری ئایینی و فیکری نەتەوەیی (عەرەب، تورک، فارس)ی لە کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردیدا بینیوە. کەواتا ئێستا بۆمان ئاشکرا دەبێت کە فیکری ئایینی و کولتووری کۆمۆنیزم هەمان دەوریان هەبووە لە تێکشکاندنی کولتووری کوردیداو بەو پێیەش ڕێگاگرتن لە زیندووکردنەوەی کەسایەتی تێکشکاوی نەتەوەییمان. لەسەر ئەو بنەمایەش یەکگرتنەوەی کولتووری کۆمۆنیزم وفیکری نەتەوەیی عەرەب و تورک و فارس هەمان دەوریان بینیوە کە ئایین لەکاتی گۆڕینی بۆ ئایدیۆلۆژیا بینیویەتی.

وەک چۆن فیکری ئایینی لە ئەنجامی ئەوەدا کەبۆتە پێوەری بەڕێوەبردن و کاری سیاسیی دەوڵەت کولتوورو فیکرە ئایینیەکانی تری فەتح کردووە، بە هەمان شێوە مارکسیزمیش لەبواری پیادەکردنداو لێروانینی وەکو ئایین و هێنانی بۆ زەمینەیێکی لەو جۆرە کە توانای پیادەکردنی ئەو فیکرەی تێدا نییە دوچاری لادان و شێواندن و بەمەزهەب بوون هاتووەو، ئەنجام کاریگەرییەکانیشی نێگەتیف بوون و لەناڕاستەیێکی تردا بوونەتە ڕێگاخۆشکەر بۆ تێکشکاندنی کولتووری نەتەوەیی ئێمەو درێژەپێدانی کۆلۆنیالکردنمان، ئەویش لەسەر بنەمای بڕوابوون بە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا. بڕوابوونیش بە دروستکردنی دیکتاتۆر، لەهەر جۆرێک بێت، ڕاستەوخۆ مانای دانان بە شەرعیەتی یەک کولتوورو یەک بەرنامەو یەک ڕەوشت و یەک ئاراستەی ژیاندا. بەواتایەکی دی یەک سەرخان لە بۆچوونی

مارکسییەکانەوە. کە ئەویش سەرخانێکی یەک لایەنەو، بڕوابوونیش بە یەک لایەنی مانای ڕەتکردنەوەی هەموو پرسیارێکە بەرووی دنیاداو پێبڕینی خەسڵەتی بەوەهمی بوونی سەرخانەکەشە. لەلایێکی ترەوە ئەگەر لایەنی هەرە کەمی رووی ڕاستی پرۆژەیەکی لەوجۆرە بۆ وڵاتێکی یەک نەتەوەیی ڕاست بێت، ئەوە شیانی ئەوە نییە کە پێکەوە بەسەر کۆلۆنیالیست و کۆلۆنیالکراودا پیادەبکرێت. ئەگەرچی ئەم تەرزە بۆچوونە ئێستا لە ڕۆژئاوادا بۆتە وەڵامێکی ئامادەی پرسیارێکی کات بەسەرچوو، بەڵام لە ڕۆژهەڵاتدا بەگشتی و، لای گەلانی پەراوێزی وەک کورد بەتایبەتی، هێشتا ئامادەبوونی هەر ماوە. چونکە گەلانی پەراوێز، کە کورد یەکێکە لەوان، لەبەر کۆلۆنیالکردنی کولتووری و جوگرافی و سیاسی و نەبوونی پرۆژەی ڕۆشنبیری، توانای پرسیارکردنیان لە ناسنامەو ماهیەتی نەتەوەیی خۆیان نەبووە. بۆیە هەوڵیان داوە پرسیارەکانی دەرەوە بخوازن. یان دەرەوە، لەپرۆسەی ئۆرێنتالیزم و ناردنەدەرەوەی شۆڕش بۆ دەرەوەی پانتایی جوگرافیای خۆیان، ئەو پرسیارانەیان فڕێداوەتە بۆشایی ڕۆژهەڵاتەوە.

هەر بەکاریگەری کولتووری کۆمۆنیزم، لەدوای جەنگی یەکەمی جیهان و دروستبوونی حزب لەکوردستاندا، ستراتیژیەتی خۆبەستنەوە بە عەقڵ و کولتووری پان ئێرانیزم و عێراقچێتی پەیدابوو، کە لە چوارچێوەی دیموکراتی بۆ دەوڵەتی کۆلۆنیالیست و ئۆتۆنۆمی بۆ گەلی کورددا خۆی دەبینییەوە، کە ئەوەش دانپێدانان بوو بە شەرعیەتی داگیرکەران لە کوردستاندا.

لە ئەنجامی ئەو پرۆسە دوورو درێژەی کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردی و، ئامادەبوونی کولتووری نەتەوە سەردەستەکانی عەرەب، تورک و فارس لە کوردستاندا فەتحی کولتووری بەتەواوی گەیشتۆتە ئەنجام. هەر لەو ڕوانگەیەوە زمان و کولتوورو داب و نەریتی فارس لە کوردستانی لکێندراو بەئێرانەوە جێگیر بووە، زمان وکولتوورو داب و نەریتی تورک لەکوردستانی بندەستی تورکیاو، عەرەب لە کوردستانی بندەستی عێراق و سوریادا خۆیان سەپاندووە. داگیرکەری ئێرانی زمانی کوردی لەنووسین و خوێندن و بەڕێوەبردندا قەدەغە کردووە. داگیرکەری تورک تەنانەت قسەکردنیشی بەکوردی یاساغ کردووەو کورد بەتورکی چیایی ناودەبات. لە عێراق و سوریاشدا، کە دوو ڕژێمن لەسەر پرینسیپی عەرەبچێتی دامەزراون و داوای دروستکردنەوەی ئیمپراتۆری ئەوسای عەرەب دەکەن، لەدروستکردنی

بەرنامەیاندا نەک هەر هەوڵی کۆلۆنیالکردنی کولتووری کوردیان داوە، بەڵکو ویستوویانە ماهیەتی نەتەوەیی لە هەست و نەستی مرۆڤی کورددا لەبنەڕەتەوە بسرنەوە. ئەویش لە ڕێگەی گۆڕینی بەرنامەی خوێندن و شێواندن و بە بەعسیکردنی و گۆڕینی مێژووی کوردو جوگرافیای کوردستان و، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەستی نەتەوەیی لە بیری مرۆڤی کورددا ئەویش لە ڕێگای تێکدان و لەناوبردنی کەلەپوورو فۆلکلۆرو داب ونەریت و زمان و سەرجەمی کولتووری نەتەوەیی کوردو سەپاندنی داب و نەریت و زمان وکولتوورو عەقڵی عەرەبی لە کوردستاندا. ئەمەش کاریگەرییەکی پڕ مەترسی لەسەر عەقڵی مرۆڤی کورد هەبووە، تاڕادەیێک لە کۆنەستی مرۆڤی کورددا جۆرێک لە ئامادەبوونی بۆ خۆسپاردن بەو عەقڵ و کولتوورە دروست کردووە.

هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایانەی داگیرکەرانی کوردستان بۆ تێکشکاندن و لەنێوبردنی کولتووری کوردی داویانە لەو ڕوانگەوە بووە کە زانیویانە کولتوور بنەمای سەرەکی درووستبوونی هەستی نەتەوەییە. هەر کاتێکیش کورد گەیشتە ئەو ئاستەی کە هەستی خۆناسینی لەلا درووست ببێت، واتا گەیشتە ئەو ئاستەی بڵێ: منی کورد، واتا هەست بە خودی کوردایەتی خۆی بکات، ئەوا پرسیاری ناسنامەی خۆیی لەلا دروست دەبێت. ئەوەش سەرەتای گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی خودو هەوڵدان بۆ هاتنە نێو مێژووەوە، ئەوەش سەرەتای پرۆژەیێکی نوێیە کە بریتییە لەپرۆژەی ڕێنسانسی نەتەوەیی کورد، کە تەنیا لەو ڕێگایەوە کورد دەگاتە نێو مێژوو، بەرووی پرۆسەی دوورو درێژی کۆلۆنیالکردنی سیاسیی و کولتووریدا ڕادەپەڕێ وداوای سەلماندنی مافە ڕەواکانی دەکات.. داوای دەستەبەرکردنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەکات، ئەوەش تەنیا بە ڕزگارکردنی کولتووری کوردی و خستنەکاری و بەمەبەستی پرۆژەی گرنگ و پرماناو لەپێناوی بنیادنانی خودی کوردییدا دەگاتە ئەنجام.

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

-1 بەشێکی ئەم باسە پەیوەندی بە کێشەی نێوان ئایینزای نەقشبەندی و قادرییەوە هەبوو، کە دەشێ بکرێتە باسێکی سەربەخۆ. لەبەر درێژی باسەکە ناچاربووین ئەم بەشە لابەرین. (ڕابوون).

-2 ڕەفیق حیلمی، یاداشت، بەشی یەکەم، لا 20.

-3 رادۆڤان کاراڤیچ، جولانەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد، وەرگێڕانی مەحموود مەلا عزەت،1985، لا 51.

# شەرمەزارییەکی مەزن
# بۆ سەرجەمی مرۆڤایەتی

**Sten jakobson**

وەرگێرانی لە سویدییەوە: ئاسۆس عیزەدین نەجمەدین

ئەو ئالینە بیدەنگەی لەئەنجامی تراومایەکی (١) گەورەدا سەرهەڵدەدات یەکێکە لەو هۆکارە زۆرانەی وا دەکات پەنابەر هەست بە سەختییەکی گەورە بکات.

ئێمە لە ناوەندی زیانلێکەوتوانی ئەشکەنجەو تراوما -Centrum för tortyr-och traumas kadade کە لە ئۆگوستی 1992لە ستۆکهۆلم دامەزرا، لەم راستییە گەیشتبووین. نەخۆشەکانمان مامۆستامانن. لەوانەوە زانیاری لەبارەی زیانەکانی ئەشکەنجەو سەرئەنجامەکانییەوە وەدەستدێنین. زۆریان لەوانەیە بەلایانەوە سەخت بێت هەستەکانییان بە دەمی بگێڕنەوە. بۆیە داوایان لێدەکەین بەنووسین ئەو شتانە باسبکەن کە بەسەریان هاتووە. کاتایی Kataji کە پەنابەرێکە لەبەشە کوردییەکەی تورکیاوە هاتووە ئەم کارەی کرد.

کاتێک کاتاییمان خستە ژێر کۆنترۆلی پزیشکییەوە، لە دوو نیشانەی بچکۆلانە بەسەر پشتی دەستییەوە، کەبەلامانەوە لەشوێنەواری بە جگەرەسوتان دەچوو، هیچ زیانێکی فیزیکی دیاری دیکەمان نەدۆزییەوە. ئەو بەشەرمەوە بۆچوونەکەی سەلماندین. سەرۆکی لێپرسینەوە جگەرەی لەسەر دەستە کەلە پچەکراوەکانیدا کوژاندبۆوە. یادگارییەکانی ئەشکەنجە بەلایەوە قورسبوون. لەنامەکەیدا نووسیبووی:

"یەکجار سەختە باسی ئەو شێوازانەی ئەشکەنجەدان بکەم کە من بەرگەم گرتوون". سەختە لەبەر ئەوەی شێوازەکان هێندە تۆقێنەرن کە ناوەوەم تاکو ئێستاش هەر سڕە. ئەشکەنجەی لەش و سایکۆلۆژی کەسایەتی وئابرووی پێشێلکردم؛ کردمی بە هیچ. ئەمەش شەرمەزارییەکی گەورە بوو بۆ هەموو شتێک کە پێی بوترێ مرۆڤایەتی، یان دیموکراتی.

کاتایی لە گوندەکەیاندا مەلایەکی موسوڵمان بوو.لەوێدا جۆرە ڕێبەرایەتییەکی

هاوولاتییانی دەکرد. پۆلیسی نهێنی تورک دەیگرن و بەتومەتی کۆمۆنیزم، تیرۆریزم و ناپاکیکردن لەگەڵ دەوڵەتدا تاوانباری دەکەن. تەنیا شتێک کە ئەو دەزانێت کردوویەتی: بەڕێوەبردنی گرۆپەکی مشتوومڕی پرسە رامیارییەکانە، لە گوندەکەی خۆیان. ئەو لە نێوان سالانی 1984-1980 ئەشکەنجەدراوەو سەرجەم 178 رۆژی پرژان و دووروودرێژی لە زینداندا بردۆتەسەرو چواردە شێوە ئەشکەنجەی دیوە. لەنامەکەیدا لە چۆنیەتی ئەشکەنجەدان دەدوێت. هەروا باسی ئەو ئامرازانە دەکات کەلە ژوورەکانی ئەشکەنجەدانی سوپا و پۆلیسی دیاربەکردا –پایتەختی بەشە کوردییەکەی تورکیا– بەکار دەهێنرێن و ئەو خۆی دیتوونی.

ژماردنەکانی، لە هەمان کاتدا، پوختەیکی ئەو شێوازانەیە کە جەللادەکان لە زۆر شوێنی دنیادا دژی قوربانییان بەکاری دەهێنن. ئەم شێوازانە تارادەیکی سەرسوڕهێنەر لە یەکدەچن،ئەگەرچیش لە هەندێ ناوچەدا جیاوازن و شێوازی دیکەی ئەشکەنجە بلاوە.

## دەستدرێژییەکانی دژی کاتایی.

کاتایی لێرەدا چواردە شێوازی ئەشکەنجەدان باسدەکات:

* چاوبەستنەوە: لەوانەیە 30، 40، 50 رۆژ بخایێنێت. لەو ماوەیەدا چاوەکان تێکدەچن، پاش لابردنی پەرۆکی چاوبەستنەوەش هەست بە کوێراییداهاتن دەکرێت. برادەرێکم، کە لەگەڵ مندا ئەشکەنجە دەدرا، ئێستا تەواو بینایی لەدەستداوە.

*خەو لێهەرمان: هەر مرۆڤێک ئەوەندەی نان، ئاوو هەوا پێداویستی خەوی هەیە. بەدرێژایی ماوەی لێپرسینەوە نووستنمان لێقەدەغە دەکرا. ئەشکەنجەی خەولێزراندن دژی هەر گیراوێک، بەشێوەیکی سیستماتیک، لە هەفتەیکەوە بگرە تا 40 رۆژ بەکاردەهێنرا. سەرباری ئەمەش شێوازی دیکەی ئەشکەنجەدانمان لەگەڵ بەکاردەهێنرا.

*لێدان و دارکاری: لقی دارهەنار، بەڕوو و توو، کە لەناوچەکەمان بەزۆری هەن، بۆ لێدانمان بەکاردەبران.

*باتۆنگ: رەنگی رەشەو وەک ئامرازێکی یاسایی و رێپێدراو لەلایەن کاربەدەستانەوە،لە زۆربەی ژوورەکانی ئەشکەنجەداندا، بەکاردەهێنرێت.

*گوریس: گوریسی ئاسایی بۆ بەستنەوەی گیراو هەر لە پێیەکانییەوە تاکو ملی بەدینگەی ئاسن، یان کۆڵەکەی بەردیتەوە بەکاردەهێنرا، ئەمەش لەوانەبوو لە چەند رۆژێکەوە تا چەند هەفتەیک بخایێنێت.

*فەلاقە: ئەمەش دوو جۆرە:

ئا-تەختەبەتی فەلاقە: تەختەیەکی پانی چوارگۆشەیە، کە درێژییەکەی 1،5 میترەو ئەستوورییەکەی ئاساییە. لە ناوەڕاستدا دوو کونی تێکراوەو گوریسی لێوە هێنراوەتە دەرەوە دوای ئەوەی قاچەکانی گیراو دەئاخنرێتە ئەو کونانەوە لەودیوەوە بە گوریسەکە شەتەکدەدرێن. پاشان دوو زەلام تەختەبەنەکە ڕاستدەکەنەوەو جەللادەکانیش بەبا تونگ و بە دار ژێرپێیەکانی گیراو دەکوتنەوە.

بێ-فەلاقەی تایە: ئەمەیان شێوازێکی مۆدێرنترە، جەللادەکان لەشت دەتوێشێننەوەو سەرو قاچەکانت دەبەستنە ناو تایەیەکی ئاسایی ئوتومبێلەوە. دەستەکانت دەخزێننە ناو بۆشایی هەردوو لالێوی تایەکە. دواتر هەڵتدەواسن و لە ژێرپێیەکانت دەسرەوێن. من خۆم، لە دەرفەت و شوێنی جیاوازدا، سەرجەم پانزە جار ئەم ئەشکەنجەیەم چەشتووە.

*ئەشکەنجەی ئەلیکتریکی: تەزووی کارەبایی دژی ئۆرگانی زاوزێ، دەم، گوێ هەروەها سەرپەنجەکانم بەکارهێنراوە.

*برسێتی: وایان لە گیراو دەکرد لە سێ ڕۆژەوە تا حەوت ڕۆژ برسیبێت. ئەم فۆرمەی ئەشکەنجە، کە هەندێ جار سەختترین و پرمەترسیترینیانە، وا لە گیراو دەکات کە لەپێناوی پارچە نانێکدا نهێنییەکانی بدرکێنێت.

*خوێ: ئەم شمەکە بەنرخ و نایابە وەک ژەهر دەدرایە گیراو. چنگێ خوێیان دەئاخنییە دەمیەوەو پاشان بەزۆر ئاویان دەرخوارد دەدا، تاکو هەمووی دەچووە ناو گەدەیەوە.

*میز: بەشێوەیێکی نادەربەست و بێئابڕووانە میزی خۆیان لەگەڵ ئاودا لەپەرداخێکدا تێکەڵدەکردو زۆریان لە گیراو دەکرد کە، دوای ماوەیێکی زۆری برسیکردن و تینووکردن، بیخواتەوە. لە نۆڤەمبەری 1981دا ئەمە بەسەر خۆم هات.

*پیسایی: ناچاردەکراین ئاو لە ئاودەستەکان بخۆینەوە، کە هەزاران سەرباز میزو گویان تێدا دەکرد. هەندێ جار بەزۆری و هەندێ جاریش،کە زۆر تینوویان دەکردین، بە خواستی خۆمان ئەمەمان دەکرد. جگە لەوەی گەلێ جار بۆ خۆشوشتنیش ئەم گاوەمان بەکاردەهێنا.

*قەدەغەکردنی ئاودەست: مرۆڤێکی ئاسایی لەڕۆژێکدا چەند جارێک پێویستی بە چوونە سەرئاوە. ئێمە، هەندێ جار، لەڕۆژێکەوە تا سێ ڕۆژ چوونەسەرئاومان لێیاساغ دەکرا.لە ئەنجامدا گیراوەکە لەرزدایدەگرت و خۆی پیسدەکرد. دواتر داوی لێدەکرا پیسایی خۆی بلێسێتەوە. ئەمەیان بۆ هەموومان دژوارترین شێوەی ئەشکەنجە بوو. ئەگەریش مۆڵەتی چوونە سەرئاویان بدایە، ئەوا لەچەند کاتێکی دیاریکراودا بوو، دەنا سزادەدراین.

*تورەگەی لم: دوو جۆر تورەگەی لمیان هەبوو،یەکێکی بچووک و یەکێکی گەورە. بچووکەکەیان، کە پێنج کیلۆ گران بوو، بۆلێدانی گیراوەکان بەکاردەهێنرا، یان لەکاتی هەڵواسیندا لە گوێیان دەبەستن. گەورەکەشیان تورەگەیێکی بیست کیلۆیی هەڵواسراو بوو، بەتوندی بەسنگ و پشتی

گیراوەکەیاندا دەکێشاو، لەئەنجامدا ئۆرگانەکانی ناوەوی دەشێوان و خوێنیان لەبەردەڕۆیشت. بەڵام نیشانەکانی ئەشکەنجە، زۆر جار، لە دەرەوەرا هەستپێنەدەکران.

*هەڵواسین: گیراو رووتدەکرایەوەو بەدەست، یان بەقاچ هەڵدەواسرا. هەندێ جار بە دینگەیکەوە دەبەسترایەوە، جاریش هەبوو سەرەوژێر هەڵدەواسرا. لەسەر پشتی گیراو بەقەمە ناوی ئەو رێکخراوەیان هەڵدەکۆڵی کە لەسەری گیراوە. لە هەڵواسیندا، زۆر جار، ئەشکەنجەی ئەلیکتریکیش بەکاردەهێنرا. گەلێ جاریش دەمارو ماسوولکەکان دەدران و لە ئاکامدا گیراو ئیفلیج دەبوو.

* ستێن یاکۆبسۆن دۆسێنتە لە پزیشکی دادگایی. لە ساڵی 1974 دوە مامۆستای "پزیشکی دادگایی" بووە لە ئینستیتوی کارۆلینسکا لە ستۆکهۆڵم. لە ساڵی 1984 دوە خەریکی دۆکیومێنتکردنی زیانەکانی ئەشکەنجەیە لە گروی ئازاد خاچی سوور، سەرپزیشک و بەرپرسیاری ناوەندی زیانلێکەوتووانی ئەشکەنجەو تراوما CTDیە.

1) تراوما Trauma: ڕووداوێکی سەختی ژیانە، کە دەکەوێتە سەرووی تاقیکردنەوە ئاساییەکانی مرۆڤەوەو لە ئەنجامی، بۆنمونە، شەڕ،ئەشکەنجە، پەلاماری زایندەیی، وەیشوومەی سرووشتی، بەسەرهاتی گەورەی سەرکار...هتد سەرهەڵدەدات. هەست و ئەستێکی بەتین لەمرۆڤدا دەورووژێنێ و دەبێتە هۆی لاوازکردن یان نەمانی توانای کۆنترۆڵکردنی هەل و مەرجەکانی ژیان. کارتێکردنی تراوما بۆسەر مرۆڤ بەزەبرو زۆرجاریش درێژخایەنە.

واتا فەرهەنگییەکەی تراوما؛ ئەو شتەیە کە برین جێدەهێڵێت.

** سەرچاوە:

Efter ttortyren- Centrum för tortyr och traumaskadade.Årsbok 1993, Sidan 16- 18

سەرنجی وەرگێر: نیازم وایە زانیاری زۆرتر لەسەر بابەتی زیندانیبوون و شێوازەکانی ئەشکەنجەدان و کارتێکردنە دەروونییەکانی لە کوردستان کۆبکەمەوە. هیوادارم ئەوانەی خۆیان ڕاستەوخۆ تاقیکردنەوەو زانیارییان لەم بارەیەوە هەیە، یان لەرێی دۆست و برادەرەوە بیستوویانە، هاوکاریم بکەن. دەتوانرێ بەم ئادرێسەی خوارەوە پەیوەندیم پێوەبکرێ:

Asos E. Najmeddin, Flogsta v. 57 A-121, 752 36 UPPSALA, SWEDEN.

دەربارەی وەرگێرانی چەند هۆنراوەیەکی سویدی لەلایەن مەهاباد قەرەداغییەوە:

# وەرگێڕان! یان ئەتککردن؟

**گۆران قەرەداغی**

ئەو نووسەرەی بتوانێ دەقێکی ئەدەبی، بە هەمان پێز، چێژ، جوانی هونەری وئەدەبیی ئەو زمانەی لە بنەڕەتەوە پێی نووسراوە، وەرگێڕێتە سەر زمانێکی دی، نووسەرێکی زۆر سەرکەوتووە. کەواتە وەرگێڕان، کورد گوتەنی شتێکی «مەلا خۆرە نییە». بەڵام لە تەک پاشاگەردانییدا چ دەڵێی.

بەش بەحاڵی خۆم، وا بۆ حەڤدە ساڵ دەچێ قۆناغی ئاوارەبوونم لە سوید هەواری خستووە. هێندەی بۆم کرابێ بە پەرۆشەوە بەپیر زمانی سویدییەوە چووم و خۆم پێوە ماندوو کردووە. نزیکەی 5-4 ساڵێکیش کارەکەم ڕاستەوخۆ لە تەک وەرگێڕان و خوێندنی بنەماو تەکنیکی وەرگێڕاندا ئاوێتە بیوو. کەچی تا ئێستا کە بەکارێکی وەرگێڕانەوە خەریک دەبم، نەک هەر دەبمە هۆی تێکدانی ڕۆتینی ژیانی خێزانەکەم، بەڵکو هۆی ژانەسەری گەلێک لە دۆست و برادەرە کوردو سویدییە زمانزانەکانیشم. جاری وا بووە لە سۆراخی وشەیکی نا ئاسایی و سەختدا، چەندین فەرهەنگ، چەندین تێلیفۆنی ڕاوێژکردنم خستۆتە گەڕ.

* * *

لەم ڕۆژانەدا کتێبێکی وەرگێڕدراوی (مەهاباد قەرەداغی)یم وەگیرکەوت بە ناوی (شیعر هەناسەی گەردوونە). ئەم کتێبە بریتییە لە هەڵبژاردەیێکی شیعری هاوچەرخی جیهان و لە ساڵی 1994 لە ستۆکهۆلم چاپکراوە. مەهاباد، وەک خۆی دەبێژێ، زۆربەی ئەم شیعرانەی لە زمانی عەرەبییەوە، واتا زمانی دووەمەوە، وەرگێڕاون. بەڵام شیعرەکانی «ماریا ڤینە-Maria Wine»ی ڕاستەوخۆ لە زمانی سویدییەوە کردوونەتە کوردی. ئەز چیم بەسەر شیعرەکانی «زمانی دووەمەوە» نییە. وەلێ بە نیازم چۆنیەتی وەرگێڕانی شیعرە سویدییەکان، هێندەی وتارێک بوار دەدات، بخەمە بەر شەماڵی شەن و کەوکردن. بەر لەوە دەمەوێ بڵێم کە مەهاباد هەم شاعیرو هەم چیرۆکنووسەو، لە بواری چەڵەمە کۆمەڵایەتییەکانیشدا دەنووسێت. من پێموانییە مەهاباد وەک هەگبە بەتاڵەکان پێویستی بە «ڕەشە وەرگێڕان» هەبێت بۆ ئەوەی ناوی بکەوێتە نێو ناوانەوە. مەهاباد نووسەرێکە خاوەنی دەنگی خۆیەتی و، هێشتا هەرەتی لاوییەتی و ژیان بۆی

دەخەنێ. بەڵام پێدەچێ خۆی لەو ڕاستییانە بەگومان بێت. دەنا بۆ هێندە بە هەڵپەو پەلەیە؟ بۆ دەیەوێ لە ئێستاوە لە مەنجەڵی وەرگێڕانیشدا ئەسکوێ بێت. یان کێ دەڵێت ئەم وەرگێڕانەی، ئەو هەڵەی تەمەنەی نەبێ کە مرۆڤ لەدەستی دەردەچێت و هەر زوو پەنجەی پەشیمانی دەگەزێت. بەهەر حاڵ هەرکامیان بێت، ئەم شیعر وەرگێڕانەی مەهاباد قەرەداغی کارێکی بەپەلەو کاڵوکرچ و هەرزەکارانە بوو. بەلای منەوە دەبێت مەهاباد نرخی ئەم هەڵە ئەدەبییەی بدات و ئامادەش بێت لە بەرامبەر ڕەخنەو سەرزەنشتدا بەرپرسیار بێت.

## تێبینێکی پێویست

زۆر جار شاعیرە سویدییەکانیش، وەک شاعیرانی پێشووی خۆمان، ناونیشانیان بۆ شیعرەکانیان دانەناوە. یەکەم ڕستەی بەیتی شیعرەکە، یان یەکەم بەیت، کراوەتە ناونیشان کە تەنیا لە پێڕستی دیوانەکانیاندا وەک ناونیشانی شیعرەکانیان ڕیزکراون.

ئەم کۆمەڵە هۆنراوە هەڵبژاردەی کە مەهاباد قەرەداغی ئەو شیعرانەی لێ هەڵبژاردوون و وەریگێڕاون، ناوی «ئەڤینی ڕووناک، ئەڤینی تاریک»ە (Kärleken: den ljusa, den—mörka)ناوی ئەم دیوانە، جگە لەوەی لەسەر بەرگی یەکەمی دیوانەکە نووسراوە، لە لاپەڕەیێکی پێش یەکەم شیعری دیوانەکەشدا نووسراوەتەوە. جا وەک گومان، چونکە شیعرەکان ناونیشانەکانیان لە سەروو شیعرەکانەوە نەنووسراوە، ئیدی وەرگێڕ ناوی دیوانەکەی لێ بۆتە ناونیشانی یەکەم شیعری دیوانەکە. ئەو شیعرانەش، کە بەدوای شیعری یەکەمدا هاتوون، دیسان ناونیشانیان لەسەر نیێ. بۆیە وەرگێڕ «11» دانە کورتە شیعری یەک لەدوای یەکی دیوانەکەی بە حیسابی یەک شیعر وەرگێڕاوە!!، کە زیاتریشی وەرنەگێڕاوە، ڕەنگە هۆیەکەشی ماندووبوون بووبێت. جا بۆ ئەوەی خوێنەر لەتەک ئەو «11» شیعرە لێک ئاڵۆزکاوەدا سەرە دەزووی بیرو سەلیقە بزر نەکات، من ئەو شیعرانەم لێک جیا کردوونەتەوەو ژمارەم بۆ داناون. جگە لەم شیعرانە وەرگێڕ شیعرێکی تری ئەم دیوانەشی وەرگێڕاوە، کە ناونیشانی خۆی بەسەرەوە بووەو وەرگێڕ تێکەڵی شیعرەکانی دیکەی نەکردووە.

خوێنەری هێژا، زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بێژم: تا هەنووکە بڕوا ناکەم هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی لە پرۆسەی وەرگێڕاندا ئاوەها ئەتک کرابێت. لە ڕاستیدا دەبوو من دەستی ستایشم بخستایەتە سەر ئەو وشەو ڕستانەی، کە لە ئاخۆران و بخۆرانی وەرگێڕانەکەدا، بەسەلامەتی قوتار بوون.

ئەگەر دێڕ بەدێڕ وەرگێڕانەکە بخەمە سەر دەسگای شیکردنەوە، ئەوا پێویستیم بە نیوەی

لاپەڕەکانی گۆڤاری «ڕابوون» دەبێت. بۆیە هەوڵ دەدەم تەنیا ئەو دێڕو کۆپلانە بلاوبکەمەوە کە تەواو کراونەتە قۆچی قوربانی. هەروا لەدوای بەراوردکرنی، سەرلەنوێ شیعرەکان دەکەمەوە کوردی، تا خوێنەر لەگەڵ وەرگێرانەکەی ماهابادا بەراوردیان بکات.

## شیعری «من بە شادمانیەوە دەمویست»:

1- Vilan i vilan

وەرگێڕانەکەی مەهاباد: ئارامی بێدەنگی

ڕاستکردنەوە: پشوودان لە پشوودانا.

2- det kloka greset som växer ur denna vila

وەرگێڕ (لەمەودوا بۆ وەرگێڕانەکەی مەهاباد وەرگێڕ بەکار دێنین): ئەو هەربزە خۆرسکەی لەدەرەوەی بێدەنگیدا دەڕوێ.

ڕاستکردنەوە: ئەو گیایە ژیرەی کە لە پشوودانا سەوزدەبێت.

3- inte har den tid att stanna upp

وەرگێڕ: ئەو کاتەی نییە لە سەرەوە بوەستێت.

ڕاستکردنەوە: کاتی نییە کە ڕاوەستێ.

4- tala om skönheten i elden
tala om sanningen innesluten i stenen

وەرگێڕ: باسی جوانی ئاگر

باسی ئەو ڕاستیەی لەبەردایە.

ڕاستکردنەوە: باسی جوانی لە ئاگردا

باسی ئەو ڕاستییەی لەناو بەردا ڕێی گیراوە.

5- Flyr tystnaden som vore den döden

وەرگێڕ: بێدەنگی بەجێدەهێڵێ ڕووەو مردن.

ڕاستکردنەوە: لە بێدەنگی ڕادەکات چوون لە مردن.

6- Flyr tanken som vore den en giftig tistel

وەرگێڕ: ئەندێشە بەجێدێڵێ ڕووەو ژەهری ڕووەک.

ڕاستکردنەوە: لە ئەندێشە هەڵدێ وەک لە دڕکی ژەهراوی «کەرتەشی».

وەرگێڕ دوو دێڕی کۆتایی ئەم شیعرەی پەڕاندووە —بڕوانە تێکستی شیعرەکە، کە لە کۆتایی

ئەم وتارەدا بە ناوی « من پێم خۆش دەبوو» کردوومەتە کوردی.

## یانزە هۆنراوەکە

لە پێشدا گوتم کە وەرگێڕ (11) هۆنراوەی بە هۆنراوەیێک زانیوەو، پێکەوەی ئالۆزکاندوون. لێرەدا ئەو شیعرانە لێک جوێ دەکەمەوەو، هەر یەکەیان بەو شێوەیەی لە دیوانەکەدا ڕیزکراون، ژمارەیان بۆ دادەنێم.[ تێبینی: لەبەر کەمی ماوەی گۆڤارەکەو درێژی بابەتەکە، ناچارین دیرە شیعرەکان پێکەوە بنووسین. بەڵام بۆ جیاکردنەوەیان نیشانەی«*» دادەنێین].

### شیعری یەکەم:

لە کۆتایی کۆپلەی یەکەمی ئەم شیعرەدا ماریا ڤینە دەڵێت:

Min kärlek knoppas när döden lutar sig över den

وەرگێڕ: ئەوینی من* کاتێ مردن کڕنۆشی بۆ دەبا* شکۆفە دەکا.

ڕاستکردنەوە: ئەڤینی من کاتێک مەرگ خۆی بەسەردا دەچەمێنێتەوە* خونچە دەگرێ.

شاعیر دەڵێ: driker ur ensamhetens djupa brunn

وەرگێڕ: لە سەرچاوەی چاڵی قوڵی تەنهایی دەخواتەوە.

ڕاستکردنەوە: لە «بیر»ی قوڵی تەنهایی دەخواتەوە.

شاعیر: På havsbottnens evigt gröna ängar.

وەرگێڕ: لە ناخی دەریایی هەمیشە مێرگدا.

ڕاستکردنەوە: لە مێرگی هەمیشە سەوزی بنی دەریادا.

دەبوو «وەرگێڕ » لە بێ مانایی ئەو ڕستەیەدا، کە ئەو وای تێگەیشتووە، هەڵوێستەکی بکردبا و لەوە ڕامابایە، کە یان ئەم شیعرە زۆر بێ مانایەو شایەنی وەرگێڕان نییە، یان ئەم بۆخۆی دەسەڵاتی بەسەر وەرگێڕانیدا ناشکێ. لە هەردوو حاڵەتەکەدا دەبوو دەست لە وەرگێڕانەکە هەڵگرێت.

وەرگێڕ لە وشەی «مێرگدا»ڕا مقەستێک دەخاتە کارو دوو دێڕ لە شیعرەکە دەقرتێنێت.

### شیعری دووەم:

مەهاباد تەناتەت لەم کورتە شیعرە سادەیەشدا ئەم هەڵانەی کردووە:

1- kom inte för nära

وەرگێڕ: نزیک مەبەرەوە.

ڕاستکردنەوە: زۆر نزیک مەبەرەوە.

2-lämna plats åt kärleken - att skratta åt sin lycka.

وەرگێڕ: جێگا بۆ ئەوین چۆڵ کە * تا بۆ بەخت پێبکەنی.

ڕاستکردنەوە: جێگا بۆ ئەڤین بهێڵەرەوە* کە بە شادی خۆی پێبکەنی.

[ئاشکرایە چ جیاوازییێک لە نێوان –پێکەنین بۆ شتێک و، پێکەنین بە شتێک–دا هەیە]

3-låt alltid en eld av mitt blonda hår vara fri

وەرگێڕ: بهێڵە هەردەم ئاگرێک لە قژە زەردەکەمەوە* ئازاد بێ.

ڕاستکردنەوە: بهێڵە هەردەم ئاگرێکی قژی زەردم * بەر بەرەڵابێ.

ماریا داوا لە خۆشەویستەکەی دەکات، زۆر لێی نزیک نەکەوێتەوە، تا کە بای شەماڵ دەدا لە قژە ئاڵتوونییە خاوو درێژەکەی، وەک شەپۆلی ئاگرێک بەریەرەڵابێ، بە دەم باوە هەر تاوەی بەلایەکدا کڵپە بکات. شاعیر، سەمای بای شەماڵ لە تەک قژە زەردە خاوەکەیدا، بە ئاگرێک دادەنێ نایەوێ بەری لێ بگیرێ و بکوژێتەوە. کەچی وەرگێڕ وا دەزانێ شاعیر داوای ئازادی بۆ ئاگرێک دەکات کە لە قژی بەربووە.

**شیعری سێیەم:**

پێدەچێ وەرگێڕ هێشتا لە زمانی سویدیدا بۆ وشەی Älskade ی ئاوەڵناو–ئەدجێکتیڤ– کە بە مانای «خۆشەویست» دێت، لە وشەی Älskade ی کرداری ڕابردوو –ئیمپێرفێکت– جیا ناکاتەوە. کرداری Älskade بەبێ بکەر بەکار نابرێت و مانا نابەخشێت. باشە وەرگێڕ چۆن دەزانێت کە ئەم وشەیە بەمانای «خۆشت ویستم» دێت، نەک بەمانای «خۆشم ویستیت؟

مەهاباد قەڵەمبازێک بەسەر کۆپلەی یەکەمی ئەم شیعرەدا دەدات (بڕوانە وەرگێڕانەکەی ڕەخنەگر).

چەند نموونەیێک لە چۆنێتی وەرگێڕانی «خۆشەویست»:

1- en hel natts mörker - ska växa upp mällan oss

وەرگێڕ: شەوێکی نوتەک دەیەوێ لە نێوانماندا بڕوێ.

ڕاستکردنەوە: تاریکایی شەوێک هەمووی لە نێوانماندا بالادەکات.

وەرگێڕ: زوقم. ڕاستکردنەوە: تەم و مژ .dimma -2

وەرگێڕ:بەجێممەهێڵە. ڕاستکردنەوە: بەجێمبهێڵە 3- lämna mig

وەرگێڕ دوا کۆپلەی ئەم شیعرەی - کە سێ دێرە - لکاندووە بە سەرەتای شیعرێکی جیاوازو تەواو سەربەخۆوە. ئەم جێگۆڕکێ و تاوو تووە مرۆڤ دەخاتە گومانەوە لەوەی کە وەرگێڕ شتێکی ئەوتۆی لەم شیعرانە هەڵکڕاندبێت!

## شیعری چوارەم:

1-...vågor har sköljt bort det.

وەرگێڕ: شەپۆلەکان... لە دوورەوە بیشۆردبان.

ڕاستکردنەوە: شەپۆلەکان.. ڕایان ماڵی.

2- kunde jag blott lika lätt - riva ditt namn ur mitt hjärta.

وەرگێڕ: بمتوانیبا سادە بم * لە دەرەوەی دڵی مندا ناوی خۆت بدڕێنە.

ڕاستکردنەوە: بۆخۆیشم دەمتوانی ئاوەها سووک بە ئاسانی * ناوت لە دڵمدا دەربهێنم.

خوێنەری ئازیز ، قسەی خۆمان بێت، ئەگەر «ماریا ڤینە» پێ بزانێت کە ئاوا بە جەڵەب و گۆترەکاریی، بە کلک و گوێ کراوی شیعرەکانی «ئاودیوی» زمانی کوردی دەکرێن، بێ سێ و دوو دەرگای دادگامان لێ دەگرێت.

## شیعری پێنجەم:

1- men dina ögon blicker ut i fjärran - dina tankar följer molnens flykt.

وەرگێڕ: بەڵام نیگاکانت دوورن - ئەندێشەکانت هاوکۆچی هەورن.

ڕاستکردنەوە: بەڵام چاوەکانت نیگا لە دوور دەگرن، - ئەندێشەکانت بەدووی ڕەوی هەور کەوتوون.

2- men kvällen lider mot sitt slut

وەرگێڕ: بەڵام ئێوارە ئازاری کۆتایی خۆی دەدات.

ڕاستکردنەوە: بەڵام ئێوارە بەرەو کۆتایی خۆی دەتلێتەوە.

3- dina smekningar stannar kvar hos mig

وەرگێڕ: ئەوینت لەلای مندا دەمێنێتەوە.

ڕاستکردنەوە: شوێنەواری دەستەکانت لەلام دەمێننەوە.

**شیعری شەشەم:**

1- Du är den klare, starke - med livslust och ideer.

وەرگێڕ: تۆ ئەو هێزەیت، ئەو ئامادەییەیت * لەگەڵ کۆتایی ژیان و بیرەکاندا.

ڕاستکردنەوە: تۆ ئەو ئامادەیەیت، ئەو هێزەیت * کە خاوەنی ئارەزووی ژین و پێشنیازیت.

2- jag är den svaga, - med drömmer och utplåning.- min hand smeker din: dagen och natten tillhör aldrig varann.

وەرگێڕ: من ئەو لاوازەم * لەگەڵ خەونەکاندا، ئەزموونەکاندا * دەستم نازی دەستت دەکێشێ * شەوو ڕۆژ * هەرگیز گوێ لە یەکتر ناگرن.

ڕاستکردنەوە: من ئەو بێ هێزەم * کە خاوەنی خەون و لەناوچوونم * دەستم خۆی لە دەستت دەخشێنێ: * شەوو ڕۆژ هەرگیز هی یەکتری نین.

«ئارەزووی ژیان» لەلای وەرگێڕ بۆتە «کۆتایی ژیان»، کەچی «لەناوبردن» بۆتە «ئەزموونەکان» و وشەی «tillhör -ی» بۆتە گوێ گرتن.

من نازانم ئەگەر مرۆڤ توانای دۆزینەوەی ئەم وشانەی لە فەرهەنگیشدا نەبێت و، ئاواش لە شیعرێک تێ بگات، چۆن پرکێشی ئەوە دەکات بڵێ: «جوانی شیعرەکان سەرنجیان ڕاکێشاوم بۆ وەرگێڕان»!!

**شیعری حەوتەم:**

Där är min treklövers hjärta - som överlever de båda:
kärleken till mig själv - som för mig likt svanen
att böja huvudet mot skuldran
och trycka läpparna mot dess rundning.

وەرگێڕ: ئەوە دڵە پەلکەگیاکەمە * کە هەردووکیان زیندوو دەکاتەوە * ئەوین.. بۆخۆم * کە دەهێڵێ وەکو قارچک بم *کە سەر دانەوێنم بۆ شانەکان ...و * لێوەکان توند داخەم بەرامبەر بە خوناوەکان.

ڕاستکردنەوە: ئەوە دڵە «سێپەڕەکەمە» * کە لە هەردووکیان قوتاردەبێ: * خۆشەویستیم بۆ خودی خۆم * وام لێدەکا وەک قاز * سەرم بەرەو دەفەی شانم بچەمێنمەوەو لێوەکانم گیرکەم لە کەوانەکەی.

**شیعری هەشتەم:**

Också denna dag är i morgon en dröm,

en dröm som seglar bort likt alla andra,
och jag fruktar den stund
då min älskade seglar bort på drömskeppet
och jag inte kan nå honom med mina armar.

وەرگێڕ: ئەو ڕۆژەش سبەینێیە، خەونێکە * وەکو چارۆکەی کەشتی کە لە دوورەوە * هاوچەشنی ئەوانی ترە * من لەو ساتە دەترسم * ئیتر خۆشەویستەکەم چارۆکەواتێکە لە کەشتی خەونداو * من ناتوانم بە دەستەکانم بیگەمێ.

ڕاستکردنەوە: ئەو ڕۆژەش... سبەی دەبێتە خەونێک، * خەونێک، وەک هەموو خەونەکانی دی * کەشتی ئاسا دوورەکەوێتەوە * من لەو ساتە دەترسێم * کە خۆشەویستەکەم * لە کەشتی خەونەکاندا دوورکەوێتەوە * منیش نەتوانم دەستەکانمی بگەیەنمێ.

لە ڕاستیدا Segla bort یانی «بە کەشتی چارۆکەدار دوورکەوتنەوە». لە زمانی کوردیدا وشەیەکمان نییە کە تەنیا مانای segla بگەیەنێت. segla بە تەنیا واتا«بە کەشتی چارۆکەدار سەفەرکردن». لە بەر ئەوە من، بۆنەوەی چێژی شیعرەکە نەکەم بە قوربانی لێکدانەوەی مانای وشەیەک کە لە زمانی کوردیدا نییە، تەنیا وشەی کەشتیم بەکارهێنا.

**شیعری نۆیەم:**

ئەم کورتە شیعرە یەکێکە لە شاکارەکانی ماریا ڤینە. لە وێنەیکی بەرزو ناسکی شیعریدا پرۆسەی سێکسیکی پڕ لە خۆشەویستی و پڕ لە کوڵ و جۆشمان، لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا، کە دەیگەێنێتە ترۆپکی چێژو ئارەزوو، وەک تابلۆیەکی هونەری زیندوو، نیشان دەدات. جا با بزانین مەهاباد قەرەداغی چۆن تابلۆی ئەم پرۆسەیەمان بۆ دەشێوێنێ.

Stanna med din pil inom mig- att genom min korsfästelse- kan föda små solsr från mitt sköte- lek med din fina fingertoppar kring mina bröst- att de skrattande må stiga mot rymden- håll min kropp som en båge fast mot din- tills extasens fullhet slungar oss ut.

وەرگێڕ: خۆت و تیرەکەت لە ناخی مندا بمێننەوە * تامن لە وانەی پشتیوانیمدا بتوانم * لە باوەشمەوە * خۆری بچووک، بچووک * لەدایک ببێ * وەکو ترۆپکی پەنجەکانی تۆ لە دەوری مەمکەکانمدا * تا ئەو هەستە شادانە بەرەو ئاسۆ هەڵزنێن * جەستەم لە باوەش بگرە... وەکو کەوانەیەک * توند بە جەستەی خۆتەوەم بگرە * تا کۆتایی پڕ بوون * دەرمانکاتە دەرەوە.

ڕاستکردنەوە: خۆت و «تیر»ەکەتم تێدا بمێننەوە * من دەکارم لە ڕێگەی لە خاچدانمەوە * لە داوێنمەوە خۆری بچووک بچووکم ببێ * بە سەرەپەنجەکانت لە دەوروبەری مەمکەکاندا یاری بکە

* بەڵکو مەمکەکانم بەدەم پێکەنینەوە بەرەو ئاسمان هەڵچن * وەک کەوانێک جەستەم توند بە جەستەی خۆتەوە بگرە * تا موچورکەی ئەوپەڕی کام هەڵمان بدا.

**شیعری دەیەم:**

Här i min hands runda mörker- skulle jag vilja hålla ditt bankade hjärta.- Som en liten fågelunge skulle det skälva för mina fingertoppars lätta smekningar- tills strängen full av ömhet brast.-

Och för mina ögons blick skulle det- i all sin nakna sanning vila- gråtande vid min kärleksberöring.

وەرگێڕ: لێرە... لە دەورودەری تاریکی دەستمدا * من دەمەوێ ترپەی دڵت بگرم * وەکو بێچوە باڵندەیەک * کە لە نێو نازی سادەی * ترۆپکی پەنجەکانمدا دەلەرزێ * تا تێکۆشان پڕ دەبێ لە بێسۆزی * بۆ نیگاکانم، لە نزیک بزوتنەوەی ئەوینەوە * لە هەموو ڕاستیە ڕووتەکاندا * گریاوێک دەحەسێتەوە.

ڕاستکردنەوە: لێرە لە تاریکی خڕی ناو دەستمدا * دەمەوێ دڵە ترپەکارەکەت بگرم. * وەک بێچووە باڵندەیەکی بچووک * دڵت بۆ بەئاستەم لێخشانی ترۆپکی پەنجەکانم ڕادەچەنێ * تا ژێیەکان پڕدەبن لە سۆزو دەپچڕێن. * بۆ نیگای چاوەکانیشم * دڵت وەک ڕاستییەکی ڕووت و قووت بەدەم گریانەوە * لە پەنا لاواندنەوەی ئەڤینمدا دەحەوێتەوە.

«ۆ وشەی ئاوێتەی kärleksberöring ئا لەم جێیەدا لە وشەی «لاواندنەوە» باشترم بە بیردا نەهات. لەکاتێکدا وەرگێڕ «بزووتنەوەی ئەوین»ی پەسندکردووە. هەڵبەت «لاواندنەوە»م بە مانای نازهەڵگرتن و دەست بەسەردا هێنان بەکار هێناوە.

**شیعری یانزەیەم:**

1- mitt rum min eviga natt- med klockor som ror mina drömmar i land

وەرگێڕ: ژوورەکەم...شەوە هەمیشەییەکەم * لەگەڵ دەمژمێرەکاندا کە لە دێدا * سەوڵی خەونەکانم لێ دەدەن.

ڕاستکردنەوە: ژوورەکەم، شەوە هەمیشەییەکەم * بە کاتژمێرەکانیانەوە خەونەکانم بە سەوڵ لێدان دەگەیەننە وشکایی.

2- då alla nätter lutar sig över min bädd- vill jag äga din kärlek- det är med mina kyssar- jag vill söka din gråt- med mina smekningar- jag vill upptäcka din svaghet

وەرگێڕ: هەموو شەوەکان کڕنۆش بۆ خەونەکەم دەبەن * من دەمەوێ خاوەنی ئەوینی تۆ بم *

لەگەڵ ماچەکاندا * دەمەوێ بەدوای گریانەکانت بگەڕێم * لەگەڵ تازەکانیدا * من دەمەوێت لاوازیت بدۆزمەوە.

ڕاستکردنەوە: کاتێک هەموو شەوەکان خۆیان بەسەر پێخەفەکەمدا شۆڕدەکەنەوە * من دەمەوێ ببمە خاوەنی ئەڤینی تۆ * دەمەوێ بەماچەکانم * سۆراخی گریانت بکەم * دەمەوێ بە دەست پێداهێنان لاوازییەکانت بدۆزمەوە.

3- stege وەرگێڕ بە «هەنگاوەی داناوە، کەچی بە مانای «پەیژە» دێت.

4- men dina läppar mot mina- din tunga mot min- två sniglar förlorade i en grotta av eld- och i den kommande morgonen- ska jag triumferande svänga en blommande gren över våra huvuden!

وەرگێڕ: لێوەکانت لە لێوەکانم * زمانت لە زمانم * دوو حەلەزوون لە گریانێکی ئاگردا ون دەبن * لە سپێدەی داهاتوودا * ئاهەنگ بۆ * لقێکی * شکۆفە کردوو * دەگێڕم * کە لەسەر سەرمانەوە ئاوڕ دەداتەوە.

ڕاستکردنەوە: بەلاّم لێوەکانت بە لێوەکانمەوە * زمانت بە زمانمەوە * دوو هێلکە شەیتانۆکەن لە ئەشکەوتێکی ئاگردا خۆیان لە دەستدەدەن * لە سپێدەی داهاتوودا * بە هەوای ئاهەنگێکی سەرکەوتن * لقێکی گوڵدار بەسەر سەرماندا دەچەمێنمەوە.

کاتێک بەلەمێک بە سەوڵ لێدان بەرەو زەوی «وشکایی» دەڕوا، لە زمانی سویدیدا دەڵێن Ror i land. کەسێکیش کە بیەوێ بڵێ «من لەلادێ دەژیم» بە سویدی دەڵێ jag bor på landet . ئەمەش هەردیسان سمێڵ سوورەکەو هەمزاغایەکی دیبە. دەنا با وەرگێڕ پێمان بڵێ مرۆڤ چۆن چۆنی «سەوڵ لە لادێدا لێدەدا». دیارە خەون لە پێخەفدا دەبیندرێ، وەلێ جیاوازی لە نێوان (خەون و پێخەف)ی نووستندا هەیە. وەرگێڕ ئەم جیاوازییەی نەکردووەو، خەونی لەبری پێخەف بەکار هێناوە.

وەرگێڕ لەناو نووسەرو ئەدیبە زمانزانەکاندا دۆست و برادەری هەن. نەدەکرا ئەم وەرگێڕانەی پێشانی یەکێکیان بدابایە، تا ئەویش ئامۆژگارییەکی دۆستانەی بکردایە. ئیدی نە شیعرەکانی «ماریا ڤینە» دەچوونە غەریبی، نە وەرگێڕ خۆیشی و منیشی توشی ئەم ژانەسەرە دەکرد.

لەم وتارەدا، لەبەر کەمی جێگا، تەنیا شوێنە خۆر تاریکەکانم داوەتە بەر تیشکی ڕەخنە. من بەهیچ جۆرێک سەرزەنشتی وەرگێڕ لەو ڕووەوە ناکەم کە بە دوو - سێ ساڵ زمانی سویدی فێرنەبووە. ئەگەر وەرگێڕ لە زماندا تواناێکی بێ وێنەشی هەبێ ،ئەوا دڵنیام کە سێ ساڵ هەر بەشی خۆشی و چۆنی و مامەڵەی بازارو خوێندنەوەی هەندێ کتێبی سادەو وتاری ئاسان دەکات.

بۆ ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعر، وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی یان هەر زمانێکی دی، زمان فێربوونی سەر کورسی قوتابخانەکان دادێکی ئەوتۆ نادەن. مرۆڤ دەبێت لەناو جەرگەی کۆمەڵگەی سویدیدا جۆش بخوات، شارەزایی لە کولتوورو داب ونەریتی کۆمەڵایەتییاندا بێت. شێوازی بیرکردنەوەیان فێربێت و ئاشنایی لە تەک پەندی پێشینان، گوتە ئەستەقەکان، دەربڕینە تایبەتییەکاندا پەیدا بکات. پەلای منەوە زمان فێربوونی سەرکورسی قوتابخانەو وشە لە فەرهەنگی زمان دەرهێنان، بەبێ ئەو فاکتەرانەی سەرەوە دەستی مرۆڤ، وەک دەبینین، بە زاخدا دەکەن.

داوا لە مەهاباد قەرەداغی دەکەم لە ڕەخنەکەم دڵگیر نەبێت. ئەگەر ناو بەناو تۆنی زاراوەی ڕەخنەکەم بەرز بووبێتەوە، هەوڵی هێورکردنەوەیم داوە. لەوە زیاتر قەڵەمەکەم بۆ کۆنترۆڵ نەکرا. دڵنیام چەند ساڵێکی دی، کە فێری سویدی دەبێت، بۆ خۆی لە ئێستای من توند تر ڕەخنە لەم وەرگێڕانەی خۆی دەگرێت.

گربلی- 25ی ئەپریلی 1995

## یانزە کورتە شیعری ماریا ڤینە

**لە دیوانی– ئەڤینی: ڕووناک،**

**ئەڤینی: تاریک**

**وەرگێڕانی گۆران قەرەداغی**



1

ئەڤینی من لە وڵاتێکی ئەودیو هەموو سنوورەکاندا دەڕوێ

لە کات(زەمەن)ێکی ئەودیو هەموو کاتەکاندا دەڕوێ

ئەڤینی من لەناو دۆڵی سێبەرەکاندا دەڕوێ

لە خاکە لمینەی بێ ئاوی بیاباندا دەڕوێ

ئەڤینی من کاتێ مەرگ خۆی بەسەردا دەچەمێنێتەوە چرۆدەکات

کاتێکیش مەرگ و ژیان یەکدەگرن

ئەڤینی من ڕووخۆشانە دەگری.

ئەڤینی من لە کانیاوی لەبەر ڕۆیشتووی ژیان دەخواتەوە

لە «بیر»ی قووڵی تەنیایی دەخواتەوە

ئەڤینی من لە ئارامی دارستانەکاندا
لە مێرگی هەمیشە سەوزی بنی دەریادا پشوودەدا.
ئەڤینی من کە مانگ بە سەریا دەچەمێتەوە لە سەرماندا هەڵدەلەرزێ،
بەتەنیا لە سەرچاوەی بێ بنی کاتدا نوقم دەبێ.

ئەڤینی من لە وڵاتێکی ئەودیو هەموو سنوورەکاندا دەڕوێ
لە کاتێکی ئەودیو هەموو کاتەکاندا دەڕوێ.

2

خۆشت بوێم
بەڵام زۆر نزیک مەبەرەوە
جێگا بۆ ئەڤین بهێڵەرەوە
بە شادی خۆی پێبکەنێ
لێگەڕێ هەردەم ئاگرێکی قژی زەردم
بەربەرەڵابێ.

3

خۆشەویست
کاتێ لە پێتەختی خۆشەویستیماندا ڕادەبیت
بۆ من مەدوێ
لێم گەڕێ لە تاریکی ئەڤینماندا بمێنمەوە
لێم گەڕێ بە یادی دەست بە لەشما هێنانت
خەوم لێ بکەوێ
خۆشەویست
بە وریایی هەنگاو بنێ
تاریکایی شەوێک هەمووی
لە نێوانماندا باڵا دەکات
کێ دەزانێ
کە لە ناو تەمومژی سپێدەدا ئێمە یەکتر دەدۆزینەوە

خۆشەویست

بەبێ ورتە
بەجێمبێڵە!

4

پێش ئەوەی بەتەواوی فریاکەوم
بە وردە بەردە سپییەکانی کەنار، ناوت بنیات بنێم
شەپۆلە بێ کاتەکانی دەریا ناوەکەتیان ڕامالی.
بۆخۆیشم دەمتوانی ناوا سووک و ئاسان
ناوت لە دڵمدا دەربهێنم و بیدڕێنم.

بەڵام دڵ شەپۆل نییە
کە دێ و دەچێ،
دڵ دەستاڕێکە هەر دەهاڕێ و دەهاڕێ.

5

ئاوا تەنیا و
کەچی دەستم لە نێو دەستتدا ئۆقرە دەگرێ
بەڵام چاوەکانم نیگا لە دوور دەگرن،
ئەندێشەکانت بەدووی ڕەوی هەور کەوتوون.

ئاوا تەنیاو
کەچی بەسەر شانتا دەگریم
بەڵام ئێوارە بەرەو کۆتایی خۆی دەتلێتەوە،
سپێدەی تۆ لە وڵاتێکی تردا دەست پێدەکات.

ئاوا تەنیاو
کەچی ئێمە لە هەمان کەشتی ڕێ لێتێبوو داین
بەڵام تاسەکانمان ڕێگەی جودا دەگرنە بەر
لەوێ لە چوار ڕێیانێکدا پێشنیاری ماڵئاوایی دەکەیت.

ئاوا تەنیاو

کەچی تاوت لە ناخمدا ستران دەچڕێ
پێکەنینەکەت لە شەودا دەدرەوشێتەوە
شوێنەواری دەستەکانت لە لام دەمێننەوە
بەڵام تۆ، تۆ لە وڵاتێکی دیدا دەژیت.

6

ژیانی من هی تۆیە
ژیانی تۆش هی من نییە
ڕێگاکانمان جیا دەبنەوە
تۆ خۆرهەڵاتی کە موژدەی ڕۆژێکی نوێی پێیە
من خۆرئاوابوونم کە بە گومانەوە لە دەریادا دەکوژێتەوە
تۆ ئەو ئامادەییەیت، ئەو هێزەیت
کە خاوەنی ئارەزووی ژین و پێشنیازی
من ئەو بێ هێزەم کە خاوەنی خەون و لەناو چوونم
دەستم خۆی لە دەستت دەخشێنێ:
شەوو ڕۆژ هەرگیز هی یەکدی نین.
نیگام بۆ نیگات دەگەڕێ:
دوو ئەستێرە هەرگیز پێکەوە ناسووتێن.

7

ئەڤینی من
وەک گەڵای «سێپەرە»یە:
ژیانی من... مردنی من... منی من
ئەوە... ئەوە
کە لە ڕێگەی هێزی خۆیەوە ناچارم دەکات کە بژیم
ناچاری هەست بە خۆشیی
سەرکەوتنم بە سەر دژەکەمدا دەکات
ئەوە... ئەوە
کە لە ڕێگەی بێ هێزی خۆیەوە ئامادەیە لەتەک مندا بمرێ و
وام لێ بکا کە هەست بکەم کوڵدان ڕێگەی ئازادییە.
ئەوە دڵە «سێپەرەکەمە»

کە ژیانی لە هەردووکیان دەرباز دەکا:
خۆشەویستیم بۆ خودی خۆم
وام لێدەکا وەک قاز
سەرم بەردو دەفەی شانم بچەمێنمەوەو
لێوەکانم گیرکەم لە کەوانەکەی.

8

ئەم ڕۆژەش، سبەی دەبێتە خەونێک
خەونێک وەک هەموو خەونەکانی دی کەشتی ئاسا دوور کەوێتەوە
من لەو ساتەدەترسێم
کە خۆشەویستەکەم لە کەشتی خەونەکاندا دوور کەوێتەوەو
منیش نەتوانم دەستەکانی بگەیەنمێ.

9

خۆت و «تیر»ەکەتم تێدا بهێننەوە
من لە ڕێگەی لە خاچدانمەوە
دەکارم لە داوێنمەوە خۆری بچووک بچووکم بێ
بە سەری پەنجەکانت لە دەوروبەری مەمکەکانمدا یاری بکە
بەڵکو مەمکەکانم بە دەم پێکەنینەوە بەرەو ئاسمان هەڵچن
وەک کەوانێک جەستەم توند بە جەستەی خۆتەوە بگرە
تا موچوڕکەی ئەوپەڕی کام هەڵمان دەدا.

10

لێرە لە تاریکی خری ناو دەستمدا
دەمەوێ دڵە تریەکارەکەت بگرم.
وەک بێچووە باڵندەیەکی بچووک
دڵت بۆ بە ئاستەم لێخشانی ترۆیکی پەنجەکانم ڕادەچەنێ
تا ژێیەکان پڕدەبن لە سۆزو دەپچڕێن.
بۆ نیگای چاوەکانیشم
دڵت وەک ڕاستییەکی ڕووتو قووت بەدەم گریانەوە
لە پەنا لاواندنەوەی ئەڤینمدا دەحەوێتەوە.

11

دیوارەکانی ژوورەکەم لە قەدیفەی رەشی نەرم گیراون
ژوورەکەم، شەوە هەمیشەییەکەم
بە کاتژمێرەکانیانەوە خەونەکانم بە سەوڵ لێدان دەگەیەننە وشکانیی
نا لەم ژوورەی مندا
نا لەم شەوەی مندا
کاتێ هەموو شەوەکان خۆیان بەسەر پێخەفەکەمدا شۆڕ دەکەنەوە
من دەمەوێ ببمە خاوەنی ئەڤینی تۆ
دەمەوێ بە ماچەکانم سۆراخی گریانت بکەم
دەمەوێ بە دەست پێداهێنان
لاوازییەکانت بدۆزمەوە
(من بەتەنگ هێزی تۆوە نیم
هێزی تۆ تەنیا پەیژەیەکە
کە بە بچووکترین دەستلێدان دەشکێت)
بەڵام لێوەکانت بە لێوەکانمەوە
زمانت بە زمانمەوە
دوو هێلکە شەیتانۆکەن لە ئەشکەوتێکی ئاگردا خۆیان لە دەستدەدەن.
لە سپێدەی داهاتوودا
بە هەوای ئاهەنگێکی سەرکەوتن
لقێکی گوڵدار بەسەر سەرماندا دەچەمێنمەوە!

**هۆنراوەیێکی تری ماریا ڤینە:**

## من پێم خۆش بوو

من پێم خۆش بوو
باسی خۆشەویستی بکەم
باسی ئاشتیی خۆشەویستی بکەم
بەڵام جیهان شێتە
کاتی نییە بۆ خۆشەویستی
تەنیا بۆ رق
کاتی نییە بۆ ئاشتی ژیان

تەنیا بۆ کوشتن.

من پێم خۆش بوو
باسی پشوودان لە پشووداندا و
ئەو گیایە ژیرە بکەم
کە لەو پشوودانەدا سەوز دەبێ
بەڵام جیهان شێتە شێت
کاتی نییە بۆ وەستانێ
زۆر کەمتریش بۆ گوێگرتن
جیهان ڕاکێتێکی لە دەمدایە.

من پێم خۆش بوو
باسی جوانی بکەم لە ئاگردا
باسی بەردو ئەو ڕاستییە بکەم
کە لەناو بەردا ڕێی گیراوە
بەڵام جیهان شێتە شێت
کاتی نییە بۆ جوانی
تەنیا بۆ تێک شکاندنی جوانی
سەرنجی گوڵی نێو ئاگر نادا
هەر سەرنجی چەکی نێو ئاگر دەدا
جیهان کاری بە ڕاستی ناو بەرد نییە
تەنیا کاری بە ڕەقی بەردەکەیە.



من پێم خۆش بوو
لە تەک بێدەنگی و
ئەو ئەندێشەیەی تیایدا لەدایک دەبێ بژیم
بەڵام جیهان شێتە شێت
لە بێدەنگی ڕادەکا، چوون لە مردن
لە ئەندێشە هەڵدێ
وەک لە دڕکی ژەهراوی «کەرتەشی»
من پێم خۆش بوو
بەڵام جیهان شێتە شێت.

[ئەم هۆنراوانە لەم کۆمەڵە هەڵبژاردەیەی شاعیر وەرگیراون:

Maria Wine, Kärliken: den ljusa, den mörka,
Trevi, 1985, sid.15-25, och sid.79-80

# گوێ لە پیاوی گەورە دەگرن

کاروان عەبدوڵلا

گەلی باشووری کوردستان لە ئاکامی ئەو هەل و مەرجە خەتەرناکەی تووشی هاتووە، ڕووبەڕووی پرسیارێکی مێژوویی بۆتەوە: ئایا گەلی کوردستان هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی خۆناسین؟

ئایا جیاوازی لە بیرو بۆچوونەکان و ئامانجەکان لە نێوان خەڵک و هێزە حوکمڕانەکاندا هەیە؟ یان بە شێوەیێکی تر، ئایا گەلی کوردستانە کە ناتوانێ لەم تەزموون و لەم قۆناغە تێبگات، یان سەرکردایەتی ئەو دوو لایەنەن کە لە ئاست مەسئولییەتی مێژوویی و ئەخلاقی دانین؟

هێزە حوکمڕانەکان، لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، ئەمڕۆ خۆیان کردۆتە زمانحاڵی خەڵکەکە، کەچی لە پراکتیکدا نەک هەر نەیان توانیوە ببنە دەربڕی ئاوات و ئامانجەکانی گەل، بەڵکو بوونەتە گەورەترین لەمپەری ئازادی و دیموکراتی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و شەقیان لە خودی بیرو بۆچوونەکانی نێو بەرنامەو پرۆگرامی خۆشیان داوە.

خەڵک لە ناخۆشترین و تاریکترین ڕۆژی خەباتیاندا ئەوانی لەبیر نەچۆتەوە، کەچی ئەوان لە کەمترین و بچووکترین هەلی مێژوویی و وەرچەرخانی پۆزەتیڤدا خەڵکەکەیان وەک نێچیرێکی بێ دەست و پێ بینیوەو ڕەفتاریان لەگەڵ کردووە.

خەڵک ئازادی ویستووە، ئەوان دەسەلات

خەڵک بۆ دیموکراتی خۆی بەکوشت دا، ئەوان بۆ دەسەلات

خەڵک بۆ ئاشتی ملی لە هەورازی خوێن نا، ئەوان لە لوتکەی ئاشتییەوە سەریان بۆ نشێوی خوێن شۆڕکرد..

خەڵک دەتوانێ تەنیا بە نان و ئاوو ئازادی بژیت، ئەوان بە پارەو چەک و خوێن نەبێت ناژین

خەڵک تاوانبارە، یان ئەوان؟!

ئەوان دوورن لە خەڵک، یان خەڵک دوورە لەوان؟

ئەگەر ئەوان وابن چۆن هەولێ وا لەدەست دەدەن و ئەو خەڵکە ناکەن بە قوربانی ناتەبایی و کێشەو ڕقە ڕامنەکراوەکانیان؟

حوکمڕانەکان لەو ڕاستییە گەیشتوون کە خەڵکی کوردستان نایەوێت کێشەکانی نێوان دوو

هێزە حوکمڕانەکە بە ڕێگەی شەڕ چارەسەر بکرێن و، نەفرەتیش لە شەڕکەران دەکەن. بەڵام ئەمە بۆ ئەوان دەرسێکی سەرەتاییەو، مێژووی دوای ڕاپەڕین و ئەزموونی پەرلەمان و حکومەتی هاوبەش فێری کردوون کە خەڵکێکی زۆر لە برسان و لە خۆبەستنەوەی کوێرانەیان بە سەرکردەکانیان و، لە نەبوونی هێزێکی دیکەی بەتوانای دژ بە شەرکەران، ئامادەی شەڕکردنن. هەر لەم ڕوانگەیەوە حوکمڕانەکان، بۆ قۆناغی ئەمڕۆ، لەگەڵ هێمنکردنەوەو وەلانانی لۆژیکی شەڕ نین. چونکە هەم خەڵکەکە بواری بیرکردنەوەو پشوودانی بۆ دەڕەخسێ و هەم باری ئابووری بە جووڵە دەکەوێ و هەم چەکیەشان کەم دەبێتەوە.

لاف و گەزافی ئەوان بۆ تەقاندنەوەی کێشەکان ، پارەو پاوانکردنی ناوچەو هێزی دەرەکی بوون..

پارە کۆکردنەوە بۆ وەگەڕخستنی ماشێنی شەڕ، شەڕکردنیش بۆ زەوتکردنی سەرچاوەکانی پارەو بۆ وەدەستهێنانی چەک و پاوانکردنی چەند ناوچەیێکی تر.

شەڕسازدان جەردەو دزو خۆفرۆش و سەدان و هەزاران نەفام و سیاسیی دۆڕاوی وەگەڕ خستەوە.. ڕۆژو ئاوات وخەونەکانی گەلی کوردستان بوونە هی ئەوان و دەسەڵات وەرگرتن بووە ئامانجی ئەوان.

بۆ ئیستیهلاکی جادەو کۆڵان و ڕای گشتی دنیاش،لافو گەزافی کوردانەو ئاشتی و دیموکراتی..

ڕوونترین عیبرەت و چاکترین ئەزموون، کە لەم شەڕە هەڵێنجرابێت، ئەوەیە کە حوکمڕانانی کوردستان نەیان توانیوە قاوغی سیستمی پاشکۆیی و عەشیرەتی بشکێنن. بۆ ڕای گشتی دنیاش سەلماندیان کە کورد، لە سایەی سەری ئەوان، ئەگەر هەموو دنیاش کۆمەک و پشتگیرییان بکات و لە داگیرکەر بیان پارێزێت، ئەوا ناتوانێت هەبوونی خۆی بسەلمێنێت و کاولێکی ئازاد بۆخۆی سازبکات.

ئیمڕۆ لە کوردستاندا تاکە شتێک کە بیری لێ بکرێتەوەو نەخشەی بۆ بکێشرێت پاراستنی بەرژەوەندی تاکە کەسییەکانە لەو شوێنانەی کە بەسەر هەردوو لایەنە شەڕکەرەکەدا دابەشکراون. ئەو کەسانەی کە ئەمڕۆ بوونەتە ئاغای جەنگ و دەستیان بەسەر چارەنووسی خەڵکەکەدا گرتووە، بەوە ڕازی نابن ئەو دەسەڵاتەیان لێ بستێندرێتەوەو، لەو بەرژەوەندییانەیان بدرێت کە شەڕەکان پێیان بەخشیون.

داگیرکەرانی کوردستان لە سایکۆلۆژیای سەرکردەکانی کورد گەیشتوون و، دەزانن لە چ کاتێکداو چۆن دەست بخەنە نێو کاروباری باشووری کوردستان. هەر لە رێگەی ئەو رێبەرانەشەوە لێکۆڵینەوە لەسەر کەسێتی کورد دەکەن. ئەوان لە درزی سەرکردەکانەوە دێنە ژوورێ و ماڵی خەڵکی کورد دەدۆزنەوە.

رێبەرەکان هەستی پاشکۆیی و خۆبەکەمزانین و خۆشباوەڕی لە خوێنیاندا دێت و دەچێت. مێژووەکانیان حەزێکی کاتییە، دەستکەوتەکانیش بۆ سبەینێن.

داگیرکەران بە دەنگ و رەنگی ئەوان،. بە قسەو باس و هەڵوێست و رافتارەکانیان ئاشنان. بۆ هەر رێبەرێک چەندان راوێژکاری تایبەتیان هەیە. بۆ هەر رووداوو وەرچەرخانێک چەندان کۆڕو دانیشتن و راوو پرسیاریان هەیە. کەچی رابەرانی کورد، لە هەر روداوو گۆڕانێکدا، راوێژکاری رەهاو بێ سنوورن.

بۆ بێگانەیێک چ مێژوو و ئەخلاقێک و، چۆن حیزبایەتیێکی گەندەڵ و پڕ شەرمەزارییان داهێناو، چارەنووسی گەلی کوردستانیان بەو مێژوو و ئەخلاقەوە بەستەوە.

ئەم شەڕانە زەمینەی شۆڤێنیزمی نەتەوەی سەردەست و هێز و تەبایی لەنێو دەوڵەتە داگیرکەرەکان و ئۆپۆزیسیۆنی ئەو دەوڵەتانە زیاتر کرد و توانرا لە دژی ئەزموونی باکووریی کوردستانیش بەکار بهێنرێتەوە.

کاتێک تورکیای داگیرکەر بەسەر سنگی باکوورەوە بازیدایە سەر باشوور، کام هێزی ئۆپۆزیسیۆنی نێو پەرلەمانی رژێمی تورک وەدەنگ هات؟

چەند خۆپیشاندان لە سەرتارسەی تورکیادا بەرپاکران؟

ئەی چۆن تورکیا وا بە ئاسانی ئەو رێگا ئاسانەی گرتەبەر؟

کێ ئەو مافوورە نەرمو نیانەی بۆ راخست تا بە پۆستاڵی خوێناوییەوە بەسەریدا بڕوات؟

چۆن رێبەرەکان، لەو میواندارییە ئابڕوبەرە، بێدەنگ بوون؟

بۆ لە بەرگریکردن و راونانی جەنەراڵەکان، خەڵکی راپەڕیویان ترساند؟!

ئەمڕۆ مێژووی کورد لە خم دەگیرێت و لە قوڕ هەڵدەکێشرێت، ئەخلاقی کورد بە خوێن و دزی و جەردەیی و بێ ئابڕوویی و کوشتن سواخ دەدرێت.

کورد هەقیەتی ئەگەر نەفرەت لە مێژووشی بکا!

ئەگەر بەردەبارانی پەرلەمان و حکومەتی لەت لەتکراویش بکات!

ئەگەر پێی شەرم بێت، لە سایەی سەری سەرکردەکان، بڵێ کوردم!
سەرکردەکان گوێ لە پیاوی گەورە دەگرن.. ئەو هەموو پاڕانەوەو خۆبەقوربانی کردنی مەلاو شێخ و مامۆستاو زاناو حزب و ڕێکخراوەکان، تۆزقاڵێک شەهامەتی شەڕخوازانەی ئەوانی نەجوولاندەوە، بەڵام کە داگیرکەران بەدەنگ هاتن، سەرکردە بێگانە پەرستەکان گوێ قولاغ بوون..
لەشیان هەمووی بوو بە گوێ
گوێیەک کە تەنیا لە گفتی بێگانە تێدەگات
لەززەت لە گەورەیی و هەڕەشەکانیان دەبات،
کەچی قیژ لە حەیران و لاوکە پڕ لە کارەساتە کوردییەکان دەکاتەوە..
ڕوو لە دەنگی زری شێخ و مەلاو سیاییەکانی کورد وەردەگێڕێت
پیاو لە شەڕیشدا دەبێ پیاوی گەورە ئاشتی کاتەوە.. ئێران، تورکیا، سوریا، ئە..مە..ری..کا، پیاوی گەورەن. پیاو گوێ لە پیاو دەگرێ. ئێوە کە شەڕێکی ئاوا گەورە دەکەن، بەدڵی ئەوان و بەدەستی خۆتان کوردی هیچ نەدیو، لە خوێن وەردەدەن، شایانی ئەوەن هەرکات تکا و رەجاتان لێبکەن، خێرا سەری شەرەکان گرێ بدەن.
بەڵام پیاوی گەورە چی بۆتان کرد؟ هیچ!
ئێوەش تەنیا نەفەس تزمی و ڕۆح شکانتان بەوان بەخشی..
کوردتان وەک کەسایەتییەکی لاواز خستە بەرچاوی ئەوان.
شەڕو ئاکامەکان، هەوڵ و تەقەلا نێوخۆو دەرەکییەکان، پەلکێشکردنی جەنەڕاڵەکانی تورکیا بۆ باشووری کوردستان و سازشکردن لەگەڵ ئێران ئەوەیان دەرخست کە سەرکردایەتی حوکمڕانانی باشوور، بۆ پاراستنی بەرژەوەندی حیزب و ناوچە ژێردەسەلاتەکانیان، نە تەنیا ئامادەن کۆمەکی داگیرکەران بکەن و، چالاکی حیزب و کەسانی پارچەکانی دیکەی کوردستان ڕابگرن، بەڵکو ئامادەن مێژووی خەبات و تەواوی خەڵکی ئەوپارچانە بکەنە قوربانی حەزو بەرژەوەندییە شەڕخوازەکانیان.
ئەم شەڕە ڕۆژانە ڕق و تۆڵەو خوێنڕشتن و شەرمەزاری وەبەرهەم دێنێت.. ڕقو تۆڵەو شەرمەزاری بۆ نەوەکان جێدەهێڵێت. ئەخلاقی کورد والێدەکات کە لە دەرزیلەی تفەنگەوە نان ئاوو پارە دەربێنێت!

پێشمەرگە چنگ لە ناوچەگەرێتی بدات و، بە جۆرێک شەڕ بکات دوو ناوچە بکاتە دوو گەل.

یەک زمان بکاتە دوو زمان.

بەڕاستی سەرکردەکان شایەنی هەر شتێک بن، شایەنی ئەو متمانە پاکە نین کە زۆربەی گەلی کورد پێی بەخشین.

ئێوە دروست بۆ ئەوە خولقاون کە میدالیای قەعقاع و سوارەی حەمیدییەتان لە سنگ بدەن.

کوردیش چیتر تاجی وەها لە سەری هیچ کەسێک نەنێت کە شایەنی نەبێت.

# تورکیا بەتەمای چییە؟

**مەهاباد کوردی**

رۆژی 20-3-1995 دەوڵەتی رەگەزپەرست و شۆڤینیستی تورکیا هێرشێکی درندانەی بردە سەر باشووری کوردستان. لەم شاڵاوە بەربڵاوەیدا زیاتر لە 35 هەزار سەرباز، بە پشتگیری تانک و تۆپ و فڕۆکەی جەنگی، بەشدارییان کردووە. ئاماتجیش، وەک هەر جار، لەناوبردنی بنکەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و کوشتنی 2-3 هەزار گەریلای پ.ک.ک یە، کە لەو ناوچانەدا دەبیندرێن. تورکیا لەو باوەڕەدایە بنکەکانی پ.ک.ک لە چیاکانی حافتەنین و خاکورک و مەتین و شیڤا مازی و چەند چیاو هەرێمی دیکەش هەن. ئەو زۆنە سنوورییەی کە هێرشەکە دەیگرێتەوە بە درێژایی 22 میلەو سەربازانی تورک چوار میل دەچنە ناو خاکی باشووری کوردستان.

گوایا ئەم هێرشە وەڵامدانەوەیێکی ڕاستەوخۆ بووە بۆ ئەو کەمینەی گەریلاکانی پ.ک.ک لەناوچەی بینگۆل، کە زۆر دووری باشوورە، بۆ کاروانێکی لەشکری تورکیایان نابۆوەو، لە ئەنجامدا بەلای کەمەوە 15 سەربازی تورک کوژران و زیاتر لە 20 سەربازیش بریندارکران.

لەلایێکی دیکەوە تورکیا دەترسێ کە لەبەر شەڕو پێکدادانی هەردوو لایەنی دەسەڵاتخواز لە باشوور، پارتی و یەکێتی، هەلێکی لەبار لە ناوچەکەدا بۆ پ.ک.ک هەڵکەوێ کە سوود لەم هەلومەرجە وەربگرێت و پشت و پەناو لایەنگری زیاتر بۆخۆی پەیدا بکات.هەروا لێپرسراوانی تورک دەڵێن جەنگاوەرانی پ.ک.ک ئەمدیوو ئەودیوی سنوور دەکەن و "پیرۆزی"و "سەرداری" تورکیا پێشێل دەکەن و دەست لە کەسانی بێتاوان دەوەشێنن! بۆیە دەبێ سنوورێک بۆ ئەم کارە تیرۆریستییانە دابندرێت.

بەڵام دەبێ تورکیا بەتەمای چی بێت و؟ بۆچی لەم بارودۆخە ناهەموارەی باشووری کوردستاندا دەست بە هێرشی بەربڵاوی سەربازییانەی خۆی دەکات؟

دیارە ئەمە یەکەمین جار نییە کە تورکیا هێرش دەکاتە سەر ناوچەی ناوبراو بەمەبەستی زەبروەشاندن لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان، چ لەمدیو یان لەدیوی وڵات. هەموو لایێک ئاگاداری هێرشەکەی تورکیاین، کە ساڵی 1983 بە ڕازیبوونی ڕژێمی عەفلەقی بەغدا،

کردی. هەروا هێرشەکەی ساڵی 1992 یە گەلەکۆمەکی پارتی و یەکێتی و تورکیا بۆسەر جەنگاوەرانی پ.ک.ک. کەواتە تۆرانییە ڕەگەزپەرستەکان هەر لەکۆنەوە ویستوویانەو دەیانەوێ، بەهەر جۆرێک بێت، بڵێسەی ئاگری شۆڕشی ئازادیخوازانەی کورد دابمرکێنن. بە بڕوای من چەند هۆکارێک هەن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ڕۆڵی خۆیان لە هێرشی ئەمجارەی تورکیادا بینیوە، لەوانە:

1- پەرەسەندنی خەباتی ئازادیخوازانەی گەلی کورد بەشێوەیەکی بەربلاو بۆ نێو خودی شارە گەورەو مترۆپۆلەکانی تورکیا، بەتایبەتی ئەستەمبوول. پێکدادان و پێکداهەڵچوونەکانی ئەم دواییەی نێوان پۆلیس و لەشکری تورک لەگەڵ کوردە عەلەوییەکاندا شتێکی بەرچاوو دیارە. هەرچەندە لە سەرەتادا دەوڵەتی تورکیاو، بگرە ڕاگەیاندنی ڕۆژئاواش، ویستیان بەرگی فوندەمێنتالیزم و ڕادیکالیزمی ئایینی بەبەر ڕووداوەکەدا بکەن، بەڵام ئاشکرایە ئەم عەلەوییانە لەکوێوە کۆچیان بۆ ئەستەمبوول کردووە. با هەر دوور نەڕۆین، فاشیستەکانی تورک لەساڵی 1980دا، لە شارێکی وەک مەرعەشی کوردستاندا، نزیکەی هەزار کەسیان لەم کوردە عەلەوییانە کوشت. ئایا کەسوکاری ئەم کوژراوانە جەللادی ڕاستەقینەیان بیرچۆتەوە کە دەوڵەتە؟ ئایا کوردەکانی دەرسیم و مەرعەش وئەرزنجان و خوزات و بینگۆل و زۆر شوێن و ناوچەی دیکەی باکووری کوردستان، کە عەلەوین، دەبێ هەستی نەتەوەییان تائەمڕۆش نەجولابێ؟

2- تورکیا، بەم هێرشەی خۆی بۆسەر باشووری کوردستان، دەیەوێت سەرنجی گەلی تورک بەجۆرێک ڕابکێشێت کە لەشکری تورک بەهێزەو دەتوانێ سنوورەکانی وڵات، کە شایەنی بەزاندن نین، بپارێزێ و ڕەگ و ڕیشەی جوداخوازی و وەک خۆیان دەڵێن تیرۆریزم لەبەین بەرێ. جا لەم کارەیاندا چەند سەرکەوتوو دەبن ئەمەیان مەسەلەیەکی ترە.

3- لەڕاستیدا تورکیا زەندەقی لەباری نائارامی باشووری کوردستان چووە، وەک باوبووەو باوە دوژمنانمان لە ئێمە زیرەکانە تر لەگەڵ هەلومەرج و ڕوداوەکاندا هەڵسوکەوتیان کردووەو دەکەن. کوردیان بەکورد بەکوشتداوەو تێکیان بەرداون و چەپڵەشیان بۆ ئەم لایەن، یان ئەو لایەن، لێداوە. بەداخەوە کە ئەمە بۆتە دیرۆکی پڕ شەرمەزاری کورد. جا لەم حاڵەتەدا کە باشووری کوردستان دوچاری شەڕێکی خۆکوژی هاتووەو کەس بەکەس نییەو،کورد گوتەنی سەگ ساحێبی خۆی ناناسێتەوە، ئەوا بمانەوێت

یان ئەمانەویت جۆرە بۆشاییک لە هەموو بووارەکاندا بەرقەرار دەبیت. ئەوە نییە کورد خۆی تەرمی لەخوینگەوزاوی خۆی بەرەو دۆزەخ دەبات، ئەمەیش لەسایەی سەری سەرکردە خەباتگێرەکانمانەوە؟! میللەتان بەسەرکردەکانیان دەحەسێنەوە، ئێمەیش ئەوانمان لێدەبێتە بەلای سەران.

لە کاتێکی ئاوا ناسکدا تورکیا لەوە دەترسێ رۆڵەکانی گەلی خۆراگری باشوور روو لە پارتی کرێکارانی کوردستان بکەن، ئەمەیش خۆی لەخۆیدا دەبێتە کارەسات نەک هەر بۆ تورکیا بەلکو بۆ گشت داگیرکەرانی کوردستان.

4- مانگی ئادار، بەتایبەتی رۆژی نەورۆز، بۆ گەلی کورد بۆتە سیمبوولی سەرهەڵدان و بەرەنگاربوونەوە.تورکیاش رۆژێک بەر لەنەورۆزی بۆ هێرشە بەربڵاوەکەی خۆی هەڵبژاردو، دەیەوێ لەم رێگەیەشەوە بە پێشەنگی خەباتی رەوای گەلەکەمان لە باکووری کوردستان بڵێت کە بەم جۆرە نەورۆزتان لێدەکەم بە دۆزەخ.

شایانی باسیشە کە بەپێی هەواڵە هەوەڵینییەکان لەشکری تورک، لەم کارەیدا، لە خەڵک تۆقاندن و دەستدرێژی بۆسەر کەسانی سڤیل و پەنابەر زیاتر، شتێکی ئەوتۆی وەدەست نەهێناوە.

5- لێهاتوویی وکارامەیی پارتی کرێکارانی کوردستان لەبواری خەباتی دیپلۆماسی و چالاکییەکانی ERNK و رێکخراوە جیاجیاکانی دیکە بۆ دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان لەدەرەوەی وڵات و، کردنەوەی بیرۆی دیپلۆماسی ERNK لە گەلێک وڵاتدا، کە دواترینیان لە ئوستراليا بوو، بە شێوەیکی رەسمی. سەرەڕای ئەنجامدانی چەندان کارو چالاکی جۆربەجۆری دیکە کە هەموویان پێکەوە دەبنە فشارێکی باش بۆسەر تورکیا. هەڵبەت رژێمی فاشیستی تورکیاش هەمیشە زەبروزەنگ و ئاگرو ئاسن تاکە ئامرازی دەستی بووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گیروگرفتەکان.

6- رەنگە سەردانی ئەم دواییەی وەزیری دەرەوەی عێراق بۆ تورکیاو مقۆمقۆی لابردنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر عێراق و گەڕانەوەی پەیوەندی نێوان عێراق و هەندێ لە وڵاتانی جیهان وبیرکردنەوە لە گێڕانەوەی کوردستان بۆ ژێر دەسەڵاتی سەدام، هەموو ئەمانە پێکەوە تورکیایان دڵخۆش و شاگەشکە کردبێت بەوەی کە رەوتی رووداوەکان بە قازانجی خۆی بشکێنێتەوە.

7- ئەمریکا کە بووەتە تاقە کوێخای دنیا، گەر بە سەرزارەکیش بێت، پشتیوانی خۆی بۆ تورکیا لە هەمبەر گوایا تیرۆریزمی پ.ک.ک داڕاگەیاندووە. لە وەها حاڵەتێکیشدا تانسو چیلەری داخلەدڵ بەرامبەر بە کوردان و جەنەڕاڵەکانی، هەرچۆنێک بێت، پێشوەختە گڵۆپی سەوزیان لەلایەن ئاغا مەزنەکانیانەوە بۆ پێکراوە تا ئەم پەلامارە فراوانە بدەن. ڕاستە وڵاتانی یەکێتیی ئەوروپایی ڕەخنەیان لە تورکیا گرت، بەڵام بەئەزموون دەرکەوتووە کە تورکیا، وەک دەوڵەتێکی میلیتاریی فاشیست، گوێ بە ڕەخنە نادات. تورکیا ئەوکاتە دێتە ڕایێ کە هیچ ڕێگایەکی لەبەردەمدا نەمابێت بیگرێتە بەر جگە لە دانیشتن لەسەر مێزی وتووێژ. تا ئەوکاتەش کەس نازانێ ڕووداوەکان چۆن دەبن و چی دەقەومێت.

لێرەدا جێی خۆیەتی ئەوەیش بڵێین کە چەند سەربڵندو سەرفراز دەبووین ئەگەر پێشمەرگەی باشوور، لەچ ڕێکخراوێک دەبوون کرمانج گوتەنی خەم ناکە، لە دژی داگیرکەرو دوژمنی یەکەمی کورد ڕابوەستابان، نەک پێکەوە بۆ جارێکی دیکەش لەگەڵ سەربازی تورک، لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن، چاومان بە دیتنیان ئەبڵەق ببایە!

خزمینە...

گەر داکۆکی لەکوردی باکوورو برای هاوخوێنی خۆشتان ناکەن هەرنەبێ زێدی خۆتان بپارێزن!!

ستۆکهۆڵم

1995-3-22

# خەوشەکانی خەباتی چەکداری

حاجی مەمۆ

ڕووداوە بەپەلەکانی ئەم دواییەی جیهان فاکتەرێکی باشی دەرکەوتن و بەرچاوتربوونی مەسەلەی نەتەوەیی کورد بوو. چونکە پێشتر بەهۆی شەڕی ساردو گەمەی سیاسیی نێوان زلهێزەکانی هەردوو بلۆکی دژ بەیەک، بلۆکی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا. مەسەلەی کوردیش وەک دەیان مەسەلەی دیکە دیزە بەدەرخۆنە کرابوو و لێرەو لەوێ لە پەراوێزدا باسێکی سەرپێیی لێدەکرا.

ئێستا ئەوەتا لە دنیادا لە هەموو ئاستێکدا ناوی کورد دەهێندرێت و باس لەو ستەمە دەکرێت کە لەلایەن دەولەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە، بەبەر چاوی جیهانەوە لێی دەکرێت.

بێ گومان موقاوەمەت و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی نەتەوەی کورد بوونەتە هەوێنی ئەم باسکردن و لێدوانە. بەلام ئەو شێوە خەباتەی سەدەیێک زیاترە بە زۆری زۆردارەکی بەسەر نەتەوەی کوردا سەپێندراوە، بە شێوەیێکی واقیعی، هیچ بەرهەمێکی بەردەستی، بەمانای سەرکەوتنی مەزن، بۆ نەتەوەکەمان نەبووە.

ئەوەی من لێرەدا دەیلێم بەرهەمی ئەزموونی تایبەتی خۆمە، کە زیاتر لە 25 سالە لەگەل ئەم کاروانەدا ڕەوتم کردووەو ڕۆژێ لەڕۆژان باوەڕم پێی بووەو بەبێ سرەوتن هەولم بۆی داوە.

نەتەوەی کورد بەردەوام لە لەلایەن دوژمنەکانییەوە نەخشەو پلانەکانی بەسەردا سەپێندراون. ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، بۆ شاردنەوەی ئەو نەخشەو پلانانەی کە تەنانەت بۆ دژایەتیکردنی خودی نەتەوەکەی خۆشیان بەکاریان هێناوە، هەلگیرساندن و درێژەپێدانی شەڕی چەکدارییان لەسەر خاکی کوردان بە کۆلەکەی بنەڕەتیی درێژەپێدانی تەمەنی خۆیان زانیوە. بیانووی شەڕ لەگەل کوردە جوداخوازەکان لە (شمال الحبیب) و ( غرب کشور) و (تورکە چیاییە دواکەوتووەکان) باشترین پاوانی پیادەبوونی حوکم کردنی داپلۆسێنەرەیان بووە.

مێژووی موقاوەمەت و ڕاپەڕینەکانی کورد ئەوەمان بۆ ساغ دەکاتەوە کە هەتا هەنوکە مەسەلەی تێکۆشان و تەقاندنەوەی ناکۆکییەکان، سەرباری هەر جۆرە ڕشتی و دژوارییێکی لە دژی کوردان، کەچی نەتەوەی کورد لە خودی ناوەوەی خۆیدا خاوەنی ئەزموونی دەستپێشکەری و پلان دانان و نەخشەی هەلقولاوی خواستەکانی ڕۆژگار نەبووە، بەلکو لە هەموو ئەو کارەسات و ڕووداوە

جەرگبڕانەی بەناوی ڕاپەڕینی چەکداری و شۆڕشەوە بەسەر نەتەوەی کورددا هاتوون بەردەوام دوژمنان دابینکارو ئاگرخۆشکەری بوون. خەبات و ڕاپەڕینێک لە ئەنجامی فشاری دوژمنێکی پڕچەک و بەهێزتر بەرپابێت، دەبێت هەر مایەی ملشکان و کارەسات بوبێت بۆ نەتەوەکەمان!

بەپێی ڕووداوە مێژووییەکانی ئەم قۆناغەی دوایی کاروانی خەباتی نەتەوەکەمان، پرسی خەباتی چەکداری و چەک، کەرەسەو زەمینەی پراکتیکیی نەپچڕاوەی موقاوەمەتی نەتەوەی کورد بووە چ بۆ بەرپەرچ دانەوەی شالاوی لەنێوبردن و ڕاگواستنەوە بووبێت، کە لەلایەن ڕژێمەکانی نەتەوەی سەردەستی عەرەب و تورک و فارسەوە کراون، یان بە مەبەستی بەدیهێنانی سەربەخۆیی و ڕزگاریی نیشتمانی بووبێت.

جا ئەگەر بە بەرچاوڕوونییەکی دوور لە سۆزو هەستی خۆبەزلزانینەوە بەرهەمی ئەو جۆرە خەبات و هەوڵدانە هەڵسەنگێنین دەبینین نەتەوەکەمان، لە جیاتی ڕزگاری و ئازادی، لە جیاتی هەنگاونان بەرەو پێشەوە، زیاتر توشی ماڵوێرانی و ئاوارەبوون و ژێردەستەیی و چەوساندنەوەی زیاتر هاتووە. ئەمەش ڕاست و دروست بە پێچەوانەی ڕەوتی خەباتی نەتەوە ئازادو سەربەخۆیەکانەوە بووە، کە بەرهەمی خەبات و قوربانیی خۆیان سەرفرازانە دووربوەتەوە.

فاکتەرەکانی ئەم پرۆسە بەردەوامەی شکستییەکانی خەباتی نەتەوەی کورد زۆرن. ئێمە لێرەدا تەنیا باس لە مەسەلەی چەکداری و بەکارهێنانی چەک دەکەین.

* ئەو گەلانەی، بە شێوەیەکی سروشتی و لە کاتی زەمینی خۆیدا، پەنایان بۆ چەک بردووەو قۆناغی خەباتیان بە تێکۆشانی چەکداری بڕیوە هەر تەنیا لە سێبەری چەکەوە بە سەرکەوتنە مەزنەکانیان نەگەیشتوون، بەڵکو هەبوونی وەک فاکتەرەکانی دیکەی وەک حیزبی هەڵقوڵاوی ناو خواستەکانی خەڵک و سەرکردایەتییەکی مێژووکردو ڕاگرتنی وەستایانەی پارسەنگی نێوان ئامانجە ستراتیژی و تاکتیکییەکان و ئەوجا هەبوونی پشتگیری ڕای گشتی جیهانی و هاوکاری هێزە دەسەڵاتدارەکانی دنیا، مایەی بەرجەستەبوونی ئەو سەرکەوتنە مەزنانە بوون.

بەڵام ڕووداوەکانی سەرهەڵدانی خەباتی چەکداری نەتەوەی کورد، هەر لە کوردستانی باکوورەوە بگرە، کە لە سەدەی ڕابردوودا یەکەم کوانووی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە خەباتە بووە، تا دەگاتە باشوورو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆمان ئاشکرادەکەن کە هیچ کام لەو فاکتەرانەی سەرەوە بۆ کورد لە ئارادا نەبوون. بەڵکو سەرکردایەتییە نەزۆک و دەستکورتەکانی ئەو زنجیرە ڕاپەڕین و شۆڕشانە، زۆر جار بە حەزێکی خودی و نێرگزیانە نەتەوەی کوردیان توشی دەستدانە چەک و

تێکۆشانی چەکداری کردووە، کە هەر هەموو ئەو ئەڵقانەی خەباتی کورد توشی تێشکان و پوکانەوەی زیانبەخش هاتوون و زەمینەو بواری پڕ بە دڵی دوژمنانیان سازداوە تا بەبێ سڵەمینەوەو بەوپەڕی دڕندایەتییەوە بکەونە وێزەی نەتەوەکەمان و تەڕو وشک پێکەوە بسووتێنن.

* بەدرێژایی مێژوو خەباتی چەکداری کورد، وەک هەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگر، فاکتەرێکی مێژووکردەی ساخبوونەوەی بالادەستیی دوژمنەکانی نەتەوەی کوردی بەخۆوە گرتووە، بەو ڕەنگەی دوژمنان لە ئەنجامی هەبوونی ئەو سامانە بێ شومارەی بەردەستیان و لەبڕان نەهاتووی عەمباری چەکی مۆدێرن و هاوکاریی و پشتگیریی زلهێزانی دنیاو، ئەوجا هەڵبژاردنی بوارو ڕۆژگاری چڕە سەختە بڕیاردەرەکان بەردەوام لە بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان بووە کە سەرانی کورد، پێ بزانن یان نەزانن، خۆیان لێ بێدەنگ کردووە.

* هەر یەکێک لە پارچەکانی کوردستان بگرێت (کوردستانی باکوور، باشوور، ڕۆژهەلا ڕۆژئاوا) سەرژمێری نەتەوەی کورد، لە هەر بەشێکیاندا، ئەوە نییە کە لەگەڵ سەرژمێری نەتەوەی سەردەستی حوکمڕان بەراورد بکرێت. هەتا ئەگەر سەرتاپای دانیشتووانی کوردستانیش پێکەوە وەربگرین و هێشتا ناتوانین لەگەڵ دانیشتووانی عەرەب و تورک بارتەقای بکەین.

بۆیە ئەگەر لە هەموو شەڕو پێکدادانێکیشدا زیانی کوردو ئەوان یەک بەدەش بوویێت، کە هەرگیز ئاوا نەبووەو نابێ، ئەوا ئەنجام نەتەوەی کورد زیانی زیاتری پێکەیشتووە.

* دامودەزگای حوکرانانی عێراق و تورکیاو ئێران و سوریا هەر کاتێک لەگەڵ خودی خۆیاندا توشی تەنگوچەڵەمەی ئابووری و سیاسی و توشی ناکۆکی و دژواری هاتوون شانۆگەریی شەڕیان لەگەڵ گەلی کورد ئامادە کردووەو، بەربەرەکانی لەناوبردنی کوردە جیاوازیخوازەکانیان کردۆتە بەهانەو کۆمەلانی خەلکی عێراق و تورکیاو ئێرانیان پێ گێژکردووەو وەک گاڕان بەکاریان هێناون بۆ لەناوبردنی کوردو وێرانکردنی کوردستان، هەروەک چۆن بەعسییە فاشیستەکان نەتەوەی عەرەبیان بۆ دوژمنایەتی کوردان چەکدار کردووە، یان مەلا گۆپاڵ بەدەستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ، بە ئاسانی لە ڕێگەی ئایینەوە، خەلکیان بە لێشاو بۆ پردانە نەتەوەی کورد ڕاپێچاوە، ئەوەتا ئەمڕۆکەش ڕەگەزپەرستەکانی تورکیا بە ئاشکرا ئاگری دوژمنایەتی نێوان تورک و کوردیان بەجۆرێک خۆشکردووە کە لە ژێر سایەیدا نەتەوەی تورک بۆ لەناوبردنی کورد ئامادەیەو، بە سەدان هەزار لە ڕۆڵەکانیان خۆیان بۆ ئەم مەبەستە چەکدارکردووە.

* زۆربەی داهات و سامانی نەتەوایەتی کورد، بە درێژایی مێژوو، بۆتە خۆراکی خەباتی چەکداری و چەک پەیداکردن کە ئەنجامەکەشی تەنیا بەفیرۆدانی سامانی نەتەوایەتیی گەلی کورد بووە، چ وەک سامانی دارایی یان سامانی بەشەری. ئەگەر قوربانییە زۆرو زەبەندەکانی ئەو جۆرە خەباتە بێ هودەیە سەرژمێر بکرایە دەبوو سەرانی نەتەوەی کورد، کە درێژەیان بەو شێوە خەباتە داوەو لەسەری سوورن، ئارەقەی شەرمەزارییان دەربدایە.

* بێ گومان مۆرکی دیاریی چەک و خەباتی چەکداری توندی و تیژییە. بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوە ساغ بۆتەوە کە لە هەر کوێیەک چەک زمانی حاڵ بووبێ دیموکراتی و ئازادی و مافی مرۆڤ ژێر پێیان خراون. لە ناو ئەڵقە جۆربەجۆرەکانی خەباتی چەکداری نەتەوەی کوردیشدا ئەم دیاردەیە بە زەقی سەرپشکی ڕووداوەکان بووە. چەک لە هەموو سات وکاتێکدا وەڵامدەرەوەیەکی نگریسی ئێش و ئازاری کۆمەڵانی خەڵک بووە، بە جۆرێک کە لەجیاتی ئەوەی نەتەوەکەمان بە گیانی دیموکراتی و هاوکاری یەکتری و کاری نیشتمانی بە کۆمەڵ و تەبایی و ڕێزگرتن لە هەست و نەستی یەکتری فێر بکرێت ئەوا چەک لەناو کورداندا بەردەوام بۆ یەکتر ئازاردان و کوشتن و ناتەبایی بەکارهاتووە. چەک مایەی خنکاندنی دیموکراتی و کۆسپی بەردەم بڵاوبوونەوەی پرینسیپە خزمەتگوزارییەکان بووە. چەک بۆ نەتەوەی کورد، چ بە ئانقەست یان بێ مەبەست، بەردەوام ئامێری تەقاندنەوەی ناکۆکییە ناوخۆییەکان بووە بۆ بەرژەوەندی داگیرکەرانی کوردستان. چەک مافی داوەتە دەست چەکدارو چەکداری کردۆتە مێردەزمەی سەرشانی کۆمەڵانی خەڵک.

* خەباتی چەکداری و چەک، لە سەرتاپای ئەزموونەکانی پێشوو و هەنوکەدا، بە پراکتیک سەرەنێزەی گیانی پڕ لە کەلەبەری ڕێکخستنە حیزبییەکانی کوردان بووەو هەردەم پرینسیپەکانی ڕێکخستن و هەبوونی کۆمەڵانی ڕێکخراوی خەڵکی ئاوەژوو کردۆتەوە. چونکە لە ژێر سێبەری تفەنگدا تەنیا زەبروزەنگ و زۆرداری بیندراوە. توندو تیژی نواندن لەبەر چاوی خەڵک، نەک گوێ دانە گیانی ڕێکخراوەیی و دروستکردنی ڕێکخستنی پۆڵایین، یاسای سەرەکیی جەنگەڵ بووە.

* لە سێبەری چەکدا ئەوەی ناڕەواو سوکایەتییە بە خودی نەتەوەی کورد کراوە. هەرگیز جوتیاری کورد لە ئاست چەکدارانی خەباتی چەکداری، لەسەر زەوی و ناوماڵی خۆی، خاوەن ماڵ نەبووە. ئەوەی دوژمنە سەرسەختەکانی کورد پێیان کردووە چەکدارانی کورد، ئەگەر زیاتر

نەبوو بێت، کەمتریان پێ نەکردووە. هەر بۆ نموونە پەردە ڕەنگاو ڕەنگەکانی شەڕی کوردکوژی هەموو لایەنە چەکدارەکانی کوردستان بێنینەوە پێش چاوی خۆمان. چەکدارەکان بۆ سوتاندنی خانووبەرە، سوکایەتی پێکردنی شەخسی، دەربەدەرکردنی دەیان بنەماڵەو خێزان تەنیا لەبەر جیاوازی بیروباوەڕو لایەنگیری ئەم لایەن یان ئەو لایەن دریغییان نەکردووە. باشترین نموونەش سەیری ڕاپۆرتی ئەمنیستی جیهانی بکە کە لەسەر ڕوداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییەی نێوان دوو حزبە کاربەدەستەکەی خوارووی کوردستان بڵاوبۆتەوە.

چەک و خەباتی چەکداری فاکتەرێک بووە، لە ڕیزی پێشەوەی ئەو فاکتەرانەی، کە دەروونی مرۆڤی مرۆڤی کوردی سووک و ڕەزیل کردووە. چونکە چەکدارەکان بەردەوام لوقمەی ماندووبوونی خەڵکی دیکەیان نۆشکردوەو زۆربەی کات سکبرسی و ڕووتەڵەو هیلاک بەسەر گیلاکی خەڵکەوە بوون. دیارە مرۆڤی برسی و قەڵۆش بەردەوام چاوچنۆک دەبێت، کە ئەوەش بە دەوری خۆی زیاتر دەبێتە مایەی کاردانەوەی نێگەتیڤی بەلای لاوازکردنی دەروونی. هەر بۆ نموونە دوای سەرکەوتنە کاتی ومرفاوەزاتەکان، چەکداران بە تایبەتی سەرەکانیان چەند بلەزو هەڵەپاسانە دەبنە مافیای قۆنتەرات و قاچخچییتی و دەوڵەمەندبوونی ناڕەواو، ئەوەندە تامەزرۆن کە ڕێگای دەرچوونی هیچ کۆشک و تەلارێکی قەشەنگ و ئۆتۆمبێلی دوامۆدێل نادەن کە بەر بازرگان و سەرمایەدارە ئاساییەکان بکەوێت، وەک ئەوەی لە سێبەری تفەنگەکانیانەوە بیانەوێ تۆڵە لە ڕابردوو بکەنەوەو فرسەت لەدەست نەدەن، وەکو بەهەق لە دەستیان نەداوە لە سەر حیسابی خەبات و قوربانییەکانی کۆمەڵانی خەڵک.

* خەباتی چەکداری بۆتە هەوێنی سەپاندنی هەندێک چەکدار بەسەر خەڵکەوە کە هیچ جۆرە ئاکارو خاسیەتێکی نەک سەرکردە بەڵکو کادیربوونیشیان نییەو لە بوارەکانی کولتووری و سیاسی و هوشیارییەوە زۆر دەستکورتن، کەچی بەسەر خەڵکەوە بوونەتە سەرکردەو ڕابەر!

# چۆن کوردستان ئاوەدان دەکرێتەوە؟

**کاکی خۆم**

دوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری 1991کوردە ئاوەرەکانی ئەوروپا هەوڵێکی زۆریان دا گرنگی راپەرینەکە بۆ جیهان دەربخەن. لە کاتی کۆرەوەکەیشدا کەم شاری ئەوروپا هەبوو بانگەوازی هاوکاری لە گەڵ گەلی کوردستانی تێدا نەدرێت.

کوردەکانی شاری بەرلین، لەگەڵ جیاوازی بیرو بۆچوونی سیاسییان، پێکەوە لەماوەی سێ هەفتەدا لەبەردەم کڵێسای Gedächtnis Kirche (کڵێسای بیرەوەرییە روخاوەکەی بەرلیندا چادریان هەڵدا تا پرۆتێستی خۆیان دژی رەشەکوژی لە کوردستاندا دەرببرن. هەفتانە کۆبوونەوە دەکرا تا بەرنامە بۆ چالاکی جۆربەجۆر دابندرێت.

لە دوو-سێ هەفتەی یەکەمدا(70) هەزار مارک کۆکرایەوە. لە کۆبوونەوەی سێیەمدا نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پەیمانیان دا ئەو پارەیە لەرێی ئێرانەوە بە ئاوارەکانی کوردستان بگەیەنن و، لەهەفتەی دواتردا نامەیێک لەئاوارەکانەوە سەبارەت بە گەیشتنی پارەکە بێنن، بەڵام نامەکە نەگەیشت.

دوای ئەوە ئێمە، هەندێ کەسی سەربەخۆ، بریارمان دا لەژێر ناوی "خەڵکی بەرلین هاوکاری کورد دەکات" دەست بە چالاکی بکەین، بەهاوبەشی لەگەڵ پزیشکانی بەرلین کە سەرپەرشتی حیسابی بانکیشیان دەکرد، هەروا بە هاوکاری رادیۆی بەرلینSFB و رۆژنامەی Morgen Postی بەرلین کە پەیتا پەیتا بانگەوازی یارمەتیدانی کوردیان بڵاودەکردەوە. ئەوەبوو لەچەند هەفتەیەکدا توانرا ملیۆنێک و دووسەد هەزار مارک کۆبکەینەوە.

لەسەرەتادا دە دوکتۆرو سستەرو شەش تۆن دەرمان بەرێگەی تورکیادا نێردران بۆ باشوری کوردستان. دوای گەرانەوەی ئەم دوکتۆرو سستەرانە هێندەی تریان چووە جێ. ئەم دوکتۆرانە لە پانزە سەعات زیاتر کاریان دەکردو، بەگوێرەی راپۆرتەکانیان، رۆژانە سەدان کەسیان لەمردن رزگاردەکرد. ئەم پسپۆرانە زوربەیان بەبێ موچە کاریان دەکردو تەنیا پارەی هاتوچۆو خۆراکیان دەدرایە کە بۆهەر یەکەیان 5000 - 10000 مارکی دەکرد.

**سەفەری یەکەم- لەرێگای ئێرانەوە**

لە مانگی یونی 1991دا من و دوکتۆر دانا چووین بۆ ئێران، لەگەڵ خۆماندا هەندێ دەرمانمان برد، کە بەشێکمان لەناو ئاوارەکانی ئۆردوگاکانی ئێران و بەشەکەی دیکەمان لە باشووری کوردستاندا، لە ناوچەکانی دۆڵی شلێرو پێنجوێن و سەیدسادق دابەشکرد. لەم سەفەرەدا بۆمان دەرکەوت کە لەو ناوچانە گەلێک دوکتۆرو یاریدەدەری دوکتۆرو...تاد هەن کە دەکرێ بەموچەیێکی سەد مارکی،لەجێی پسپۆرە ئەڵمانەکان،کە پارەیێکی زۆریان لێ خەرج دەکرا، هەمان کار بکەن. بگرە باشتریشن چونکە لەزمانی نەخۆشەکان تێدەگەن.

**سەفەری دووەم- دامەزراندنی پێنج مەڵبەندی تەندروستی.**

کاتێ گەڕاینەوە بۆ ئەڵمانیا راپۆرتێکمان سەبارەت بە بارودۆخی ئاوارەکان پێشکەش کردو پێشنیارمان کرد کە پێنج مەڵبەنی تەندروستی لەکوردستان دروست بکرێت. لە کۆبوونەوەیێکدا لەگەڵ پزیشکە ئەڵمانەکاندا پێشنیارەکەمان پەسند کرا.

لە مانگی ئۆگوستی1991دا دوکتۆر داناو دوکتۆر مەمۆ و ژنە دوکتۆرێکی ئەڵمان ئێرم گارت بۆرن چوون بۆ کوردستان و لەماوەی مانگێکدا سێ مەڵبەندی تەندروستی لە ناوچەی سلێمانی (هەڵەبجە، سیروان و سەروچاوە) و دوو مەڵبەند لەناوچەی دهۆک (خانکی و کۆرین کافانا) دروست کردو هەندێ کەرەستەو دەرمانیان، کە لەتورکیا کڕیبوویان،بەسەر ئەو مەڵبەندانەدا دابەش کرد. ئەم کارانە لەگەڵ بەرەی کوردستانی و بە رێی کۆمەڵەی فریاکەوتنی کوردستان KRA بە ئەنجام گەیەندران و پەیمان لەنێواندا مۆرکرا کە هەر سێ مانگ جارێک پارە لە بەرلینەوە بۆ مانگانەی کارمەندەکان و دەرمان بنێردرێت بۆ سەر حیسابی KRA لە تاران.

دوای ئەوە کۆمیتەی دوکتۆرانی بەرلین و کۆمیتەی یارمەتی پەنابەرانی کوردCRKR بڕیاریان دا کە کۆمیتەکەی ئێمە CRKR سەرپەرشتی نەخۆشخانەکان بکات" 1".

**سەفەری سێیەم و هاریکاریی زستان.**

بە گوێرەی راپۆرتی برادەران لە زستانی ١٩٩١دا، هێشتا زۆر خەلک هەبوون بەو سەرما و بارانە لەژێر خێوەتدا دەژیان. بۆیە لە کۆبوونەوەیەکدا بڕیارمان دا کە لۆرییەک بەتانی و قەمسەلە لە تورکیا بکردرێ بۆ ئاوارەکان. بۆ ئەو کارە دکتۆر مەمۆو جەنگیزخان لە

ئەستەمبوڵ و دیاربەکر ئەو پێویستیانەیان بە یارمەتی میدیکۆکری و لە کوردستاندا بەسەر ئاوارەکاندا دابەشکرا.

**سەفەری چوارەم- ئاوەدانکردنەوەی نەخۆشخانەکان وپرۆژەی ئاوەدانکردنەوە**

لە مانگی فێبریوەری 1992دا من وUtaی خێزانم چووینەوە کوردستان. بڕیاردرا بەشی سێ مانگ دەرمان بکردرێت و، لە ژێر چاودێری توێنەرمان لە کوردستان، لە دوو عەمبار لە دهۆک و سلێمانی دابندرێت و مەڵبەندە تەندروستییەکان هەفتانە، بەگوێرەی پێویستییان دەرمان وەربگرن.

لەبەر ئەوەی زۆربەی نەخۆشخانەکان لە خانووی وێرانەو بەپەلە درووستکرابوون، هەوڵم دا تارادەیێک کەمو کورییەکانیان بنبڕبکەم. هەر لەو ماوەیەدا ئەو نەخۆشخانەیەم لە هەڵەبجە دروستکردەوە کە بەرامبەری پەیکەرەکەی عومەری خاوەرە.

دوای وتووێژ لەگەڵ KRA- KUROS- Shelter و بەرەی کوردستانی لەناوچەی گەرمیان و هەندێ لە جووتیارانی ناوچەی قەرەداغ و سەنگاوو قەڵاسیوکە ڕاپۆرتێکمان نووسی و بە ئوتای خێزانمدا بۆ بەرلینم نارد. لە ڕاپۆرتەکەدا پێشنیارم کردبوو گوندێک ئاوەدانبکەینەوە و تۆو بۆ جووتیاران بکڕین. خێزانیشم لەبەرلین لەرێگەی سمینارو سلایدەوە باروذۆخی کوردستانی بۆ ڕوونکردبوونەوە"2".

لە ئەنجامداکۆمیتەی CRKRکۆمیتەی دوکتۆرانی بەرلین (60) هەزار مارکیان لە ڕێگەی دۆستەکانمەوە لە دیاربەکر بۆناردم. ئەوەبوو لە دیاربەکر نیو تۆن تۆوی تەماتە، باینجان، کوولەکە، بامیا، ترۆزی، ئارو، شووتی وکاڵەک، لەسلێمانیش سێ ئەوەندەی ترم لەم تۆوانەو ماش و لۆبیاو گوڵەبەرۆژەو کونجی کڕی.بەپشتگیری بەرەی کوردستانی کەوتینە تۆو دابەشکردن بەسەر جووتیارەکانی ناوچەی قەڵاسێوکە، سەنگاوو هەندێ لە گوندەکانی قەرەداغ.

لە هەمان کاتدا کرێکارمان گرت بۆ جۆماڵکردنی جۆگاکانی ئەو گوندانەی کە خۆیان توانای ئەو کارەیان نەبوو- بۆ نموونە هەندێ ماڵ هەن تەنیا ژنێک و چەند منداڵێکیان ماون- هەروا دەمانەویست خەڵکی ئەو گوندانە بخەینە کار.جووتیارەکان وتیان: "بەو کارە لە چەندین لاوە سودمان وەرگرت، لە لایێک جۆماڵی جۆگاکانی خۆمان کرد، لەلایێک بە پارەی کرێکاری شتومەکی پێویستمان کڕی، لە لایێکی ترەوە تۆو و کشتوکاڵی ئەمساڵ و

ژیانی سالی داهاتووشمان دابین بوو، بە هیچ جۆرێک کاتی ئەوەمان نییە بیر لە ژیانی تاڵ وناخۆشی ڕابردوومان بکەینەوە".

بۆ ئەوەی خەڵکی بەتەواوی بگەڕێنەوە گوندەکانیان لە هەر گوندێ کانی ئاوخواردنەوەمان پاکدەکردەوە، لە هەندێ گوندیش حەوزی ئاوو ئاودەستمان دروست دەکرد، چونکە ڕژێم هەمووی ویران کردبوو.

کۆمیتەکانیCRKRو AG-ASTA-Berlin یەکێتیی قوتابیانی بەرلین جل و بەرگیان کۆکردبووەوە، کە لەکوردستان بووم ناردیانە دهۆک. ئەم جل و بەرگانەمان بەیارمەتی بەرەی کوردستانی و لیژنەی سەرپەرشتی خێزانی شەهید لەگەڵ نوێنەری کۆمیتەکەمان دابەشکردن بەسەر هەزاران خێزانی شەهیداندا لە دهۆک، سومێل، گوندی گیزی، خێزانی ئەنفالکراوانی گوندەکانی بێنی، سارکێ، شیڤچنارک، مهادی، سپیندار، بورجی، نیرڤا، باشێ کەزۆربەیان ئەوکاتە لەئۆردوگای دیرەلوک دەژیان. بەشەکانی تری ئەم جل و بەرگانەمان لە پارێزگای سلێمانی و کەرکووک، لە "مدینە شۆڕش" لە چەمچەماڵ و شارۆچکەی سموود لەکەلار و ناوچەی گەرمیاندا بەسەر خێزانی شەهیدان و ئەنفالکراواندا دابشکرد. شایانی باسە کە لەکاتی دابەشکردنی ئەم جل وبەرگانەدا پەیامنێری تەلەڤزیۆنی دهۆک و تەلەڤزیۆنی سلێمانی وێنەیان گرت و پیشانیان دا.

لە هەمان کاتدا ڕێکخراوی Shelter زانیاری تەواوی دەربارەی گوندی دەرەویانی سەروو، لە ناوچەی قەرەداغ، پێداین و ئاگاداری گوندنشینەکانمان کردەوە، کە 45 ماڵ بوون، کە دەمانەوێت گوندەکەیان ئاوەدان بکەینەوە، هەر کەسێک بگەڕێتەوەدو بناغەی خانووەکەی میترێک بەرزبکاتەوە ئێمە دوو دەرگاو دوو پەنجەرەی دەدەینێ، کە گەیشتیشە دارەڕا 55 داری بۆ سەرگرتنی دوو ژوورو هەیوانێک دەدەینێ. لە هەمان کاتدا حەوزی ئاوو ئاودەست و گەرماوی ژنان وپیاوان و قوتابخانە شەش پۆلییەکەی، کە ڕژێم تەقاندبوویەوە، دروست کرانەوە. هەروا بڕیارمان دا گوندی قرخ، کە 12 کم لەجادەی سەنگاوەوە دوورە، دروست بکەینەوە. ئەوەبوو جۆگەکەیان، کە 4 کم بوو، جۆماڵکراو دوو کانی ژنان وکانی و حەوزی پیاوان و قوتابخانە شەش پۆلییەکەی، کە بۆ سێ گوند بوو، ئاشی گوندەکەمان دروستکردنەوە. بۆ گوندی چیاسەوز، لە ناوچەی قەلاسیوکە، کە 23 ماڵ بوون، تەنیا داری دارەڕامان بۆ دابین کردن.

لە کۆتاییدا لەگەڵ نوێنەری تەلەڤزیۆنی کوردستان پرۆژەکانمان بەسەر کردنەوە، کە لە ڕۆژی 26-6-1992دا لە بەرنامەیکی چل دەقیقەیی تەلەڤزیۆندا پێشاندران.

دوای گەڕانەوەی من نوێنەرێکی تری کۆمیتەکەمان، دوکتۆر مەمق، ئەم پرۆژانەی لە مانگی ئۆگۆستی 1992دا لە ناوچەی دهۆک جێ بەجێ کردن:

لە سێ ئۆردوگای 10-15هەزار کەسی پرۆژەی ئاوی خواردنەوە بە یارمەتیKURDS بە شێوەی تانکیی گەورەو دابەشکردنی ئاو بە بەلوعە جێبەجێ کرا. کارگەی دەواجنی دهۆک خرایەوەکار، قوتابخانەی ناوەندی خانکی و قوتابخانەی ناوەندی گریپانی- سینا چاککرانەوە، یارمەتیدانی کۆلێجی کشتوکاڵ لەکاتی دامەزراندنیدا.

ئێمە وەک کۆمیتەی CRKR لەو ماوەیەدا 360 هەزار مارکمان لەو پارەیەی کە لەمانگی ئاپریل- مای 1991دا کۆمان کردبۆوە سەرفکردو، لیست وپسوولەمان دا بە کۆمیتەی پزیشکانی بەرلین. دوای ئێمە ملیۆنێک و دووسەد هەزار مارک مابۆوە، ئێمە لەچۆنیەتی سەرفکردنی بەرپرسیار نین.

## پێشنیار

لەکاتیکدا نوێنەرانی هێزە سیاسییەکان و پەرلەمان،لە کوردستان، هاریکاری تەواوی گروپە خێرخوازە کوردی و بیانییەکان دەکەن کەچی هەندێ لە نوێنەرو ئەندامانی ئەم هێزانە، لە دەرەوەی وڵات، هێرشی ناڕەوا دەبەنە سەر ئەو گروپ و خەڵکە خێرخوازانە. بەڕای من بۆیە ئەم کارە دەکەن تا کەمتەرخەمی و بێتوانایی خۆیان لەدەرەوەی کوردستان بشارنەوە.

پروپاگەندەی نابەجێی ئەوان لەلایکەوە خەڵک لە کاری خێرخوازانە سارددەکاتەوە، لەلایکی کەشەوە وێنەیکی شێواو دەخاتە بەرچاوی خەڵکی ئەم وڵاتانە کە سەرچاوەی ئەم کۆمەکەن و ڕەنگە لە ئەنجامدا ئەم کۆمەکە ببڕن.

ئێمە، کوردەکانی دەرەوە، دەبێ بەهەموومان هەوڵبدەین کە کۆمەکی گەلەکەمان لەسنووری ناردنی خۆراک و یارمەتی فریاکەوتنەوە بچێتە قۆناخی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و، بگرە هەوڵی بەگەڕخستنەوەی کارگەو شوێنە بەرهەمهێنەرەکان بدەین.

## پەراوێز

کۆمیتەی CRKR لە ساڵی 1988دا، کاتێ پەلاماری کیمیایی رژێمی عێراق خەڵکێکی زۆری کوردستانی ئاوارەی تورکیا کرد، بۆ هاریکاری ئەوان دامەزرێندرا. لەو سەردەمەدا، بەهۆی چەند کوردێکەوە، لیستەی ناوی ئاوارەکانمان لە ئۆردوگاکانی ماردین، دیاربەکرو مووش بەدەست گەیشت. هەرکەسێک لە ئێمە خێزانێک یان زیاتری دەگرتە ئەستۆو مانگانە 70-50 مارکی بۆ دەناردن، ئەوانیش بە نامە لە گەیشتنی کۆمەکەکە ئاگاداریان دەکردینەوە.

2- ئوتای خێزانم بۆ یارمەتی و هاریکاری، لەسەر حیسابی خۆی بۆ ماوەی مانگێک هاتبووە کوردستان.

**لە ژمارەکانی داهاتوودا ئەم بابەتانە بڵاودەکەینەوە:**

*** ئاسترید لیندگرین: من هەرگیز نابم بە نووسەر**

**نووسین و ئامادەکردنی: ڕێواس ئەحمەد**

**چەند سەرنجێک دەربارەی شیعری نوێی سویدی لە هەشتاکاندا**

**نووسینی: پاول بوروم- وەرگێڕانی لە سویدییەوە: گۆران قەرەداغی**

# «خەونەیاری» یاخود گەمەی ڕەنگ و پانتایی

دانا ڕەئووف



**دەروازەیەک**

شانۆنامەکانی ئۆگست ستریندبا 1912 -1849 بەشێکی گەورەی ڕەوتی چالاکییە شانۆییەکانی سوید بە شێوەیێکی گشتی و ستۆکهۆلم بە شێوەیێکی تایبەتی پێک دەهێنێت. هەموو وەرزە شانۆییەکان چەندین نەمایشی جۆراو جۆر لە تێکستەکانی ستریندباری لەخۆ دەگرێت. بە تایبەتی شانۆگەورەکانی وەک شانۆی پاشایەتی و Stads Teater.

سالی 1994 شانۆی پاشایەتی لە ستۆکهۆلم، بۆ دەرهێنانی تێکستەکانی ستریندباری، پەیڕەوی پرۆژەیەکی نوێی کردووە. پرۆژەکەش بریتییە لە بانگهێشتنی ڕژیسۆرە جیهانییەکان، ئەو ڕژیسۆرە شانۆییانەی، کە بەرهەم و پرۆژەکانیان، لەسەر ئاستی جیهان دەناسرێن و، وەک ڕووداوێکی هونەری گرنگ سەیری بەرهەمەکانیان دەکرێت.

لە سالی 1994دارژیسۆری ناسراوی پۆلۆنی (ئەندریە فایدە) هاتۆتە سویدو شانۆیی Spöksonaten کردە دیاری. لە کۆتایی سالیشدا ڕژیسۆری کەنەدی (ڕوبیرت لپاگیە) شانۆیی

«خەونە یاری»ی لە ستۆکهۆلم نمایش کردووە.

**خەونەیاری** – Ett drömspel

ستریندباری شانۆی «خەونەیاری»ی لە سالی 1902دا چاپکردووەو، لە 17ی ئەپریلی 1907دا بۆ یەکەم جار لە سوید نمایش کراوە.

خەونەیاری یەکێکە لەو تێکستانەی کە هیچ ڕێسایەکی تەقلیدئامێزی درامی بەخۆ ناگرێت. هەر خۆیشی (ستریندباری) سەبارەت بە تێکستەکەی دەڵێت: چەندین تروسکەی تیژڕەون، هیچ زەمەنێک بەخۆ ناگرن. وەک خەون دێن و لەچاو وندەبن. چەمکی زەمەن چەمکێکی تێکشکاوە. شوێنێکی دیاریکراو نییە. جیهانێکی سوریالیزمی پڕ لە فانتازییە.

کەسایەتییەکان دەبنە دووان... دەبنە سیان... دەبنە چەندەهاو زۆر دەبن. دابەش دەبن... لەچاو وندەبن. هیچ ڕوونادات... هەموو شتێکیش ڕوودەدات. سرووشتە گشتییەکە سیمای خەون بەخۆ دەگرێت.

لە سەروو خەونەکەوە هیچ شتێکی نهێنی و شاراوە نییە. هیچ شتێک مانای نییە، هەموو شتێک سەربەستە، سەربەستە تا دوا سنوورەکانی سەربەستی. ئەو کەسەی خەونەکەش دەبینێ حاکم و بڕیاردەر نییە. تەنیا وەک بینەرێک وایە. بەلام بە بینینی خەونی ناخۆش ئازار دەچێژێ: هەست بە بەختیاری ناکات. ڕەمزێکی خێراو پڕ لە بەزەیی گەمارۆی داوە. شێتێتییەکی بێ دەنگە... سرووتێکی پڕ لە دڵەڕاوکێیە. کاتێکیش ژان و ئازار دەگەنە ترۆپک ڕادەچڵەکێت... بەخەبەر دێتەوەو، دەبێتەوە مرۆڤێکی ئاسایی. دەبێتە هاوڕێی واقیع و ڕاستی. پاکژ دەبێتەوە. هەست بە ژان و بارگرانی ژیان و واقیع دەکات. بەلام واقیع چەندە گران بێت... چەندە سەخت بێت چاکترە لە خەون... خەونی ترسناک.

**دیدی دەرهێنان**

خەونە یاری، وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، شانۆگەرییەکی گوزارشت ئامێزەو چەندین تروسکەی چڕ بوونیادی ئەو گەشتە پڕ لە ئەفسوونە پێک دەهێنن. ئەو تروسکە چڕانە دەبنە چەندین دیمەنی ئەفسوناوی ، هیچ یاسایەکی لۆژیک ئاسا ناگرنە خۆ. خەونن... خەونی ڕەنگاوڕەنگ.

(رۆبیرت لپاگیە) بە ئامادەبوونێکی تەواوەوە، بە خەونی پڕ لە ئەفسونی ستریندبارییەوە لە کەنەداوە هاتووە بۆ ستۆکهۆلم. خەونی ستریندباری، لە دیدی بەرجەستەکراوی ڕژیسۆرێکی کەنەدییەوە، خەونێکی جیاوازی دید پڕ لە ئالوگۆڕە. سندوقێکی رووکراوە لە نێوەڕاستی شانۆکەدا، بە شێوازێکی شەش پالوی هەندەسەیی، هەلواسراوە. ڕووناکییەکی زۆر کزو هێدی، مۆسیقایەکی ئەفسونی، نزیک لە ڕەزم و مۆسیقای رۆژهەلاتییەوە.

ئەم تروسکەیە لە سەرەتاوە بینەرانی لە جیهانی نادیاری خەونێکەوە نزیک دەخستەوە. خەون جیهانێکی زۆر فروان و بێ سنوورە، هیچ یاساو سنوورێک، هیچ لۆژیکێک بەخۆ ناگرێت.

بەلام ڕوبیرت لپاگیەی ڕژیسۆر ڕێگەی بەخۆی دابوو کە سنووری ئەو خەونە تەسکە چڕ بکاتەوەو بەندی چوارچێوەو سنوورەکانی ناو سندوقە هەلواسراوەکەی بکات.

بەڕای من گەر ڕژیسۆر تێکڕای نمایشەکەی لەو سنوورە دیاریکراوەدا بەند نەکردایە سەرکەوتووتر دەبوو. دەکرا هەندێ لە دیمەنەکان، بە تایبەتی ئەو دیمەنانەی کە زیاتر سیمایەکی خەون بەخۆ دەگرن و لە خەونەوە نزیکن، بخرانایە نێو ئەو سنوورەوە، یاخود چەندین سندوقی لەو چەشنەی دروست بکردایەو، دیمەنەکانی دابەش بکردایە، ئەوا خەونەکەی ستریندباری کالاو پۆشاکێکی ڕەنگینتری بەخۆ دەگرت.

بەکارهێنانی ئەو سندوقە تەکنیکێکی بەرز بوو، بەتایبەتی کە چەندین شێوازی جیاوازی بەخۆ دەگرت و، بە پێی دیمەنە خەونییەکان دەگۆڕان. بەلام ڕژیسۆر جارێکی تر کەوتبووە دژایەتییەکی ترەوە، لەپال بەکارهێنانی چەندین دیمەنی وێنەیی خەون ئامێز، چەندین دیمەنی ئاسایی و واقیع ئامێز دەبوونە میوانی ئەو تەکنیکە ئەزموونگەرییە جوانە.

پەنابردنە بەر بەکارهێنانی ئاوێنە، گوزارشتێکی جوان بوو لە ڕوو بەڕووبوونەوەی کاراکتەرەکان، دابەش بوونیان، ڕەنگدانەوەی هەست و نەستیان، چڕکردنەوەی چرکە زەمەنییەکانی خەون و، دووپات کردنەوە، یان دیاریکردن و بەرجەستەکردنی جیهانێکی پڕ لە تارمایی. بەتایبەتی لەڕووی ئەو بەکارهێنانە خێرایەی ئاوێنەکانەوە. دەرگایەک لە سندوقەکەدا دەکرایەوەو دەبووە ئاوێنەو...بەوشێوەیە. تەکنیکێکی پراکتیزەکراوی نزیک بوو لە جیهانە ئەفسونییەکەی ستریندبارییەوە. بەکارهێنانی کەشتییەکی بچووک بەو شێوازە، کە لەم سەری شانۆکەوە بە کارەبا بچێت بۆ ئەو سەری شانۆکە، زێتر لە یارییەکی مندالان دەچوو، جگە لەوەی کە سەرنجی زۆربەی بینەرانی ڕانەدەکێشا، یان هەستیان بە بوونی نەدەکرد، بە تایبەتی ئەو

بینەرانەی کە لە دواوە دانیشتبوون.

هەندێ جار وێنە شانۆییەکان هێندەی وێنەی بێ گیان و جوولە بوون، ئەوەندەش هەستێکی گوزارشت ئامێزیان بەخۆ دەگرت.

* ڕووناکی پاڵەوانێکی گەورەی نەمایشەکە بوو: ڕۆڵێکی گەورەی لە دارشتە و جۆراوجۆری پانتایی خەونەکاندا دەگێڕا. هەندێ جار دەبووە خەون و ڕژیسۆر، لە تروسکە ڕەنگاو ڕەنگە ئەفسوونییەکانەوە، دیدی خۆی وەک ڕاڤەیەکی فەلسەفی بۆ ستریندباری دەکردە زەمینەیەکی گونجاو. ڕەنگەکان، یاخود بونیادی دارشتەو هەندەسەی ڕووناکی، بە شێوازێکی زۆر ڕەنگین تەخشێندرابوون و، بەیەکدا دەچوون و بونیادی خەونەکانیان بەرجەستە دەکرد. دەبووە پاڵەوان و لەگەڵ ئەکتەرەکاندا دەکەوتە ململانێیەکی بەردەوامەوە.

ستۆکهۆلم 1994

# ژن لە ڕۆژئاوای ئەفریقا هێشتا هەر سەردارە

پێتێر ماتسۆن

وەرگێڕانی: فایق عەبدولکەریم

هەرگیز باس لەوە ناکرێ کە پیاوان چۆن کاروباری کۆمەڵ بەڕێوە دەبەن. چونکە پیاو سەردای کۆمەڵەو بە هێزەو چەوسانەوە لەم خاکەدا پەیڕەو دەکا.

پرسیارێ کە هەموو بیری لێدەکەینەوە: دەبێ ئافرەت لە سەردەمی دایکسالاریدا چۆن کۆمەڵی بەڕێوە بردبێ، کە ئافرەت سەرداری کۆمەڵ بێ، لە پیاو چاکتر یا خراپتر کاروباری کۆمەڵ بەڕێوە دەبا. تۆ بڵێی ئەویش پیاو بچەوسێنێتەوە؟

جیهان لەوەتی هەیە کێشەیەکە لە نێوان بەهێزو بێ هێزدا، ئافرەتیش کە بە هێزتر بوو لە پیاو، شتێکی ئاساییە پیاو بچەوسێنێتەوە.

لە دوورگەکانی Bijagos کە کەوتوونەتە ولاتی (گینیا بیساو)ەوە ئافرەت سەرداری کۆمەڵە. ئافرەت ڕۆڵی پیاوی ئێمە دەبینێ و پیاویش ڕۆڵی ئافرەتی ئێمە دەبینێ. نووسەری ئەم وتارە:Peter Mattsson زیاتر لەم بارەیەوە دەدوێ.

* * *

لە دوورگەکانی Bijagosدا کە کەوتۆتە ڕۆژئاوای ئەفریقاوە، ئافرەت لە هەموو گەورەتر و چاکتر و بە هێزترە، ئافرەت چ لە ژیانی خۆشەویستیداو چ لە کۆمەڵیشدا خۆی هەموو شتێکە. پیاوان هەموو شتێ دەکەن تەنیا لە پێناوی ئەوەی شو بکەن، بۆ ئەوەی دواتریش منداڵ پەروەردە بکەن و چێشت لێبنێن.

بۆ ئەم مەبەستەی ئێمە سەردانی Bubaqueمان کرد وەکو گەورەترین دوورگەی ئەو ناوچەیە. کاتێ لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکە بە دەوری ئاگردا دانیشتین، باسی مەبەستی سەردانەکەی خۆمان بۆ کردن، ئێمە بەو مەبەستە هاتووین بۆ Bubaque تا بزانین چۆن پیاوان و ژنانی Bi-jagos پێکەوە دەژین.

ئەوان بە سەر سوڕمانەوە تەماشای یەکتریان دەکرد، وەک ئێمە شێت بین کە بۆ تەنیا مەبەستێکی ئاوها هاتبین بۆ ئەوێ. پاش کەمێ بێدەنگی ئافرەتێکی بە تەمەن کەوتە دوان:

ـ ئافرەت لە هەموو گەورەترە. ئەمەی بە دەنگێکی بەرز ووت. هەر ئافرەتە کە ژیان ئەبەخشێ بەهۆی زاوزێوەو بەرزترین خواوەندێکیش کە هەموو شتێکی دروست کرد ئافرەت بوو.

پیاوانی چواردەوری ئاگرەکە هیچیان نەووت. بێدەنگ دانیشتبوون و منالەکانیان لەسەر کۆشیان دانابوو. کە ئافرەتێکی بە تەمەنیش قسەی بکردایە جار جار سەریان بۆ قسەکانی رادەوەشاند.

لە دوورگەکانی Bijagosدا ئافرەت چ لە ژیانی خۆشەویستیداو چ لەناو کۆمەڵیشدا، هەموو شتێکە، هەر ئافرەتن کە پێوەندی بە خواوەندەکانەوە دەکەن و هەر قەشەیەکی ژنیشە کە نەریتی ئایینی ئەنجام دەدات. پیاوەکان منال پەروەردە دەکەن و چێشتیش لێدەنێن.

پیاوەکان ئارایش دەکەن

کە داوامان کرد لەگەڵ چەند پیاوێکدا قسە بکەین، ژنەکان دوو دڵ بوون و دەیانویست بزانن بۆ ئەوان لەو مەسەلەیە وەدەردەنێن، بەڵام دوایی رازی بوون.

ـ ئەوەی لەسەر ئێمەیە، دەبێ جلی جوان لەبەر بکەین و خۆمان برازێنینەوە، ئەگەر نا هیچ کچێک تەماشامان ناکات. ئەمەیان پیاوێکی (نۆزدە) سالان بە ناوی Carlosەوە دەیگوت. کارلۆس پەلکی هۆنیوەتەوەو جوتێ گوارەی گەورەی لە گوێ دایەو ملوانکەیەکیشی لە ملدایە. هەروەها بلوزێکی چنراوی رازاوەی لەبەردایە.

پیاوێک کە تەمەنی لە نێوان ۱۸-۲۸ ساڵدا بێ پێی دەوترێ Kabarro. لە خوار تەمەنی Kabarroوە پیاو شانسی ئەوەی هەیە شو بکا. گەنجەکان هەوڵدەدەن لەگەڵ یەکتردا پێشبرکێ بکەن بۆ ئەوەی سەرنجی ژنان بەلای خۆیان رابکێشن. Kabarro†یەک هەر ئەوەندە سامانی هەیە لەناو جانتای شانەکەیدایە کە بریتییە لە رۆنێکی بۆن خۆش، شتی خۆرازاندنەوەو تەنیا کاردێ. زۆر جاریش شوشەیەکی شەرابی (خورما)ی بەدەستەوەیە، بۆ ئەوەی بەوپەڕی رێزەوە کچێکی پێ دەعوەت بکات.

Kabarro بەخۆی و جانتاکەیەوە گوند بە گوند دەگەڕێ بۆ ئەوەی خۆی نیشانی کچان بداو لە کێڵگەکاندا کار بکات، خۆ ئەگەر هات و کچێک ئەوی ویست، ئەو هەرگیز ناتوانێ بڵێ نا، بەڵکو دەبێ خۆی بدا بە دەستی چارەنووسەوەو هەتا ئەگەر حەزیشی لێ نەبێ، دەبێ شووی پێ بکا.

## تەنیایی بۆ پیاوی گەنج

لەکاتی ئاهەنگەکاندا وەکو ئاهەنگی بەروبووم و دەغڵ و دان پیاوە گەنجەکان بۆ ئەو کچانەی کە دانیشتوون و تەماشایان دەکەن، سەما دەکەن، کچ تەنیا بە پەنجە جوڵانێ دەتوانێ کام پیاوەی بوێ بۆخۆی بیبا. ژنێکی بە شو بۆی هەیە پیاوێکی گەنجتری خۆشبوێ بەبێ ئەوەی مێردەکەی بتوانێ هیچ شتێکی لەو بارەوە پێ بڵێ.

پچێک لەولای ئاگرەکەوە پیاوێکی بە تەمەن دانیشتووەو چاوی بڕیوەتە زەوییەوە.

- هەتا ماوم ئیتر دەبێ هەر بە تەنیایی بژیم.

پیاوەکە ئەمەی ووت. هیچ ئافرەتێ منی ناوێ. من زۆر گەورەم و ئازاری پشتیشم هەیە. جارێ لە جاران شووم کردبوو، بەڵام ژنەکەم کە پیاوێکی گەنجترو قۆزتری بینییەوە، بەجێی هێشتم.

- ئەمە هیچ هەق نیە، ژنان بڕیار لەسەر هەموو شتێ دەدەن.

پیاوە بەساڵاچووەکە دەیگووت.

* ئەم وتارە لە گۆڤاری Viی سویدی ژمارە:٢ ساڵی:١٩٨٥دا بڵاوکراوەتەوە.

## پانۆراما

لە ڕۆژانی 26ی ئادارو 2ی ئەپریلدا کۆمەڵێک ئەکادیمیک و خوێندکاری کورد، کە لە زانکۆکانی سوید خەریکی خوێندن و کاری ئەکادیمین زنجیرەیێک سیمیناریان لە ستۆکهۆڵم ڕێکخست کە تیایدا هەریەکەیان هەندێ لایەنی ئەو باسەی خستە ڕوو کە بۆ ئامادەکردنی دوکتۆرنامەکەی کاری لەسەر دەکات. لێرەدا پوختەی بابەتی ئەو سیمینارانە، کە لە لایەن خۆیانەوە ئامادە کراون، بڵاودەکەینەوە:

### کاری چەکی کیمیاوی لەسەر پرۆتین لە لەش دا

**جەمیل مەحمەد**

شوێنی کار: Institution för Naturvetenskaplig Biokemi, Uppsala Universitet, Uppsala

نزیکەی لە سەدا هەشتای (80٪) خانەیەکی لەش پێکهاتوە لە ئاو و لەسەدا دەشی (10٪) بریتی یە لە پرۆتین. پرۆتین بریتی یە لە زنجیرەی ترشی ئەمینی (amino acids) کە بە هۆی بۆندی پێپتیدەوە (peptid bonds) بە یەکترەوە بەستراونەتەوە هەر بۆیەش پرۆتین بە پۆلی پیپتیدیش دەناسرێت. ئەو پرۆتینانەی کە یارمەتی کارێکی کیمیاوی دەدەن پێیان دەوترێت ئەنزیم. پرۆتینەکانی لەشی مرۆڤ هەر یەکە کاری تایبەتی خۆیان هەیە وەک: جوڵاندنی ماسولکەکان، گواستنەوەی ئۆکسجین بۆ خانەکانی لەش، یان کۆنترۆڵی جینەکان. هەروەها بەرگری لەش بەرامبەر بە نەخۆشیش پرۆتین دەیکات.

سۆمان، کە جۆرێکە لە گازی دەمار (گازی ئەعصاب، Nerv gas)، وەک گازە ژەهراوی یەکانی دیکە بریتییە لە ماددەیەکی ئۆرگانی فسفۆریی. ئەم گازی دەمارە وەک چەکێکی کوشندە لە شەڕ دا بەکاردەهێنرێت. گازی دەمار دەبێتە هۆی تێکدانی کاری گواستنەوەی تەزوو بە دەمارەکان دا (nervpuls) بە شێوەیەک کە وا لە ئەنزیمی (acetylkolinesteras) دەکەن کە لە کاری خۆی بکەوێت. کاری ئەنزیمی ئەسیتیل کۆلین ئیستیراس (کە جۆرێکە لە پرۆتین) شیکردنەوەی ماددەی (acetylkolin)ە کە کاری گواستنەوەی تەزووە بە دەمارەکان دا. پاش گواستنەوەی تەزوو بە دەمارێک دا ماددەی (acetylkolin) لە لایەن ئەنزیمی (acetylkolinesteras)ەوە شی دەکرێتەوە. بەڵام ئەو گازی دەمارانە کاری ئەنزیمی (acetylkolinesteras) تێک دەدەن و ناهێڵن کە (acetylkolin) شی بکاتەوە. بۆیە چڕی

ماددەی (acetylkolin) لە لەش دا زیاد دەبێت. هەر کاتێکیش چڕی ماددەی (acetylkolin) لە لەش دا زیاد بکات دەبێت بە ژەهر. لەم ساڵانەی دوایی دا دەرمان دژی ئەم گازە ژەهراویانە دروست کراوە.

بەشێکی کەمی سیمینارەکەم تەرخان دەکەم بۆ باسی تەکنیکی جیاکردنەوەی دەرمان بەهۆی پرۆتینەوە. دەرهێنانی دەرمان و جیاکردنەوەی ماددەی دیکە کارێکی گرنگە هەم لە رووی پیشەسازی و هەم لە بواری لێکۆڵینەوەش (بحث) دا. جیاکردنەوەی دەرمان بە زۆر رێگا ئەنجام دەدرێت. زۆر لێکۆڵەرەوە و زانایان لە زانکۆ و ئەو کارگانەی کە دەرمان دروست دەکەن هەوڵ دەدەن کە ماوەی پرۆسێسی جیاکردنەوەی دەرمان کورت بکەنەوە و رێگای جیاکردنەوەی دەرمان ئاسان و هەرزان بکەن. جیاکردنەوەی دەرمان بەهۆی پرۆتینەوە هەموو ئەو مەرجانەی تێدایە کە ئەمڕۆ زاناکان بە شوێنی دا دەگەڕێن. بۆیە ئەمڕۆ گەلێک لێکۆڵەرەوە خەریکی کارن لەم بوارەدا.

دوان لەو رێگایانەی کە بۆ جیاکردنەوەی پرۆتین کارم لەسەر کردوون بریتین لە کرۆمۆتۆگرافی و ئەکترۆفۆرێس کە لە کاتی سیمینارەکەم دا رووینیان دەکەمەوە. لە لێکۆڵینەوەکانم دا رێگایەکی تازەم دۆزیەوە بۆ دروست کردنی فلتەرێکی تایبەتی (کە پێی دەوترێت (continuous beds)) کە بە شێوەیەکی هەرزان و ئاسان پرۆتین جیا بکاتەوە. ئەو فلتەری کرۆمۆتۆگرافیەم دروست کرد بە پۆلیمەرکردنی ماددەیەکی هەرزان لە ئاو دا. بوونی خوێ لە تێکەڵی ئەو ماددانەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە پۆلیمەرە دروست بووەکان بچنەوەیەک و کەناڵ لە نێوانیان دا دروست ببێت. ئەم کەناڵانە رێگای تێکەڵەی پرۆتین دەدەن کە بە خێراییەکی زۆر پێیان دا بڕوات بێ ئەوەی کە کار بکەنە سەر پرۆسێسی جیاکردنەوەی پرۆتینەکان. باشی ئەم فلتەرانە لەوەدایە کە بە تێکەڵاوکردنی ماددەی جیاواز (بۆ نموونە ligends) لەگەڵ ماددە سەرەکیەکانی ئەم فلتەرانە دا، دەتوانرێت بۆ گەلێک میتۆدی کرۆمۆتۆگرافی دیکە بەکار بهێنرێن.

## سیاسەتی یەکێتی ئەورووپی (EU) بەرامبەر بە بێگانە و پەنابەر

ئارا میاراوی

**شوێنی کار:** Statens Invandrarverk, Region Öst, Oxelösund

دەوڵەتی سوید لە (1-1- 1995)ەوە بۆتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپی (EU). بەڵام پێش

ئەوە، پەیمانێکی ئابووری لە نێوان دەوڵەتەکانی (EFTA)، کە سوید یەکێکیان بوو، وە دەوڵەتەکانی (EG = بازاڕی ئەورووپی هاوبەش) دا هەبوو. لەم سیمینارەدا هەوڵ دەدەم کە بەشێوەیەکی کورت وەلامی هێندێک لەم پرسیارانە بدەمەوە: یەکێتی ئەورووپی چی یە و بۆ دروست بوو وە بوونە ئەندامی سوید لە یەکێتی ئەورووپی دا چۆن کار دەکاتە سەر ژیانی ئەو بێگانانەی کە لە سوید دەژین و ئەو پەنابەرانەی کە لە داهاتوو دا دەیانەوێت بێن بۆ سوید؟

هۆی دامەزراندنی (EG) زۆرن بەڵام گرنگترینیان ئەو دوو شەرە جیهانی یە بوون کە زیانێکی ئێجگار گەورەیان بە ئەورووپا گەیاند. لە ترسی ئەوەی کە شەڕێکی نوێ دروست بێتەوە، فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتالیا و بەلجیکا و هۆڵەندا و لۆکسومبورگ پەیمانی دەست بەسەرداگرتنی ئاسنیان ئیمزاکرد. لە ساڵی 1957 دا پەیمانی ئابووری هاوبەشی ئەورووپی لە نێوان هەمان ئەو دەوڵەتانەدا بەسترا. هەروەها پەیمانێکی تریش بۆ دەست بەسەردا گرتن و هاوکاریکردن لەسەر هێزی ئەتۆمی بەسترا. ئەم سێ پەیمانانە بازاڕی ئەورووپی هاوبەشیان (EG) پێک هێنا.

ساڵی 1973 بەریتانیا و ئیرلەندا و دانیمارکیش بوونە ئەندام. ئەمە بووە هۆی ئەوەی کە شێوەی بیرکردنەوە و کاری (EG) گۆڕانکاری یەکی ئاشکرای بەسەردا بێت. ساڵی 1981 کە یۆنان و پورتوغال و ئیسپانیاش بوونە ئەندام، گیروگرفتێکی ئابووری زۆر کەوتە سەر شانی وڵاتە ئەندامەکان. لە کۆنفرانسی ساڵی 1991ی (EG) دا کە لە ماستریخت (لە هۆڵەندا) بەسترا بڕیار درا کە هێندێک لایەنی ڕێکخراوەکە (وەک سیاسەتی دەرەوە و کاروباری ئاسایش و سیاسەتی ناوەوە) نوێ بکرێنەوە. هەر لە هەمان کۆنفرانس دا بڕیاریش درا کە ناوی ڕێکخراوەکە بگۆردرێت بە (EU).

هەتا ئێستا (EU) بەرامبەر بەو دە ملیۆن بێگانەیەی کە لە وڵاتە ئەندامەکانی دا دەژین و بەرامبەر بە پەنابەران سیاسەتێکی هاوبەشی نی یە. بەڵام لەم چەند ساڵانەی دوایی دا دوو پەیمانی جیاواز (پەیمانی دەبلن و پەیمانی شەنگن) لە نێوان هێندێک لە دەوڵەتە ئەندامەکانی (EU) دا بەستراوە کە لە لایەن ئەو وڵاتانەی کە بەشداری کۆبوونەوەکان بوون بە هەنگاوێکی گەورە دادەنرێن بۆ بەهاوبەش کردنی سیاسەتی (EU) بەرامبەر پەنابەر و بێگانە و بە هەوڵدانێکیش دا دەنرێت بۆ کردنی ئەو ڕێوشوێنە بە بەشێک لە سیاسەتی

ناوخۆ و کاروباری ئاسایش. لەو دوو کۆبوونەوەیەدا ئەم مەسەلانە باس کراون، بۆ نموونە: چ دەوڵەتێک لێپرسراو بێت لە لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی پەنابەران. چ جۆرە ئازادیەکی هاتووچۆ بدرێت بەو بێگانانەی کە لە دەوڵەتە ئەندامەکان دا دەژین و هێندێک باسی دیکە. ئەو وڵاتانەی کە بەشداری کۆبوونەوەکان بوون گەیشتنە ئەم بڕیارانە: تەنیا یەک وڵات لە پەنابەر بکۆڵێتەوە، پەنابەریش تەنیا بتوانێت لە یەک وڵات داوای پەنابەری بکات، و سیستەمێکی هاوبەش پێک بهێنرێت بۆ ئاسان کردنی گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان وڵاتە ئەندامەکان دا.

هەر جۆرە گۆڕانکاری یەک کە بەسەر سیاسەتی (EU) بەرامبەر بە پەنابەر و بێگانەکانی ئەورووپا بێت بەستراوە بەوەی کە کام وڵاتی ئەندام پاڵپشتی پەیمانەکانی دەبلن و شەنگن دەکەن و کامیشیان دژی دەوەستن. دەوڵەتی سوید پەیمانی دەبلنی ئیمزا کردووە و ماوەتەوە سەر ئەوەی کە پەیمانەکە بکەوێتە کار. بەڵام تا چ رادەیەک سوید دەتوانێت کار بکاتە سەر ئەو بڕیارانەی لە داهاتوو دا دەدرێن، پاشەرۆژ دەری دەخات.

## گرنگی نەوت و چۆنێتی دروست بوونی

**هێمن کۆیی**

**شوێنی کار:** Institutionen för Geovetenskap, Uppsala Universitet, Uppsala

هەموو چرکەیەک بە ملیۆنەها زیندەوەر و رووەکی ئاوی (بۆ نموونە وەک پلانکتۆن و بەکتریا و قەوزەو ...) دەمرن و لە بنی دەریاکان دا لەگەڵ قوڕو لیتە دا دەنیشن. بە پێی کات، ئەم زیندەوەر و رووەکانە بە سەدان مەتر لیتە لە سەریان کۆدەبێتەوە و دادەپۆشرێن. بە کۆبوونەوەی بەردەوامی قوڕو لیتەی تازە، قوڕو لیتە کۆنەکان دەپەسترێنەوە. ئەگەر پەستانەکە زۆر بێت، ئەوا گەردیلەکانی قوڕ و لیتە کۆنەکان یەک دەگرن و چینی بەرد دروست دەکەن. لە کاتی پەستانەوەی قوڕ ولیتەدا، ئەو ماددە ئۆرگانیانەش کە لە نێوان گەردەکان دان دەپەسترێنەوە و ئەگەر پلەی گەرمیی لەبار بێت، دەگۆڕرێن بۆ نەوت. ئەم پرۆسێسە چەند ملیۆنساڵێکی پێ دەچێت. ئەو بەردەی کە نەوتەکەی تێدا دروست دەبێت پێی دەووترێت بەردی سەرچاوە (Source rock). پاش دروست بوونیان، دڵۆپە نەوتەکان لە ژێر زەوی دا یەک دەگرن و سەر ئاوی ژێر زەوی دەکەون و بە ناو کونۆچکەی نێوان گەردیلەی بەردەکان دا بەرەو رووی زەوی دێن. لە هەر جێگایەک دا کونۆچکەکان هێندە

بچووک بن کە نەهێڵن نەوت بە ناویان دا تێپەڕ بێت (واتە بەردەکە پیانەهێڵ بێت) دڵۆپە نەوتەکان قەتیس دەمێنن و بە پێی کات قەبارەیەکی گەورەی نەوت لەو شوێنەدا کۆدەبێتەوە. ئەو بەردەی کە نەوتەکە لە کونۆچکەکانی دا کۆدەبێتەوە پێی دەووترێت (کۆکەرەوە) خەزانە (Reservoir rock). ئەو شوێنەی نەوتەکەشی تێدا قەتیس دەمێنێ پێی دەووترێت تەڵەی نەوت (Hydrocarbon Trap).

ئەگەر بیرێک لەو شوێنە لێ بدرێت کە نەوتەکەی تێدا قەتیس ماوە، ئەو نەوتەی کە لە ژێر پەستانێکی زۆردایە، بە گوڕم بە بیرەکەدا بەرەو رووی زەوی دێت. پاش دەرهێنانی، نەوتەکە بە بۆریدا بۆ پالاوتگە دەبرێت بۆ ئەوەی کە جیا بکرێتەوە بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی (بۆ نموونە: نەوتی سپی، بەنزین، قیر ....). دۆزینەوەی ئەو جێگایانەی کە نەوتی تێدا قەتیس ماوە لە ژێر زەوی دا کارێکی زۆر سەختەو ساڵی بە ملیۆنەها دۆلار لەو مەبەستە دا سەرف دەکرێت. بەڵام لەبەرئەوەی ئەو نەوتەی کە دەدۆزرێتەوە هەم ئەو مەسرەفانە پڕ دەکاتەوە و هەم قازانجێکی زۆریشی لێ دەکرێت، کۆمپانیا نەوتەکان پارەیەکی زۆر تەرخان دەکەن بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی ئاسان کردنی رێگای دۆزینەوەی نەوت.

لە کوردستان دا، هەموو ئەو مەرجانە هەن کە پێویستن بۆ دروست بوون و کۆبوونەوەی نەوت، بۆیە نەوتێکی زۆر لە کوردستان دا هەیە. لە کوردستان دا چینی بەردی پیاهێڵ هەن کە رێی نەوت دەدەن کە لە کونۆچکەکانیان دا کۆببێتەوە و چینە بەردی پیاناهێڵیشمان هەیە کە ناهێڵن نەوتەکە خۆی بدزێتەوە لە جێگایەک دا کۆی دەکەنەوە. لەگەڵ هەموو ئەو هەوڵ و تەقەلایەی کە وڵاتە پێشکەوتووەکان دەیدەن بۆ دۆزینەوەی جێگرێک (بەدیل) بۆ نەوت و کەمتر پشت بەستن پێی، ئەمڕۆ نەوت لە سەدا حەفتا بۆ لەسەدا هەشتای پێویستی وزەی جیهان دابین دەکات. نەوت لە چاو سەرچاوەکانی دیکەی وزەدا هەرزانترە، زۆرترە، ئاسانتر چنگ دەکەوێت، وە مەترسی راستەوخۆی لەسەر مرۆڤ و دەوروبەر کەمترە. سەرەڕای ئەوەش، بۆ ئەوەی کە سەرچاوەیەکی دیکەی وزە بەکاربهێنین دەبێت گۆڕانکارییەکی زۆر لە شێوەی ژیانمان و لەو شتانەدا بکەین کە وزە لە نەوتەوە وەردەگرن. گەلێک کۆمپانیای گەورە کە بەرهەمەکانیان وزەی نەوت بەکاردەهێنن دژی جێگرێکن بۆ نەوت. پاشان، مرۆڤ نەوت تەنیا وەک سەرچاوەی وزە بەکارناهێنێت بەڵکو گەلێک بەرهەمی دیکە لە نەوتەوە وەردەگرین کە لە ژیانی رۆژانەمان دا پێویستمان دەبێت.

ئەمڕۆ پیشەسازی پێترۆکیمیایی یەکێکە لە گەورەترین پیشەسازیەکانی جیهان، بە کورتی، ئەوت کارێکی زۆری کردۆتە سەر مێژووی ئەم سەد ساڵەی دوایی مرۆڤ و لەوەش دەچێت لە داهاتوودا مرۆڤ نەتوانێت وا بە ئاسانی دەست بەرداری بێت.

## لایەنە بۆماوەییەکانی میکانیزمی نەخۆشی شێرپەنجە (سەرەتان)

**شومێد ساڵح رەسوڵ**

**شوێنی کار:** Experimentell Onkologi, Radiumhemmet, Karolinska sjukhuset

بیست ساڵێک لەمەوبەر، ئەو مرۆڤەی تووشی نەخۆشی سەرەتان ببوایە هیوای بە چاک بوونەوە نەدەبوو. بەڵام لەم چەند ساڵانەی دوایی دا لێکۆڵینەوە یارمەتی یەکی زۆری داوین بۆ روونکردنەوە و تێگەیشتنی ئەو میکانیزمانەی کە دەبنە هۆی دروست بوونی نەخۆشی سەرەتان. ئەوەش لەلایەنی خۆیەوە رێگای خۆش کردوە بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەم نەخۆشی یە.

لەشی مرۆڤ لە ملیۆنەها خانە پێک هاتوە کە بە شێوەیەکی رێک و پێک دابەش دەبن و زۆر دەبن. هەموو خانەیەکی لەشی مرۆڤ کۆمەڵێک مادەی بۆماوەیی (وراثی، Genetic ma-terial) تێدایە کە پێیان دەگوترێت مادەی دی ئێن ئەی (DNA) کە ئەوانیش لە هەزارەها بەشی بچووکتر پێک هاتوون کە پێیان دەگوترێت جین (gene). هەر یەکە لەم جینانە زانیاری گرنگیان لەسەر کۆبۆتەوە بۆ دروست کردنی مادەی پرۆتین کە سەرچاوەی ووزەیە بۆ خانەکان بۆ جێ بەجێ کردنی کارەکانیان. کەواتە دیی ئێن ئەی گرنگترین مادەی ناو خانەیە و بە دروست بوونی هەر کەم و کووڕی یەک لەم مادەیەدا ئەگەر ژیان بەتەواوەتی نەشێوێنێت ئەوا ژیانێکی ناسرووشتی دروست دەکات.

هۆی دروست بوونی نەخۆشی سەرەتان ئەوەیە کە خانەیەک لە خانەکانی لەشی مرۆڤ بەشێوەیەکی نارێک و پێک و نائاسایی و بێ کۆنترۆڵ دەکەوێتە دابەش بوون و زۆر بوون بە هەموو لایەک دا. ئەم کارەش کاتێک روودەدات کە کەم و کووڕی یەک بکەوێتە جینێک یان چەند جینێکی خانەیەکەوە. بە گۆڕانی زانیاری سەر ئەو جینانە، خانەکان بە شێوەیەکی ناسرووشتی کار دەکەن. بۆ نمونە ئەگەر کەم و کورتی یەک بکەوێتە ئەو جینانەی کە بەرپرسیارن لە دابەش بوونی خانە (وەک جینی ئۆنکۆجین (oncogene) یان ئەو جینانەی کە گەشەی سەرەتانی ی دەوەستێنن tumor suppressor gene) وەیان ئەو جینانەی کە

بەرپرسیارن لە چاک کردنەوەی ماددەی دی ئێن ئەی، ئەوا نەخۆشی سەرەتان دروست دەبێت. دوای دروست بوونی کەم و کووڕی یەک لە جینێک دا ئەوا کۆمەڵێک فاکتۆر (عوامل) بەیەکەوە دەبنە هۆی دروست بوونی خانەیەکی سەرەتانی.

لە ژیانمان دا، هەر یەکێک لە ئێمە بە شێوەی جیاواز دەکەوینە باروودۆخی واوە کە رەنگە شیاو بێت بۆ دروست بوونی ئەو نەخۆشی یە تیامان دا. بەڵام نەخۆشی یەکە تەنیا لە هێندێکمان دا سەرهەڵ دەدات. بۆ نموونە تەنیا بەشێک لەوانەی کە جگەرە دەکێشن تووشی نەخۆشی سەرەتان دەبن بەهۆی جگەرەوە. لەبەر ئەوە دەتوانرێت بووترێت کە شێوە و باری ژیان تەنیا هۆ نین بۆ دروست بوونی ئەم نەخۆشی یە بەڵکو فاکتۆری بۆماوەیی (وراثی، واتە بە گواستنەوەی نەخۆشی یەکە لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵەکانیان) و رێکەوتیش تارادەیەک دەور دەبینن لە تووش بوون بەو نەخۆشی یە. لە بەشێکی سیمینارەکەم دا باسی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەکەم کە دەربارەی ئەو گۆرانکاری یە بۆماوەییانە کردوومە کە لەو نەخۆشانە دا روو دەدەن کە تووشی سەرەتانی خوێن (leukemia) بوون. لە سیمینارەکەدا باسی هێندێک لە ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەکەم کە لە هاوینی ساڵی 1994 دا دەستمان پێ کرد بۆ دیاری کردنی ئەو گۆرانکاری یانەی کە لە دوو جینی ($p15^{ink4b}$) و جینی ($p16^{ink4}$) ئەو نەخۆشانەدا روودەدەن. ئەو جینانە کەوتونەتە سەر کرۆمۆسۆمی ژمارە (٩) لە خانەکانی مرۆڤ دا. لێکۆڵینەوەکانمان پیشانیان دا کە گۆران لەم دوو جینەدا یان لە جینەکانی نزیک ئەم دوو جینەدا لەوانەیە دەور ببینن لە دروست بوونی سەرەتاندا.

## میکانیزمی بەرگری لە تێکەڵاو بوونی بۆماوەیی نێوان زیندەوەرەکان

**ئەرهامەبەد ولکەریم**

**شوێنی کار:** Instituionen för molekylärbiologi, Uppsala Universitet, Uppsala

رەواڵەتی هەموو زیندەوەرێک (ئۆرگانیزمێک) رەنگدانەوەی هەموو ئەو زانیاری یە بۆماوەییانەیە (وراثی) کە پێیان دەووترێت (DNA) و لە خانەکانی دا هەن. (DNA) پێکهاتەیەکی دوو دەزوولەیی یە کە لە هەزارەها بەشی بچووک تر پێکهاتووە کە پێیان دەووترێت جین. گۆڕان لەم جینانەدا دەبێتە هۆی گۆڕانی رەواڵەتی زیندەوەرەکە. ئەو گۆرانانەی کە لە (DNA) دا روودەدەن لە نەوەکانی ئەو زیندەوەرەدا دەردەکەون کە هەڵگری

(DNA)یەکەیە. هۆی میکانیزمی ئەو گۆڕانانە زۆرن. هێندێک جار خانە بەرگری ئەو گۆڕانانە دەکات کە لە (DNA) دا ڕوودەدەن و میکانیزمی چاککردنەوەی ئەو گۆڕانانە دەخاتەگەڕ بۆ ئەوەی ڕێژەی ئەو گۆڕانانە کەم بکاتەوە.

(DNA)ی دوو زیندەوەری هاوجۆر (بۆ نموونە: دوو مرۆڤ، یان دوو وورچ) خاڵی هاوبەشیان زۆرە، بەڵام جیاوازیشیان لە یەکدی هەیە. لە هەمان کات دا، جینە دووپات کراوەکانی سەر کرۆمۆسۆمەکانی هەمان زیندەوەر لێک جیاوازن بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر. ڕێژەی لەیەکچوونی ئەو جینانەی کە لە دوو زیندەوەری جیاواز دان یان لە هەمان زیندەوەردان، هۆیەکی ڕاستەوخۆن بۆ تێکەڵەوبوونی بۆماوەیی (Genetic Recombination). بۆیە، تا ڕێژەی لەیەکچوون زۆر بێت، تێکەڵاوبوون زیاتر دەبێت و پێچەوانەی ئەوەش ڕاستە. ئەم تێکەڵاوبوونی جینەکان دەبنە هۆی گۆڕانی ڕەواڵەتی نەوەی زیندەوەرەکان. هەر کاتێک دوو دەزوولەی جین، کە لە دوو زیندەوەرەوە هاتبن، ڕێژەی لەیەکچوونیان زۆر بێت ئەوا تێکەڵاو دەبن و لەو جێگایانەدا یەک دەگرن کە وەک یەکن. لەو شوێنانەی کە لە یەکیش ناچن دوو دەزوولەکە یەک ناگرن. ئەم یەک نەگرتنە هاندەری میکانیزمی چاککردنەوەی گۆڕانە. لەبەرئەوە، تا ڕێژەی لەیەک نەچوون زۆر بێت، میکانیزمی چارەسەرکردنی گۆڕان دژایەتی تێکەڵاوبوونی بۆماوەیی دەکات. ئەم کارە کە کاردانەوەیەکی سرووشتی یە لە زیندەرەکاندا، ناوەرۆکی میکانیزمی هێشتنەوەی جۆرە و زیندەوەر لە سڕینەوە و تیاچوون دەپارێزێت.

ئەمڕۆ مرۆڤ دەتوانێت ئەو بەرگرییە بۆماوەیی یە سست بکات وەیان بیشکێنێت (Inactivation) بە تایبەتی لە بەکتریادا بۆ ئەوەی کە ڕێژەی تێکەڵاوبوون لە نێوان جۆرەکان دا زیاد بکات و زیندەوەری تازە وەیان جینی نوێ دروست بکات. ئەم کارە لایەنی پۆزەتیڤ و لایەنی نێگەتیڤیشی هەیە و دەتوانرێت لە زۆر بواری جیاوازدا بەکاربهێنرێت. لە سیمینارەکەم دا هێندێک نموونە دەهێنمەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەنانە.

# یەکەمین ژنێکی کورد لە سوید دوکتۆرا دەکات

ڕۆژی 26-4-1995 خوشکە تانیا حەمەسەعید ئەحمەد دوکتۆرنامەکەی لە بەشی کیمیای ئۆرگانی پێشکەش کرد. ئەمەش یەکەمین ژنێکی کوردە کە لە سویددا دوکتۆرای کردبێت.

تانیا خان پاش تەواوکردنی بەکالۆریۆس لە بەشی کیمیای زانکۆی سلێمانی و ماجستێر لە زانکۆی سەلاحەددین، لە ساڵی (1985)دا لەگەڵ مێردەکەی دا دێن بۆ سوید. پێش ئەوەی دەست بکات بە دوکتۆراکەی، تانیاخان لە بەشی کیمیای ئۆرگانی لە زانکۆی کشتۆکاڵ لە ئوپسالا ماوەیەک لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو ماددانە کردووە کە دەوردەبێن لە دروست بوونی نەخۆشی سەرەتان. بۆ نموونە هێندێک لەو ماددانەی لە ئەنجامی برژاندن و سوورکردنەوەی گۆشت و ماسی دا دروست دەبن. لە ساڵی 1992 دا تانیاخان لە هەمان بەش بە قوتابی دوکتۆرا وەردەگیرێت هەر لەوێش دوکتۆراکەی تەواوکرد.

دکتۆرنامەکەی تانیاخان دەربارەی شیبوونەوەی شەکری پێنج کاربۆنی (کاربۆهیدرات)ە کە لە ئەنجامی شیبوونەوەی نیشاستەوە دروست دەبێت. شیبوونەوەی کاربۆهیدرات کارلێکێکی ئاڵۆزە بەڵام لە پیشەسازی خواردن و کاغەزدا سوودی لێ دەبیندرێت. هێندێک لەو ماددانەی کە لەئەنجامی شیبوونەوەکەدا دروست دەبن، ئەگەر بە شێوەیەکی رێکوپێک جیا نەکرێنەوە، زیانێکی زۆر بە کاغەزە دروستکراوەکە دەگەیەنن و دەبنە هۆی خراپبوونی خواردنیش. هەر ئەم کارلێکەشە کە دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاوی ڕەش لە چاوی ئەوانەی کە نەخۆشی شەکریان هەیە. بۆ ئەوەی بەرهەمی کارلێکی شیبوونەوەی کاربۆهیدرات کۆنترۆڵ بکرێت، دەبێت لە میکانیزمی ئەو کارلێکە بگەین. دوکتۆرنامەکەی تانیاخان یەکەم هەنگاوە بەرەو ئەو مەبەستە.

ئێمە پیرۆزبایی لە تانیا خان دەکەین و، هیوای سەرکەوتنی زیاتری بۆ دەخوازین.

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal-No. 14-1995

Editor in chief
Rafik Sabir

Editorial Board

*Kamal Mirawdali*
*Hashim Kochani*
*Karwan Abdulla*

Technical Editor
*Dylan Dersim*

Sweden 1995

# RaBûN

Cultural Kurdish Journal-No. 14-1995

